# دلانپار

گۆڤارێکی رۆشنبیری گشتی وەرزییە

ژمارە 3و4 خولی شەشەم. ساڵی دەیەم 20.12.1996



رۆژێ کە سکێ پاسدار دێنێتە سە رم
رۆژێ زە ردە مغاویر دێنێتە سە رم
خۆ گە ر سبە ی داگیرکاران و کوردی خۆفرۆش
بە تانك و تۆپ بیهارن گۆتە لی سە رم
ئە و بیرە م من لە سە ری کوردا هە رگیز نامرم

DLANPAR - No 3, 4" 20.12.1996
دلانپار - ژمارە ٣ و ٤ خولی شەشەم ساڵی ٢٠ / ١٢ / ١٩٩٦

# DLANPAR

دلانپار

سەرنووسەر - رەهبەر جەلال

دەستەی نووسەران - ک - حوسێن
سۆزان حەمەزەرد - سیروان سۆرانی
شێرکۆکۆیی - موستەفا ئامۆ - رێباز محێدین
هاوڕێ ئەکرەم



ناونیشان

**Dlanpar - P.O.Box 533**
**00101 Helsinki .Finland**

تەلەفون و فاکس

**Tel: 308045 Fax: 77474200**

بانکیرۆ KNPSC - **Bank No :**
**PSP - 800024 - 12855719**

**Helsinki - Finland**


نامەکانتان لە سەرخواستی خۆتان بڵاودەکرێتەوە. مەرجنییە ئەوەی بڵاودەکرێتەوە دەگەڵ بیروڕای ئێمەدا بگونجێ. دەقی نامە و نووسینەکانتان نانێردرێنەوە. لە روویەکی پەڕەدا بنووسن. دەقی فۆتۆکۆپیکراومان بۆ مەنێرن . ناوو ناونیشانتان بەرێك و پێکی بنووسن . لە بەرهەمی بەپێز بێبەشمان مەکەن.

هیچ بیرو باوەڕێك نییە بێکەموکوڕی بێ. بۆچون، خەملاندن و مەزەندەش هەموو جاران جەرگەی راستی ناپێکن. نە ئێوە هەمووتان پەری و پیاوچاکن، نەمنیش ئەو پێغەمبەرەم هەرچی گوناه هەیە لەکوڵی خۆمی کەم. بۆیە رەخنەگرتن هەڵسەنگاندن، شەن وکەوکردن پێویستن. قەدەغەکردنی مافی ئازادی بیرو را دەربڕین جارێ سەرکوتکردن و جەنگ نانەوەیە، پاراستنی مافی تاکی ئازادو ئازادی باوەڕو بیرو را دەربڕینیش رێخۆشکەری لە یەکتری گەیشتنە، و بەردی بناخەی ئاشتییە !


ژمارە ٣ و ٤ خولی شەشەم ١٩٩٦


# 10

بە کۆتاییهاتنی ئەم ساڵ، دە ساڵ بە سەر دەرچونی یەکەم ژمارەی دلانپاردا تێدەپەڕێ. دە ساڵی خشت. تەمەنێك ! مێژوویەك !

دەساڵی تژی لەدەیان بیرەوەری شیرین و تاڵ، ئاڵوگۆڕی هەمەرەنگ. دەساڵ هەڵوێست لە بەرامبەر کارەسات، تراگیدیا، شکست و خۆخواردنەوە.

دەساڵ لە هەڵمەتێکی دلێرانە بۆ شکاندنی زیندانەکانی ناخ، پێشبینی خاڵەکانی نەهامەتی و پاشگەز-بوونەوە !

دەساڵ سەرەتایەکی چاك و پڕ ئەزموونە بۆ بەخۆدا چونەوە و رەهابونێکی نوێ، و تەقاندنەوەی بورکانێك لە ئاستی هۆشیاری کوردستانیی کوردستانیاندا.

کاتێ ئاور لە دەساڵی ئەو تەمەنە دەدەینەوە بیستوسێ دانە مۆم چەقی رێگەمان رونـاك دەکەنەوە، بە تیشکی رەنگینیان دەوروبەرمان دەنەخشێنن.

دەساڵە بە وشە بە گڕ پاشەکشێ و نوچدان و کوێرەوەکردنی هۆشیاری دا دێنینەوە !

دەساڵە ئەوچەند وشە ئاوارەیەمان کردۆتە هۆڕەی سەر زاروبەردەوام دەیلێینەوە :

ئەو سێبەرانە چەندە خەستن و
چەند بە هێمنی گەڵاکان
سرودیان بۆ دەڵێن ،
دەبا بیرو ئاوەز و هێزی
پۆڵاینی ئێمەش
بە ئاوازێکی ئاوا بڕسکێ .
ئەو خشپە نەهێنیەی
گەڵاکان دەیڵێنەوە
ئەو خاکەی داربەڕووە مەزنەکان
سێبەریان بەسەردا کردووە
بە پایتەختە خوێنخۆرەکانیان
نەگۆڕینەوە ! « دلانپار - ژ ٦ ، خولی دووەم ١٩٨٧ »

لێ مخابن ! دوای دە ساڵ نەك هەر سێبەری خەستی داربەڕوەکانیان فرۆشت ، بەڵکو داربەڕووە مەزنەکانیشیان لەرەگەوە دەرکێشا .... !؟ زریکەیان لەگیانی خاك هەستاند و روباری خوێنیان مەیاند ، چرای رەشی بێئومێدیان داگیرساند !
لە وڵاتێکدا :
تازە ئاسۆ ئاشنای تیشك دەبێت !
تازە ترۆپك داری ئاڵا دەناسێت !
تازە مناڵ ناوی نیشتمان فێردەبێت !
تازە ئاوارەکان پاسپۆرتی غەریبییان دەدرێ !
تازە ئاسکەکێویەکانی بێترس سنورەکان دەبڕن !
دوای دە ساڵ !
ئەگەر نەمردین ! دەبینە رەشەباو چرا رەشەتان دەکوژێنینەوە !
ئەگەر نەمردین ! دەبینە ئاسۆ دەست لەملانێ تیشك دەکەین !
ئەگەر نەمردین ! دەبینە شنە و ئاڵای سەرفرازی دەشنێنینەوە !
ئەگەر نەمردین ! تێکڕای مناڵان فێری ناوی کوردستان دەکەین !
ئەگەر نەمردین ! ئاسکەکێوی ئاسا سنورەکان بەنەعلەت دەکەین !
ئەگەر نەمردین ! دلانپار دەکەینە پێتەختی هەڵوێست !
وەکو وشە دەبین بە زریان و تۆف و بوران ، چرای رەشتان راودەکەین !
لەکوانوی خامۆشی پەرستگاکۆنەکانی زەردەشت چرای روناکی هەڵدەکەین !

# لەم ژمارەیەدا

**کۆمەڵ ، مێژوو ، رامیاری**

دەستەی نووسەران
3 _ ٢٣ مۆم لە تەمەنی دە ساڵەی دلانپاردا.
رەهبەر جەلال
10 _ نیار و نانیار.
ئافراسیاو هەورامی
23 _ سیناریۆی رووداوەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان
مامۆستا جەمال نەبەز
28 _ رۆژانی ئاوارەییم لە سویسرە.

**رەخنە ، بیروڕای ئازاد**


د . موزەفەری پرتەوماه
75 _ ئایا ئێوە رقتان لە ئیسلام چییە ؟
رێباز محێدین
91 _ وای لە دەنگی زورنا ! ئای رەنگی کەشیدە !

**کلتور**

ئیرەج یوسفی
108 _ تابلۆکانی هونەرمەندی هەشتا ساڵە پەیامی فەلسەفە دەدەن.
هەیاسی خاس
116 _ هەیاسە لە ئەورستان چیاسە ؟

پۆستەری رووبەرگی یەکەم : کۆیی
تابلۆی رووبەرگی دووەم : هونەرمەند عەزیز سەلیم

ژمارە ٢٤ خولی شەشەم ١٩٩٦



# 23

## مۆم لە تەمەنی دەساڵەی دڵانـــپار دا

١

« ئیمپریالیزم هەر لەو رۆژەوە نەك تەنیا رۆلی تەواوی تەرخانی دامەزراندنی ئەو دەوڵەتانە کردووە کە کوردستانیان پێوە لکێندراوە، بەو مانایەوە نەك تەنیا رۆلی بووە لە دابەشکردن و لکاندنی بەزۆری کوردستان بەڵکو توانیویەتی کۆنەپەرستی کوردیش بەهێزێکی چەکدارەوە گۆش بکات ، بە باوەڕهێنان بە لکاندن و دابەشکردنی کوردستان و سووربوون لە سەر پیلانی ئیمپریالیزمی »

**دڵانپار ـ ژمارە ١ ، ١٩٨٦**

٢

« ئەو رۆڵە مەردانەی شایستەی ئەوەبوون چمکێکی تر گرێ نەورۆزی کورد خۆشترکەن و مافی رەوایان بوو ئەو ئەرکە ئەنجامبدەن . . . دوای ئەوەی دلێرییان کردە نەریت و ئازادیان کردە هەست لە خوێن و هۆشیاری لەبیری گەلدا . .سەربەخۆیی کورد و کوردستانیان کردە ماکێك هەموومان فێری بین وەك چۆن . . . جوتکاری . . . شەنەو . . .کرێکاری و هەڵپەرکێ و . .خۆشەویستی فێردەبین »

**دڵانپار ـ ژمارە ٢ ، ١٩٨٧**

٣

« نەورۆزێکی . . . تریش واباوەش بەکوردوکوردستاندا دەکات، ساڵێکی نوێ و جارێکی تریش . . . وەك هەزاران ساڵی رابردوو هەزارانی داهاتووش کوردستان فەرشی لالەو نەسرین و نێگز دەرازێنێتەوە . . . وەکو دەسماڵێکی رەنگین لە ژێر دەواری ئاسمانی شیندا هێمن دەشنێتەوە .

لێوەکانی کانی گەرم دەبنەوەو بەخور وەنەوشەیان لێوە هەڵدەقوڵێ . . . پەنجەی تەزیوی چنارەکانیش بەشنەی شەماڵی نەورۆزی چرۆ دەکەن . . .کوردستان لەسەرشەوو رۆژی لە دایکبوونەوەیەکی نوێیە»

دلانپار ـ ژمارە ٣ و ٤ ، ١٩٨٧

٤

« گوڵان مانگی وشە و خوێنە . . . شایەت وا بەرگی ئەم ژمارەیەی گۆڤارەکەشمان لە پیرۆزی ئەم مانگەدا بە بەرگی خوێنینەوە بەرەو کوڕی خەبات هەنگاوی ناوە . . .»

دلانپار ـ ژمارە ٥ ، ١٩٨٧

٥

« چەندمان ئاخ هەڵکێشاو خۆزگەمان خواستووە ئێمەش ، هەرچی هۆی ژیارییە هەمان بێت، لەوانەی بەختەوەریو کامەرانی بە مرۆڤایەتی دەبەخشن . . .تائەوەتا لەسایەی فەرمانرەوا فاشییەکانی بەغدا نەك هەر هۆیەکانی ژیاری و تەکنۆلۆژییای سەرەتایی ئاست نزم ، خەڵکی وەسانان « شێخوەسان » مەزنترین تەکنۆلۆژییای سەردەمیان گە پشتووەتێ . . . . . »

دلانپار ـ ژمارە ٦ ، ١٩٨٧

٦

« نەخشەی ئیمرۆی جیهان لە دایکبووی جەنگە ، بۆیەش دەگەڵ ئارەزوی ئاشتیخوازانەی نەتەوەکانی جیهان ناگونجێ ، جگە لەو هەموو زیانە گیانی و ماڵییە ، بەهایەکی هەرە گرنگی گیانی لە کیس مرۆڤ داوە ، ئەویش نیشتمانە ، سنورێکی دیارکراو کە هاووڵاتیانی بەئاشتی و سەرفرازی تێیدا سەتاربن ـ ئەم سنورانە پتر نەخشەی لەناودان و تێکشکاندنی نیشتمانە راستەقینەکانن ، لەبەرئەوەی مرۆڤیش وەك هەموو گیانلەبەرێك ، باڵندەیەك لانەکەی خۆی خۆشدەوێت هێلانەکەی دەپارێزێ و دەستبەرداری نابێت ، دەبینین ئەو سنورانە پەیوەندی مرۆڤایەتیان شێواندووە ، بوون بە بارێکی گران و هۆیەکی سەرەکی نانەوەی جەنگ و ئاشوب وگیروگرفتی کۆمەڵایەتی و دواکەوتن ، چەوساندـ نەوە ، کە رۆژ بە رۆژ پتر دەئاوسێن »

دلانپار ـ ژمارە ٧ ، ١٩٩١

**٧**

« ... دەنگوباسی دەست لەملانێی سەدام و سەرانی بەرە ،سەرتاپای جیهانی هەژاند،کەرامەتی راپەڕینی ئاوارەکراو شکێندرا !؟ئەو نەتەوەی بەخەباتگێڕوخۆبەختکەروبێتاوانو دادرەوا ، لە هەموو جیهان تەماشا دەکرا .... ئەوسەرۆکەی بەجەلادو خوێنرێـژ و تاوانبار دادەنـرا ... ماچیان کرد ..... لە تـاوانـەکانـی خۆشبـوون ... »

**دلانپار ـ ژمارە ١ ، ١٩٩٢**

**٨**

« دەبێ بەر لە هەموو شتێ ژەنگی سایکۆلـۆژیەتی سواوی بیروبـڕوای سەردەمی فیـودال لـە دەرونی جەماوەر بتەکێنـین و ئەو یارییەی دۆستە هەرە دوژمنەکانمان پێمانی دەکەن بیوەستێنین ، بوێـربـین و لە جەزی بازنەی بەتاڵدا دەربازبین و هەنگاو بەرەو یـەکێتی و جیـهانی ئازاد هەڵنـێین ، لە پێنـاو ئـەوەی دەوڵـەتێکی سەربەخۆ،کۆمەڵگەیەکی ئازادمان بێ ، دەبـێ لە بـنچینـەوە خاوەن رامیارییەکی سەربـەخۆ ، باوەڕی ئازادبین »

**دلانپار ـ ژمارە ٢ ، ١٩٩٢**

**٩**

« .... بیروەتی نییـە کە سێ هەزار ساڵە لەژێردەستەیی وکۆیلەتی دەژین ، دیارە خوێـنێکی یەکجار زۆر بەها لە رێـگەی بەرگری « مان و نەمان » دا رژاوە ، بەڵام بـەڕاستی بیروەتییە لەکۆتایی سەدەیبیست و بەرە و سەدەیبیستویەك ، بـە دەستێوەردان و چونە ژێـر باڵـی رامیاری دەوڵـەتـە یـەککرتـووە داگیرکارەکانی کوردستان ، ئـەو جەنگەش وەك ئەوانەی پێشو بـدۆزرێـنین ! »

**دلانپار ـ ژمارە ٣ ، ١٩٩٢**

**١٠**

« ئایـا نەتەوەیەککرتووەکان ئەم ناوچەیە پڕۆژەکراوەی لە بـەشـە کوردستانی بەزۆرلکێندراوبەعێراقەوە دروستکردوە بـۆ ئەوەی ببێـتە کوشتارخانەوکێڕدی ملپەڕێنەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان؟ بەباوەڕی ئێمـە بەهەڵەتێکەیشتنی نەتەوەیەککرتووەکان نییە لەگرفتی هاووڵاتیانی کوردستان بەڵکو چـاو چوقاندنو لاریکردنە لەو گرفتە »

**دلانپار ـ ژمارە ٤ ، ١٩٩٢**

**١١**

« لە نێو خودی دەسەڵاتی ناوچەیی دژەناوەکییەکان ، بەتایبەتی بیروباوەڕ یەکجار زەق دەبێتەوە ، چونکێ ئەوجـۆرە دەسەڵاتە لـە خـود دا گەمارۆدراوە ، لە پێوەندی کـردن بەدەرەسنوری خۆیدا ئـازادنییـە، بەشێوەیەکی سروشتی و گونجاو رێگەی دانوستاندنی ناوچەیـی و

جیهانی لە هەناسەبڕکێ‌وپشوهەڵمانە،
بەگشتی بەردەوام لەقەیراندایەماوەی
دەربازبوونی نییە ، سەرەڕای هەموو
تەنگوچەڵەمەی ئابوری کە بەردەوام
قەیرانەکە خەستدەکەنەوە ، دژکاری
بیروباوەڕ سیمای تیرۆر دەگرێ ،
گرفتی ئابوریش رواڵەتی دەستبەسەر
داگـرتن و دزی و جـەردەیی
وەبەردێنێ »

**دلانپار ـ ژمارە ١ ، ١٩٩٣**

## ١٢

« دەشێ جیاوازی لە نێوان بەشە
داگیرکراو و بەزۆر لکێندراوەکانی
کوردستان بە ملیۆن بێ ، بەڵام
بێگومان بەرژەوەندی نیشتمانی ،
نەتەوایەتی ، چینایەتی هاووڵاتیانی
کوردستان یەکە ، لەبەر ئەم هۆیەشە
ستراتیژیەتی سەرەکی دیارکراو
پێداویستییەکی مێژوویی هەرە
پێویستە »

**دلانپار ـ ژمارە ٢ ، ١٩٩٣**

## ١٣

« ئێوەی بەڕێز ! بە دە ساڵ
چاوپۆشیتان لەتاوانەکانی سەدام و
رژێمەکەی هەستونەستی ئێمەی
هاووڵاتیانی کوردستانتان زامدارکرد ،
دوایش بەداروچکە تێوەردان لەبرینی
دە ساڵەی ئێمەی دوای راپەڕین
دووبارە ئێشوئازارتان کولاندینەوە!!
راپەڕینی پارێزگاکانی باشوری
کوردستان چەندین تەن بەڵگەنامەو
فلیم و وێنەی ئازار و ئەشکنجەی
جەنگی ژینۆسیدی ئاشکراکرد ،
ئێستە تەواوی ئەو سیناریۆیەتان
بەردەستە ، وەلێ سەیروسەمەرە
لەوەدایە : لە بری ئەوەی ئێوەی
هێژا وخاوەندەسەڵات لە ئاست ئەو
کارەساتەویژدانتان بهەژێ‌وپلانێکی
وا رەچاوبکەن ، ئێدی ببڕا یببڕای لە
هیچ سوچێکی جیهان جارێکی تر
کارەساتی لەم جۆرە رونەداتەوە ،
بەپێچەوانەوە تەواوی سیناریۆکەتان
خستەبەردەستی دەوڵەتی تورکیا ، بۆ
ئەوەی جارێکی تر دەوڵەتی درندەی
تورکیا هەمان فلیم لە پارێزگاکانی
باکوری کوردستان بەرهەمبێنێتەوە!
...گومان لەوەمەکەن ئەو منداڵانەی
لەپاشەرۆژدالەدرێژەی جەنگی رزگاریدا
دەمێننەوە ئەو تراگیدیا پڕ لەناسۆرە
لەیاد ناکەن ! هاووڵاتیانی کوردستان
لێتان خۆش نابن ! »

**دلانپار ـ ژمارە ٣ ، ١٩٩٣**

## ١٤

« ئەنجامی راپەڕین و رووداوەکانی
بەدواوەیدا کەوتنەوە ، چارەنوسیان
بەندە بە چارەنوسی سەرجەمی
بزاڤی نیشتمانی کوردستان ، بە
هێزبوونی راپەڕینە جەماوەرییەکانی
باکوروشۆڕشیچەکداری لەخۆرهەڵاتو
هۆشیاربوونەوەی نیشتمانی لە
خۆرئاوای کوردستاندا تاقیکردنەوەکانی
مێژووی چەند ساڵی رابردوو راستی

سەرەوە بێدەمەتەقێ دەسەلمێنن و بابی یاسایەکی نەگۆڕاویان پێبەخشیوە، بۆیە هەردەم پێویستە خەباتی بەشەکی قوربانی خەباتی گشتی بکرێت، هەروەك یاسای زانستیش ئەوە دەسەپێنێ »
**دلانپار - ژمارە ٤ ، ١٩٩٣**

## ١٥

« لەوەتی کارەساتی هەڵەبجە، هەمووساڵی کە ژمارەیەکی «دلانپار» وەرزی بەهار ئامادەدەکەین، روو بەڕووی دوو ڕیانێکی سەخت دەبین، دووڕیانی نەورۆز و هەڵەبجە! پیت، وشە، دەربڕینەکانی ئەم دووبابەتە بەیەکناچن، وەك دوو تابلۆی بەڵەك رەنگیان لەیەکدی جیایە، وەك شایی و شین، شینی ئەو شینەو شینی ئەم شایە، نەورۆز تابلۆیەکە پڕ لە جموجۆڵ و رەنگوگۆڕانی وخۆشی. هەڵەبجەش تابلۆیەکی ماتی یەکرەنگی پڕ لە سروشی خەمگینە! »
**دلانپار - ژمارە ١ ، ١٩٩٤**

## ١٦

« ١٥٠٠ نەتەوە، گەل و ئەتنیك لە سەر گۆیزەویدا! لە چوارچێوەی سەدوشەست دەوڵەتدا دەژین!! شتێ کە ئەمریکا و وڵاتانی خۆرئاوا رەچاویان نەکردوەو لێکدانەوەیان بۆی نەبووە، سەرەتا سەرهەڵدانی بەهێزی بزوتنەوەی ئەو نەتەوە و گەل و ئەتنیکانەیە، دەوڵەت، مافی خۆبەڕێوەبردن و کلتوریان لێزەوت کراوە، لە ئاستی مافیمرۆڤایەتی کە جاڕی بۆ دەدرێت خۆیان بێبەش دەبیننەوە!؟ خەریکن بزوتنەوەیەکی جیهانی سەربەخۆ پێکدینن، یا ئەوەتا ئێوەش ئاڵاکانتان داگرن، یا ئێمەش دەبێ ئاڵا بەرزکەینەوە!! ئەی ئێوە نین باسی یەکسانی و مافیمرۆڤایەتی مرۆڤ دەکەن؟؟ »
**دلانپار - ژمارە ٢ ، ١٩٩٤**

## ١٧

« ئاگادارابن! فتیلی مۆلۆتۆفی جەنگی کورد کورد هێشتاش دەسوتێ! ئەگەر فریای ئەوە نەکەون و وەك جەماوەرێکی هۆشیار هێزی خۆتان بەکارنەهێنن، بەناچارکردنی پارتەکان لە نانی ئەم هەنگاوە « مەبەست پێکهێنانی هێزێکی نیشتمانییە » ئەوە مەترسی ئەو جەنگە دوورنییە بەفراوانی کوردستان بگرێتەوەو بپرژێتەبەشەکانی تری کوردستانیش»
**دلانپار - ژمارە ٣ ، ١٩٩٤**

## ١٨

« بەکورتی سیاسەتی برۆبدەبەری و نەبوونی سەقامگیری لە سەر هیچ بەرنامەیەك کە ئەمرۆ زمانحاڵی جولانەوەی حیزبایەتی سیاسەتچییەکانە، وای لەهێندێ سەرکردەی ئەو حیزبانە کردووە، کە گەرەکیانە بەرۆژی روناك پەردەی رەش

بەسەرچاوی خەڵکیش دابدەن »

**دلانپار ـ ژمارە ٤ ، ١٩٩٤**

## ١٩

« ... دیتمان چۆن ڕۆڵەی کورد بەدەستی ڕۆڵەی کورد گوللەباران کراو ئازارو ئەشکنجەی درابوو بەشێوەیەك دیمەنی ڕۆژانی بەعسی دێنایەوە پێشچاو. لەترۆپکی بەرەو ڕزگاری بۆدامێنی ژێردەستەیی و دیلیەتی ، لەئابڕوکرینەوە بۆکەرامەت فرۆتن ، لە هەڵگری پەیامی دیمۆکراتییەت و هەڵبژاردنەوە بۆ ئەنتیدیمۆکراتو خۆپەرستی . لە نەتەوەیەك لەسەرو بەری لەدایکبوونەوە بۆچەند تیرەیەکی شەڕەنگێزو ، لە ئازاردراوومافخوراوو قوربانی بۆبوون بەجەلادی یەکتری !! کۆمەڵێك بەوەوەخەریکن شۆڕشگێڕانی کوردستان بەدەستەوەی ئەم یا ئەو داگیرکارەوە دەدەن ،کۆمەڵێکی تر لەولاوە دەستدەنێنە گەروی ئازادی پتر لە حەوت ملیۆن هاووڵاتیانی ژێردەستەی ئێران !!؟ چیتان بۆ ئەم نەوەیە هێشتەوە هەستی شانازی پێببەخشێ و ئاسۆی ڕزگاری تێدا بەدیکات »

**دلانپار ـ ژمارە ١ ، ١٩٩٥**

## ٢٠

« هاووڵاتیانێك کە بە مێژوی خۆیان نەزانن و نامۆبن ، هەرگیز توانای بەرەوپێشەوەچون و گەشەکردنیان ناپشکوێت ، لەوبوارەشدا ئێمەی هاووڵاتیانی کوردستان چ بەتەمبەڵی و درێخی کردنی خۆمان و چ بەدەستێوەردانی داگیرکارانی وڵاتەکەمان نمونەیەکی بێهاوتای بێمێژوی جیهانین ، هەربۆیەشە بیری ئێمە لە ئاست مێژودا کولەو بەخێرایی ڕوولوەکان فەرامۆش دەکاتو لەبەسەرهاتەکانی مێژو شتێکی ئەوتۆ فێرنابێت ،پتر دووبارەبوونەوەی کارەساتە مێژوویەکانی دووپاتەی ئەو ڕاستییەی سەرەوەن »

**دلانپار ـ ژمارە ٢ ، ١٩٩٥**

## ٢١

« ستراتیژیەتی نیشتمانی یانی : دەستنیشانکردنی زەمینەو دانانی بنچینە ، دیارە ئەگەر زەمینەکە لەبارنەبێ و بنچینەکە پتەو نەبێ دیوارەکە بەلادادێ و بەسەرسەری خاوەنەکەی دا دەڕمێ »

**دلانپار ـ ژمارە ٣ و ٤ ، ١٩٩٥**

## ٢٢

« تیرۆری ژنان بۆتە دیاردەیەکی بەرچاوی ئەمڕۆی کوردستان ، ئەگەر وا بڕوات فەرمانڕەوایانی ئەم سەردەمەی کورد لەم بەشەی کوردستاندا دووقات شەرمەزاری و ڕووڕەشییان لە لاپەڕەکانی مێژودا بۆتۆماردەکرێت کەڕەتێکیان لە بەرابەر ژیان و ئەوەی تریان لە بەرابەر ژنان »

**دلانپار ـ ژمارە ١ ، ١٩٩٦**



هەولێرنامەی کتێب



«. . . . پێویستە ئێمە وانەی گرنگ لەو روداوانە وەربگرین و ئامانجمان ئەوە نەبێ ؛ وەك پەرلەمانەکەی باشوور درێژە بەتەمەنێك بدەین کە هیچ کاریگەرییەکی راستەوخۆ و هیچ برپارێکی دابڕی لەسەر کێشەی کوردستان نابێت . ئێمە دەبێ هەوڵدەین بۆئۆرگانێکی کوردستانی و نوێنەرایەتییەکی دانپیانراوو لەپێناوی ئەم ئامانجەدا خەبات بکەین و هەولبدەین خالی سفر بەجێبێلین ! »

**دلانپار ـ ژمارە ٢ ، ١٩٩٦**

ڕەهبەر جەلال

# دیار و نادیار

## Visible and Invisibil

هەوڵنامەی کتێب

### بەرپێشەکی

مرۆڤی دابڕاو و دوورەپەرێز ، خوو بەوەوە دەگرێت ڕووداوەکان گەورە بکات و لە خۆڕا چیرۆکان هەڵبەستێ . چونکێ کاتێکی زۆری بە دەستەوەیە و نازانێ چۆنی بەسەربەرێت .

دابڕانی کوردیش لە مێژووی نەتەوایەتی خۆی و ژیاری و جیهان زیندانێکی تایبەتی بۆ کوردستانیان هەڵناوە ، کە زیندانی دابڕانە لە کات و سەردەم . جا ئەو کوردستانیانە چ لە وڵات بن ، چ لە دەرەوە ، لە کاریگەرە سایکۆلۆژییەکانی ئەو زیندانە مێژووییە بەدوورنین .

نیشتمانی کوردستانییان ئیمرۆ وەك زیندانێکی گەورە وایە ، دابەشی سەر چەند قاوشێك کراوە ، و هەر قاوشەی لەشکرێکی تایبەتی بەڕێوەی دەبات . هەر چەندە ناسنامەی نەتەوایەتی ئەو لەشکرانە و پلانی

ئازاردان ، ئەشکنجەدان و زۆر لێکردنیان جیایە ، بەڵام ئامانج و ئەرکی ستراتیژییان یەکە : ئەویش بە کورتی ئەمەیە : کە نەیەڵن زیندانییەکان رابکەن ، و لە ژێر باری چەوساندنەوە،ئازاروفریودان ناچاریان بکەن دان بەوە دابنێن : عێراقی ، ئێرانی، سووریایی و تورکیاین ، بە شێوەیکی ئاشکراتر نکوڵی لە ناسنامەی کوردستانی خۆیان بکەن و دان بەناسنامەی عەرەب ، فارس و تورك دابنێن !

نەوەکانی ئێمە ، لەو زیندانە لەدایکدەبن و گەورە دەبن ، بە شێوەیەك کوردستان بووە بە یەکێك لە کۆنترین زیندانەکانی ئەم گۆیزەوییە . بگرە پشتاوپشت ئەو هەستە نامۆیەی « زیندانیبوون » لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەمینێتەوە ؛ ئەو هەستە نامۆیە ، ئەو ترس و بیمەی نەوەکانی بەر لە ئێمەی گەمارۆدا بوو ، جێپەنجەی خۆی لەسەر رووپەلی سایکۆلۆژیمان بەجێدێڵێ؛ هەرلەو رۆژانەوە کەهێشتا لەپزدانی دایك داین ؛ سایکۆلۆژیمان رەنگرێژ دەکات ، هەر بۆیەشە زۆربەی هەرە زۆری هاووڵاتیانمان ناتوانن ئازادانە بیربکەنەوە .

زۆربەی ئەوانەی خوویان بەگەورە کردنی رووداوەکان و چیرۆك هەڵبەستنەوەگرتووە هەر بەم شێوەیەش بە خێرایی دەستبەرداری بیر و راو باوەڕیان دەبن و لە بڕیارەکانیان پەژیوان دەبنەوە . ئەم دیاردەیەش زەق بە ئاکار و رەوشتی سەرانی کوردەوە دیارە و ؛ لەوانەوە دووبارە دەیداتەوە ئاپورەی خەڵکان . بۆیە تاکی ئازاد ( ئەوانەی لەو کێشە دەگەن وزانستیانە بیری لێدەکەنەوە وخۆی لێڕزگاردەکەن ) لەکۆمەڵگەی کوردستاندا چ لە دەرەو چ لە ناوەوە هەڵکەون ، هەردەم سەرلەدوونراوو دەربەدەر و لانەوازەن یا قوربانی نوکەخەنجەر یا گوللەی داگیرکارانن . بۆ چونە نێو ئەو باسەی کە لەژێر سەرنێوی { دیار و نادیار } دایە و ، راستەوخۆ پێوەندی بە مێتیقیەوە هەیە ، ئەم بەرپێشەکییەم بە پێویست زانی .

## پێشەکی

لەوەتەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەیە دیاردەی دابڕان و پێوەندی تێیدا سەریهەڵداوە . مرۆڤی دابڕاو هەردەم هەوڵیداوە بە هەر هۆیەك بێ دەنگورەنگی خۆی بگەیەنێتە ئەو کۆمەڵە مرۆڤەی کە لێیان دابڕاوە بەتایبەتی ئەو تاکانەی چاویان لەوە بووە کاریگەرییەك لە رووداوەکانی کۆمەڵگەدا بکەن و گۆڕانکارییەك بێننەکایەوە .

لەو سەردەمە سەرەتاییو دوورەدا مرۆڤ هەر خۆی هۆی سەرەکی دروستکردنی ئەم پێوەندییە بووە ، واتە ئەو کەسانە خۆیان یا نێراوەکانیان هەموو ڕێیەکیان گرتۆتەبەر بۆئەوەی پەیامی خۆیان بگەیەننەوە ئەوکۆمەڵگەیە یا ئەوناوچە جوگرافیاییەی کە لێی دابڕاون .جگە لە مرۆڤ ، ئاژەڵ و باڵندەش ڕۆڵی گەیاندن و دروستکردنی پەیوەندیان پێسپێردراوە .

لەکۆمەڵگەی کوردەواریشدا هەر لە کۆنەوە تاکی دابڕاو هەوڵیداوە پێوەندی خۆی بە کوردستانەوە بپارێزێت ، زۆرجار سەگ ، تولە، تاژی و ئەسپ و کۆتر لەچیرۆکی فۆلکلۆری کوردیدا ، ئەو ڕۆڵە دەلیزن ، کاتی بەهەشتاو یا نوسکە نوسك یا گمەگم دەگەڕێنەوە بەردەرگەی ماڵ یاخود لانەی دابڕاو هەواڵی خەمگینی چارە نووسی قارەمانی لێقەوماو یا نامەی شادی وهەواڵی خۆشی دەگەیەنن .

دواتر کە نووسین بەشێوە سەرەتایی یەکەی داهێنرا ، ئەویش بوە هۆیەکی فرهوانکردن وخێراکردنی پێوەندیکردنی دابڕاوان بەڵکو ڕێکخستنیشی ، دیسا لەتەك مرۆڤ ، ئاژەڵ و باڵندە کەناڵی گەیاندنی دەنگ و ڕەنگی دابڕاوان بوون . لەوە شەوە نێراو و تەتەرو پۆستەچی هاتونەتە کایەوە . لەم سەردەمەدا هۆیەکانی پێوەندیکردن پێشکەوتنێکی سەرسوڕمێنەریان تێکەوتووەو سیستەمێکی جیهانیان پێکهێنانەوەکە پێیدەگوترێ« کۆمۆنیـکێشـن » .

بەشێوەیەکی گشتی دابڕاو لەکۆمەڵ چ تاك و چ کۆ ، سەرکردەیەکی دینی یا ڕێکخراوێکی رامیاری یا سەر-بازی یەك لەو هۆیانەی پێوەندی کردنیان بەکارهێناوە . نووسین و پێشکەوتنی هۆیەکانی پێوەندیکردن وەك تەلەگراف و تەلەفۆن و دواتر رادیۆ و تەلەفزیۆن وئیمرۆش فاکس و کۆمپیتەر و ئێستگەگەورەکانی سەتە لایت ئەم پێوەندییەیان هێندەی دی ئاسان و فرەوان و ئاڵۆز کردووە .

گەر سەرنجی مێژووی نێزیکی کوردستان بدەین ؛ نمونەی زۆربەرچاو ئاشکرامان هەن ، ئەوە دەسەلمێنن کەکوردستانیانی دابڕاویش پێبەپێی ئەم پێشکەوتنە کەمو زۆر سودیان لە هۆیەکانی پێوەندی کردن بینیوە و بەبەراوردکردنی باری کوردستانیانی دابڕاو وگەلانی دی تا رادەیەك بە کارامەییش بەکاریان هێناون .

پێش هاتنەکایەوەی رۆژنامەی کوردستان ـ لە قاهیرە ـ ئەو شاعیرو روناکبیرانەی مەبەستیان گەیاندنی دەنگورەنگی خۆیان و هێنانەکایەوەی ئاڵوگۆڕی بوو لە کۆمەڵی کوردەواریدا ، لە شام و ئەستمبولەوە چامەئاگرینە کانی خۆیان ناردۆتەوە کوردستان .

میقیدات مەدحەت بەدرخانیش کە دابڕاوێکی کورد بوو، بۆ ئەم مەبەستە هۆیەکی پتر کاریگەری خستەگەڕ، ئەویش داهێنانی ڕۆژنامەو ڕۆژنامەگەری بوو، وەك هۆیەك بۆ گەیاندنی دەنگی لە کوردستان دوور-خراوە و دابڕاو، دوا بەدوای ئەویش زۆربەی ئەوانەی لەکوردستان دابڕاون و دوورکەوتوونەتەوە هەوڵیانداوە سود لە هۆیەکانی پێوەندی کردن لە پێناو کاریگەری هێنانەکایەوەی ئاڵوگۆڕ و هاندانی جەماوەر بۆ خەبات و تێکۆشان دژی داگیرکارانی کوردستان وەربگرن. چەندین بڵاوکراوەو بەر-نامەی رادیۆ لە هەندەرانەوە بانگەواز و دەنگی خۆیان ئاراستەی جەماوەری کوردستان کردووە، کە زۆربەیان لە وڵاتانی دووری کوردستانەوەهەڵکوتوون بەپێویستی نازانم لێرەدا بۆ ئێوەی بەڕێز بیان ژمێرم چونکێ ئێوەش هەر یەکەتان هێندەی منو ڕەنگەپتریش ئاگداریتان لەو باروبوارە هەبێ و گەلێ لەوانەی بەشداری هێناناکایەوە و بەرێوەبردنی ئەو بڵاوکراوەو بەرنامە رادیۆیانەیان کردووەودەکەن، هێشتا ماون و زیندون هیوادارین تەمەنیان هەر درێژبێ.

ئێمرۆش دەبینین چەند ئێستگەیەك لەدەرەوەی کوردستان و بە کوردی و دەیان بڵاوکراوەش بە نووسین دەنگورەنگی خۆیان ئاراستەی کوردستانیان و کورد زمانی جیهان دەکەن.

هۆی بیرکردنەوەی کورد «تاکی دابڕاو یا رێکخراو» لە کوردستان و کوردەواری سەرەڕای ئەوەی وەك گەلانی تری جیهان خەمخۆری و ئاگاداربوونە لەپێشکەو-تنی تیژڕۆی سەردەم و پەروەردە کردنی نەوەیەکی نوێی گۆشکراو بە زانست و بیری نوێیە، ئەوەشی دێتەسەر کە داگیرکارانی کوردستان رێگەیان نەداوە لەکوردستان ڕۆژنامە، بەرنامەی رادیۆ، ودواترتەلەفزیۆنی ئازاد هەبن، بگرە هەتا زمانە کەشیان لێ قەدەغە کردووین.

ئێستەشی لەگەڵدابێ پۆستەو هۆیە کانی تری گەیاندن و پێوەندیکردن لەژێرچاوەدێری و بەڵکو بەرزەبری سەرلەدوونان و قەدەغەکردنن. لەگەڵ ئەوەشدا رێکخراوەکانی کوردستان بەردەوام توانیویانە کەناڵی تایبەتی بڵاوکردنەوەو گەیاندنی دەنگی خۆیان، ئەگەر بەشێوەیەکی لاوازیش بێ دەستەبەرکەن، هەروەك دەبینین ئێمرۆ لەباشووری کوردستاندا چەندین ئێستگەی رادیۆ و تەلەفزیۆن لەتەك دەیان بڵاوکراوەی تردا کاردەکەن، بەڵام ئاشکرایە کە هەر هەموویان مۆرکی ناوچەگەری و پارتایەتی باڵی بەسەریاندا کێشاوەو بونەتە بارێکی گران بەسەرسەری

خەڵکەوە، مەگەر ئەو دەنگانە نەبن کە بەنەهێنی داگیرکاران و دەسەڵاتە ناوچەییەکانی کوردستان و دوور لە سانسۆری پارتایەتی بڵاودەبنەوە ، ئەوەش لێرەدا مەبەست و کێشەی ئەم نووسینە نییە .

کەواتە پێبەپێی پێشکەوتنی شارستانی و تەکنۆلۆژیای پێوەندی کردن، شێوەی پێوەندیکردن گۆڕاوە ، بەڵام ناوەڕۆك و بنچینەی ئەم هەوڵدانە «واتە پێوەندیکردن» هەر یەك شتە ، ئەویش گەیاندنی دەنگی دابڕاوە . جا ئەو هەرایەی پ ک ک نایەوە لە سود وەرگرتن لەسەتەلایت و بڵاوکردنەوەی بەرنامەی تەلەفزیۆنی لە ئەورووپاوە بۆ کوردستان ، وای ناساند کە بلیمەتی ژیریەکی لەرادە بەدەرە ، شتێکی ناڕاستودروستە و لە پڕوپاگەندەی پارتایەتی بەولاوە چیدی تێدا رەچاونەکراوە ، کە دەشزانین پارتەکانی کوردستان و دەهۆڵ کوتان بۆخۆیان دووڕوی لێك دانەبڕاو و تەواوکاری یەکترن .

بەکورتی مێدتیقی داهێنان نییە لە ناوەڕۆکدا بەڵکو تەنیا گۆڕینی شێوەی پێوەندیکردنەکەیەو بەس . ئەویش بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی لە سەرتاسەری جیهان. بەڵام ئەم شێوە تەکنیکە واتە : تەلەفزیۆن لە گشت شێوەکانی تری پێوەندیکردن و پەروەردە کردن کە بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی لە ئارادابوون ، پڕمەترسی ترە . بەتایبەتی بۆ نەتەوەیەکی ژێر دەستەوچەوساوە، وڵاتێکی داگیرکراوو ژێرچەپۆکی وەك کوردستان . ئەو مەترسییەش بەڕاستی تەشەنەدەکات ، کاتێك ئەم جۆرە هۆیەی پێوەندی کردن ژێررکێفی بیروباوەڕی سنورداری تەنیا پارتێك دەبێت | راستە چەند بەرنامەیەك بڵاوکراوەتەوە کە تێیدا کەسانێك لەپارتەکانی تری کوردستان بەشداربوون ، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیێنێ کە مێدتیقی کەناڵێکی نەتەوەییە } هەروەك لە لاپەڕەکانی دواییدا دێمە سەر روونکردنەوەی ئەم لایەنە .

## مێدتیقی و جەنگی پارتیزانی

بنچینەی جەنگی پارتیزانی وبنەما هەرە سەرەکییەکەی لەسەر بیرۆکەی لەشکری دیار و نادیار دامەزراوە. واتە ئەو لەشکرەی « کە لێرەدا بریتییە لە چەند مەفرەزەیەك » کە بە چاو نادیترێت و دوژمن ناتوانێ بیبینێ ، وەك تارمایی وایە ، لەناکاو پەیدا دەبێ و لەپڕتاو پەلاماری دوژمن دەدا و هەروا بەخێرایش بزر دەبێ . لە هەموو شوێنێکدا هەن ، لە هیچ شوێنێکیش نین ، کێندەر دوژمن بیری لێ ناکاتەوە لەوێ دەستدەوەشێنن

، بەڵام دەستگیرناکرێن . ئەو لەشکرە بچوکە نادیارە کە روبەڕوی لەشکرێکی دیارو هەزاربە هەزاری دوژمن دەبێتەوە کە یەکجار زۆر لەو پرچەکترە، قەیسەری لێدەکاتە کونە مشك و دەیتۆقێنێ وئامێری جەنگی تێکدەشکێنێ ... دەستپێشکاری و پەلاماردان کۆنترۆڵ دەکات بە سودی خۆی و ئەوەش دەبێتە هۆی رسوا بوونی لەشکری دیار، پێبەپێی ئەم پرۆسەیە ئەفسانەی گەل و هێزی لەبننەهاتووی گەل لە نێو گەلە ژێر دەستەکە دا بەرجەستە دەکات، و توانای بەرگری لە دەمارەکانی تاو دەدات ، تا دەگاتە ئەو رۆژەی جەماوەر و تارمایی لەشکری نادیار « کە رۆژبەرۆژ دەبێتە تارمایەکی روونتر ؛ واتە دیارتر - یەکدەست رادەپەڕن و لەشکری دیاری داگیرکار راوەدوودەنێن و دەیبەزێنن . وڵات ئازادەکەن ، دەسەڵاتی خۆیان دەچەسپێنن . ئەم بیرۆکەی لەشکری نادیاربنچینەی ئەفسانەی سەرکەوتنی نەتەوەیە .

راستە ئیمرۆ بەهۆی زۆر پێشکەوتنی ئاسمانگەرییەوە، دەتوانـ ـرێت جموجۆڵەکانی لەشکر جفت بکرێن . چاودێری بەشە گەورەکانی لەشکر بکرێت . لە لایەکی ترەوە زانستی سەربازی ئەوەی سەلماندووە کە ئەم جۆرە کارە زیاتر لەگەڵ جولانەوەی لەشکرێکی زۆر و جبەخانەی گەورەدا کاریگەرە، هەتا لەوەشدا دەکرێت فروفێڵی شاردنەوە و فریودانی ئامێرەکانی تەکنۆلۆژی بەکاربێت . هەر زۆر دوور نەرۆین ئەوەتا هەموو دنیا چوار پێنج ساڵە هەولی دۆزینەوەی جبەخانە کانی لەشکری عێراقی دەدا ، کەچی هێشتاش شتی شاراوەی زۆرە کە بۆیان نادۆزرێتەوە .

ئەمە هەمووی بە لایەکدا و بە لایەکی ترەوە، دوابەدوای سەر- کەوتنەکانی چین ، کویا و ڤیتنام ، زانستی سەربازی لە بواری دژە جەنگیپارتیزانی یەکجار پێشکەوتووە. بەشێکی ئەم زانستە بریتییە لە تەریب بوون (توازی) و سەرلەدوونان . ئەم زانستە بریتییە لەشون هەڵگرتنی پێشمەرگەکان، کە سیخورە تایبەتییە کان و سەگی تایبەتی و میکرۆفلیم (ئەو فلیمانەی لە ئاسمانەوە دەگیرێن) بەشداری تێدادەکەن . بەجۆرێك گەر پارتیزانەکان بەردەوام جێگۆرکێ نەکەن، دەکەونە بەرهێرشی دوژمن و لە ئاکامدا دوژمن دەستیان لێ دەوەشێنێ و قڕیان دەکا . ئەوەش لە رێگەی تەریب بوونەوە ؛ واتە لەشکری دوژمن پێبەپێ و هێلێکی تەریب دەگرێتەبەر لەوەی پارتیزانە کان پێیدا دەڕۆن ، لەو ماوەیەدا چەند جارێك وێکەوتن - تماس - ی

تەکتیکی بەسەرهێزەکەدا دەسەپێنێ و سەر لەسەرهێزەکە هەڵناگرێت تا برسی و کەنفتی دەکات ، ئەوجا لە شوێنێکدا گەمارۆی دەدات و قەلاچۆی دەکات .

بۆ شون هەڵگرتنی پارتیزانەکان دەوڵەت پارەی زۆر بۆ دەستخستنی زانیاری یا وێنەی فۆتۆگرافی بنکەو شوێنی حەوانەوە،یاخود سەرکردەو ئازاکانیان وجۆری ژیانی پارتیزانانەو پشودان و راپەڕاندنی کاروباریان تەرخان دەکات .

هەر بۆ نمونە چەند پێیەك لەو میکرۆفلیمانەی لە فرۆکەوە دەگیرێن و روبەرێکی چەند کیلۆمەتری تێدا دەبینرێت . لەرێگەی لێکۆڵینەوەو پشکنینی ئەم چەند پێ فلیمە ، پسپۆرەکانی لەشکر دەتوانن ئەو رێیە بدۆزنەوە کە پارتیزانەکان دەیگرنەبەر و دەستنیشانی ئەو شوێنانەش بکەن کەپشویان تێدا داوە ، تەنیا گەر بۆ ماوەیەکی کە میش تێیدا وەستابن .بەمشێوەیە دەتوانن لەشکر لەوجێگایانە ئاگادار بکەنەوە کە پارتیزانەکانی تێدا دەدۆزرێتەوە ، لە پلانی تەریب بوون و سەرلەدوونانیان بەردەوامبن. جێگەی داخە کە مێدتیقی بەسەدان و بگرە هەزارن مەتر لەو جۆرە فلیمانەی پێشانداوە کە زانیاری جیاواز دەخەنە بەردەست پسپۆرەکانی جەنگی تایبەتی تورکیای داگیرکار . لەو فلیمانە بەچاکی جۆری ژیان و کاروباری رۆژانەی پارتیزانەکانیش پێشاندراون . ئەمە لەکاتێکدا تورکیا لەسەر بڵاو کردنەوەی یەك دوو وێنەی فۆتۆگرافی سەربازەکانی هەرەشە لە دنیا دەکات و چەندین رۆژنامە و گۆڤاری تاوانبارکردووەو داوا دەکات دادگایی بکرێن .

لە لایەکی ترگەر سەرنجبدەین دەبینین لەو جەنگە گەورەی هاو-پەیمانەکان بۆ رزگارکردنی کوێت لە دەستدرێژییە فاشیانەکەی عێراق ، خاڵی سەرنجراکێشەری ئەو جەنگە شاردنەوەی روداوەکانی جەنگی سەرزەوی بوو ( پیادە ) بە درێژایی رۆژانی هێرش و پەلاماردان تەنیا ئەو دیمەنانەیان پێشاندەدا کەلە دووربینی فرۆکەکانەوە پێکانی بنکەکانی عێراقی دەدیتران .تا ئەو رۆژەی لەشکری عێراقی شکا . ئەوجا بۆیەکەمین جار ئەو وێنانەیان پێشاندا کە سەربازە عێراقییەکان پڕیان دەدایە پۆستاڵی سەربازانی لەشکری هاوپەیمانان و دەیان لیستەوە . ئەمە لە کاتێکدا ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی سەرکەوتنی خۆیان زۆر لامسوگەر بوو ، بەلام هەر لە رێگەی شاردنەوەی جموجۆڵی لەشکرەکەشیان بوو ئەفسانەی نەبەزینیان لە جیهاندا دەهۆنییەوە ! لە کاتێکدا مێدتیقی زۆر بێئاگایانە

کەوتە شکاندنی ئەو ئەفسانەیەو ، لەشکری نادیاری گەلی کردۆتە لەشکرێکی دیارو بەرچاو ، چونکێ کارێکی وا دەکات دژی بنەماوئامانجی سەرەکی جەنگی پارتیزانییە، ئەوەش بەرۆڵی خۆی کاردەکاتە سەرچۆنییەتی پێکهاتنی ئەفسانەی گەل و تێکی دەشکێنێ ،جگەلەوەی مەتریالێکی زۆروزەبەند دەداتەدەست دوژمن کە یارمەتیدەدەن بۆ دەستپێشکەری لە لێدان و پەلاماردانی پارتیزانەکان .

لە راستیدا بۆ بەزیندوویێتی راگرتنی گیانی بەرگری و بەرجەستە کردنی ئەفسانەی گەل و لەشکرە نادیارو دەستوەشێن و نەبەزیوەکەی ، رادیۆ و بلاوکراوە زۆر لە فلیم و تەلەفزیۆن لە بارتر و گونجاوترن . چونکێ رادیۆ (بیستن) و بلاوکراوە (خوێندنەوە) بوارێکی گەلێ فرەوانتر بۆ ئەندێشەی (خەیاڵی) مرۆڤ دەهێڵنەوە لەوەی دیتن دەیرەخسێنێ فلیمی (سینەمایی) لەکاتێکدا ئەم بوارە دەدات بەمرۆڤ گەر دەرهێنەر - رێژسیۆر - مخرج - ەکەی زۆر زیرەکانە مامەڵەی بابەتەکەی کردبێ یا خود بنەمای فلیمەکە خۆی خەیاڵی بێ . کە مخابن کارەکانی مێدتیڤی لەلایەنی هونەرییەوە یەکجار لاوازن و لاوازیان باسناکرێت . هەربۆ نمونە : بۆدەرخستنی جیاوازی نێوان بیستن و خوێندنەوەو ، بە کورتی دەڵێم : کاتێ باسی دەستەیەك پارتیزان یا سەرکردەیەك یا هەتا ئازایەتی تاکە کەسێك دەخوێنینەوە یا دەبیستین، مرۆڤ بە خەیاڵی خۆی شێوەی قارەمانێکی ئەفسووناوی لەمێشکدا دروستدەبێ ، پەیکەرێکی بالابەرزی چوارشانەی بەدەستوبرد و دەستوەشێن. چەندەش ئەو کەسە لە خەڵك نادیارو شاراوەبێ هێندەی تر پەیکەرەکەی بەرزتر بالا تر و ئەفسووناوی تر دەبێ . هەر ئەوەشە بنچینە و سەرەتای ئەفسانەی نەبەزین لە مێشکی جەماوەردا بەرجەستە دەکات . هەتا گەر وێنەی پێشمەرگەیەکی ئازا و نەبەرد دەنگبداتەوەو بلاویش بێتەوە ، خەڵك بەنهێنی هەڵیدەگرن و دەیپارێزن و شانازی پێوەدەکەن، بەتایبەتی وێنەی شەهیدان هێندەی تر ئەفسانە کە بەرجەستەدەکات . بەلام هەر کە وێنەکان بوونە دیمەنی تەلەفزیۆنی ئێدی ئەووێنە خەیاڵییە ئەفسووناوییە لە مێشکی خەڵك دەسڕێتەوە و وێنەیەکی ریالیستی راستەوخۆی لەجێ دادەنێ ؛ کە جیاوازی ئەم وێنە ریالیستەی فلیم پێشکەشی دەکات و ئەو وێنە خەیاڵییەی نووسین و بیستن بەرجەستەی دەکەن ئاسمان و رێسمانە . ئەمەش دەبێتە هۆی بەرجەستەکردنی وێنەیەکی ئاوەژو کراوەی ئەفسانەی گەل ، بەتایبەتی

گەر لایەنی لاوازی هونەری بەکار-
هێنانی کامێرا لەبەرچاوبگرین . هیچ
لە جەرگەی راستیش دوورناکەومەوە
گەر بڵێم مێدتیقی وێنەیەکی ئاوەژوو
کراوەی ئەفسانەکە پیشانی بینەران
دەدات، چونکێ زۆربەی ئەو فلیمانەی
دەربارەی پارتیزانەکانی پـ ک ک
بلاویان دەکاتەوە ، لەلایەن خەڵکی
ئاساییەوە هەڵگیراونەوە، کە چەندە
من سەردەدەری لە نوسین و
خوێندەنەوەی زمانی چینی دەکەم
ئەوانیش هەر هێندە لەبەکارهێنانی
کامێرا.

کارێکی باش بوو گـەر بم
توانییا لەو باسە کورتەدا خۆم لە
قەرەی ئاواز و مۆسیقا و کلتوری
کوردو چۆنییەتی پێشکەشکردنیان
بدەم . بەلام جارێ ئێرە جێگەی
ئەوە نییە ، مەبەستی باسەکەم پتر
ناوەرۆکی مێدتیقیە نەك شێوەی .
بۆیە بەکورتی لە چۆنییەتی جۆری
ئەو بیرکردنەوەیە دەدوێم کەمێدتیقی
بلاوی دەکاتەوە.

## ناوەرۆکی رۆشنبیری مێدتیقی

لە بەرنامەیەکی رۆشنبیریدا ،
کە لە ٩٦/٦/١٢ یا دەوروبەری ئەو
مێژووە بلاوکرایەوە ( بەداخەوە تەواوی
ئەوکوتە کاغەزەم بۆ نەدۆزرایەوە کە تێبینییەکەم تێدا
تۆمارکردبوو )کۆمەڵێك خەڵك ریزکرابوون
گوایە ئەوانە رۆشنبیری کوردن
(هەڵبەتە مەبەستم ئەوەنییە لەرێزی
ئەوانە کەمکەمەوە، کە لە مەیدانی
خۆیاندا پسپۆرو خاوەن توانان ) لە
بەرابەر ئەوانەدا کەسێك دانیشتبوو
بەداخەوە وەك وتم کاغەزەکانم
نەدۆزییەوە ناوەکەیم نایەتەوەیاد ،
لەسەرخێران گوایە ئەویش هونەرمەند-
ێکی شێوەکاری کوردە . لێکدا
لێکدا پرسیار لەو هونەرمەندە دەکرا
، ئەویش بە ئارەزووی خۆی بەرسقی
وای دەدایەوە مووی لەشی مرۆڤی
لەگەڵ راست دەبووەوە .
جێگەی سەرنجە کە ئەم دەستە
رۆشنبیرەش کەوا پێدەچێ هەرنەبێ
لە بواری هونەری شێوەکاریدا ئاستی
رۆشنبیریان لەگەڵ برای هونەرمەند
جیاوازییەکی نەبێ، کەسیان ورتەیان
لێوە نەدەهات ! من خۆم وای
تێدەگەم بازنەی پەروەردەکردنی
پارتایەتی کەباڵی بەسەر مێدتیقیدا
کێشاوە هۆیەکی سەرەکی ئەم
بێدەنگییەیان بێ ، بەشێوەیەك لە
گۆشەیەکی وای خزاندوون ئێدی
مێشکیان توانای ئەوەی نییە هەڵەو
راستیەکان لەیەکتری جیابکاتەوە .
ئەم برا هونەرمەندە لە بەرسقی
پرسیارێکدا کە دەربارەی پێوەندی
هونەرمەند و جەماوەر بوو، ئەوهای
وەلامدایەوە :« من وەك ئەو شقانەم

کە بلوێر بۆ مێگەل دەژەنێ ، دەر- بەست نیم ئاخۆ مێگەلەکە گوێم بۆ شل دەکا یا نا ! بەم ئاواییە کار دەکەم » واتە هونەرمەند ( ئەو ) بلوێری خۆی دەژەنێ ! ئیدی پەزەکان بەدڵیانەیان نا ، یاخۆ بەو ئاوازە هەریەك بەلایەکدا مل دەنێن و پەراگەندەدەبن یا بە پێچەوانەوە ، ئەوە هیچ » وەك وتم لاپەڕەکانم بۆ نەدۆزرایەوە تا قسەکان دەق وەك خۆیان بنووسمەوە ، بەڵام بەرسقی ئەو برا هونەرمەندە شتێکی نزیك بوو لەمەی لێرەدا نووسیمەوە.

بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە بەرنامەو گفتوگۆیانە ، لەمێدتیقیهەروا کارێکی خۆڕایی بێئامانج نییە، ستراتیژییەتێك بەمەبەستێك ئاراستەی دەکات . بۆ روونکردنەوەی ئەو راستییە ،سەرەتا بابێن و قسەکانی ئەم برا هونەرمەندە شەنوکەو بکەین .

پێوەندی شڤان و پەز (ران ، مێگەل ، گاران) پێوەندییەکی گیانی بەگیانییە ، بە تەواوی و بەپێچەوانەی بەرسقی ئەو برا هونەرمەندە . کاتێك شڤانەکان شمشاڵ یا بلوێر دەژەنن زۆر هۆشیارانە پەنجە دەبزێون تا بڵێی کارامەن . ئەو ئاوازنەی لە لولەی شمشاڵ و بلوێری ئەوانە دەر دەچێت ؛ کاریگەری تەواویان هەیە لەسەر مێگەلەکە و چۆنییەتی ئاراستە کردنیان بەرەو لەوەڕگە ، لەوەڕاندن ، ئاودان ،خڕکردنەوەیان و پارێزگاری کردنیان ، و دوایش گێڕانەوەیان بۆ ئاوایی . شڤانەکان ئاوازی تایبەتی وایان هەن کە مێگەلی پێ لە رووبارو ئاوەکان دەپەڕێننەوە ، ئاژەڵەکان زۆرچاك هەست بەهەموو ئاوازێکی شڤانەکان دەکەن و لێی تێدەگەن .

ئەوەی کوردەواری دیبێ و سەرنجی دابێ دەبینی چۆن مەڕەکان بە لەراندنەوەی زەنگوڵەکانیان پارسەنگی رەزم و ئاوازی بلوێری شوانەکان رادەگرن و وەڵامیاندەدەنەوە.

زانستیش کاریگەری مۆسیقای لە سەرخێرایی نەشونمای ئاژەل و هەتا رووەکیش سەلماندوە . دیارە شمشاڵ و بلوێری شڤانەکانیش ئەو رۆڵەیان هەبووە و دەبێت . ئەوە جگە لەوەی هەر لە بواری بەخێو کردنی مەڕو ماڵاتدا مرۆڤ خۆی زۆر شارەزایی دەوروبەری خۆی بووە .

جا گەر ئەو قسانەی ئەو برا هونەرمەندە :هی کەسێکی تربا کە نەتەوەکەی لە بەخێوکردنی ئاژەل و مەڕومالاتدا وەك کورد بەناودەنگ نەبا ، ئەوا هەر دەمان وت : قیروسیا !!

باسکردنی پێوەندی شڤان و مێگەل بەو شێوازەی ئەم برایەمان باسی کرد و وەڵامیدایەوە ، ئەو کۆمەڵە رۆشنبیرەش کە سەریان بۆ دەلەقاند ، هەروا لەختوخۆڕایی نییە .

لێکچواندنی ئەم بارە بەو ساتانەی کە هونەرمەند پێڕەنگ* بەدەستەوە دەگرێت و تابلۆ دەنەخشێنێ ئێدی ئاگای لەوە نییە و مەبەستی نیە جەماوەر بەرهەمەکەیان بەدل دەبێ یاخود نا ؟ هەروا لە ناتێگەیشتن و بەهەڵەداچونی دەربڕینی هەستیش نیە ، بەڵکو ئەمە راستەوخۆ تەرجومە کردنی بیری سەرۆکایەتی پـکـکـ یە . چونکێ سەرۆکایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان و سەرکردەی پارتەکە لەهەمان روانگەوە تەماشای جەماوەری کوردستان دەکەن .

سەرۆکایەتی ئەو پارتەش جەماوەری کوردستانی پێ لە مەڕو مێگەلیش کەمترە {١} گوێی لەوەنیە جەز بەقسەکانی دەکەن یا نا !؟ یاخود ئەو ئاوازەی ئەوانە دەیچڕن بە دڵیانە یان نە ؟ هەتا گەر بەزمانێک بێ کە سێ بەشی هاوولاتیانی کوردستان چی لێ تێنەگەن .

گفتوگۆی بەرنامەی گۆڕینیش تەرجومەکردنی هەمان هەڵوێستی سەرانی پـکـکـ یە . ئاشکراشە کە ئەوە دەقاودەق ئەرکی سەرەکی مێتتیقی یە ؛ واتە پروپاگەندەکردن بۆ ئەم جۆرە بیروباوەڕە، هەر بۆ ئەم مەبەستەش دامەزراوە ، کەهەرچی کاک عەبدوڵا ئۆجەلان فەرمووی بڵاو بکرێتەوەو هاوولاتیانیش بێ سێ‌ودوو بڵێن سەدەقت ! بەم شێوەیەش لەباتی سیوپێنج ملوێن مرۆڤی بیروباوەڕ ئازادی خورت پەروەردە کراو ، بەبۆچونی ئۆجەلان سیوپێنج ملوێن مەڕی « گێژو وێژی گەمژە » وەدوای دەکەون ! {٢}

لێرەدا قسەکانم کورت دەکەمەوەو ، هەر ئەوندە دەڵێم : « نەتەوەی کورد گەر مەڕیش بێ و لەدیدی پارت و سەرۆک پارتەکان لە ئاژەڵیش کەمتر تەماشای بکرێت ، ئەوا بەدوای ئاوازی هەموو شڤانێک ناکەوێ و دەم بۆ گیای بۆگە نابات ئەو ئاوازەی کە لە رووبار دەی پەڕێنێتەوە و ئەوەی بەرەو هەڵدێری دەبات ـ بەمەڕایەتی ـ خۆی لێکیان جیا دەکاتەوە .

## ئەنجام

دوای ئەوەی بەشێوەیەکی خێرا ئەوەمان روونکردەوە ؛ کەمرۆڤی کوردی دابراویش ، بەدرێژایی مێژوو وەک هەموو مرۆڤێکی تری سەرئەم گۆیزەوییە ، هەوڵی پێوەندی کردن و گەیاندنی دەنگی خۆی داوە و ، مەبەستیشی هێنانەدی ئاڵوگۆڕ بووە لەنێو خودی ئەو کۆمەڵگەیەی کە لێی دابڕاوە ، لەو بوارەشدا رەچاوی سیستەمێکی پەروەردەکردنی نوێی کردووە ، بەکردەوەش سەلماندوویەتی توانای بەسەر ئەوەدا دەشکێ هەنگاو بەهەنگاو سوود لە هەموو

جۆرە پیشکەوتنێکی تەکنۆلۆژی وەربگرێت . ئێستەش ئەوەتە بە دۆست و دوژمنی پیشانداوە کە کورد دەتوانێ لەم سەردەمەشدا لە تەکنۆلۆژیای پیوەندیکردن سودمەند بێت و شایەنی ئەوەیە خاوەن کەناڵی تەلەفزیۆنی خۆی بێت ( ٣ ) .

بەڵام بەداخەوە بەگشتی پرۆژەکانی کەناڵی تەلەفزیۆنی چ لەکوردستان و چ مێدتیقی کە لەدەرەوەی کوردستانە، پرۆژەی کوردستانی نین و بۆ کوردستانیان دانەمەزرێندراون ( ئەم کورتە باسەی پێشو بەچاکی ئەوەمان بۆ روونکردۆتەوە ) بەلکو بونەتە کەناڵی پروپاگەندەی پارتایەتی و ناوچەگەرێتی و بیروباوەڕی تەسکی تاکرەوی سەرکردایەتییەکانیان .

دەگەڵ ئەوەشدا ئەمە ئەوە ناگەیەنێ دەست لە ئەژنۆ وەرێنین ، پێویستە هەوڵبدەین ئەم پرۆژانە ببنە پرۆژەی کوردستانی و هۆیەك بۆ پەروەردەکردنێکی کوردستانی کە لە ئاستی ئەرکە گرنگەکانی سەدەی داهاتووی بیستویەك مان بن . دیارە دانان و جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی واش لە وزەی تاکەکەس ، تاکە رێکخراو ، چین و پارتێکدا نییە ، بەڵکو پێویستی بەم هەنگاوانەیە :

یەکەم : کۆنگرەیەکی گشتگری تەواوی رۆشنبیرانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات : کە بتوانی دام و دەزگەیەکی پتەو دابمەزرێنێ بۆ هێنانە کایەوەی - یەکێتی - نووسەران - هونەرمەندان و لەسەرووی ئەوانەشەوە : پێکهێنانی - لیژنەیەکی سانسۆری نیشتمانی کوردستانی باڵا - بەمەرجەی لە دەنگدان و هەڵبژاردندا رەچاوی رادەی پسپۆڕی و لێهاتووی بکرێت نەك پلەوپایەی حزبایەتی ( ٤ )

هەنگاوێکی لەم بابەتە دەتوانێ کاریگەری لە گەیاندنی دەنگی - دابڕاوی - کورد بە کوردستان و سیستەمێکی پەروەردەی نیشتمانی کوردستانی کاریگەر بۆ ئاراستەکردنی نەوەکانی سەدەی داهاتوو و خەباتی کوردستانیان دەستەبەر بکات.

ئەستەمە ئیمرۆ ، ئەو پارت و رێکخراوانەی کوردستان و یاخود بەرپوەبەرانی مێدتیقی بەچارەسەرێکی وا رازی بن و مل بۆ داخوازی جەماوەربدەن ، ئەوکاتی کێشەکە دەگاتە ئەو ئاستە ، وای لێدێ ئەمجارەیان دوژمنیش نەڵێ - ستۆپ - جەماوەر - ستۆپیان - لێبکات ، ئەوکاتەش کوردستان دەبێتە خاوەنی کەناڵی کوردستانی خۆی ، لەسەر بنچینەیەکی زانستیانە بەرنامەکانی خۆی بەرێوەدەبات و دەی سەلمێنێ کێ شڤانە و کێ مەڕ !! ( ٥ )

**پەراوێزەکان :**

١ـ بۆیە نوسیم (سەرۆکایەتی ئەو پارتەش . . . . ) تا سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە رابکێشم کە زۆربەی

پارتەکانی کوردستان بەهەمان شێوە تەماشای جەماوەری کوردستان دەکەن ، ئەگینا چۆن دەشێ ماوەی پێنج ساڵ دوو پارتی وەك ینکەو پدک ، ئاوڕ لەوە نەدەنەوە و سەرژمێرییەکی هاوولاتیانی باشووری کوردستان بکەن ، لەکاتێکدا ئەو عەلی شەعبانە رەحمەتییەی کە بە دواکەوتوو و زۆردار دادەنرا ، سەرژمێری سەرجەم عەلەشیش و مریشك و جوجەڵەکانی خۆی دەکردو دەیزانی چەند دانە و چەند سەرن ، کەچی جووتە پارتەکەی باشوور ئێستەشی لەگەڵدابی ڕێگەی ئەوە نادەن سەرژمێرییەکی گشتی لەباشووری کوردستاندا بکرێت، ئایا ئەمە ئەوە ناگەینی کە بەچاوێکی سوك تر لە ئاژەڵ دەڕواننە جەماوەری کوردستان ؟

٢ـ بڕوانە گۆڤاری صوت کوردستان ـ العدد ٢٦ لاپەڕی ٩ ـ بزانە کاك عەبدوڵا ئۆجەلان چ ێژێ ( فالطفوله تمتد حتى سن الخامسه عشره، الا ان الانسان الكوردى يظل طفلا حتى بعد تجاوز هذه السن ، وهو بطفوله هذه يصبح بلاء على رؤسنا ، فهذا هو قانون حياة الاكراد و نحن نحاول ازاله هذا القانون الطفولى من بينكم ، فالشعب الكوردى هو اكثر شعوب العالم انحطاطاً .... )

ئەوەیە بیرو بۆچونی سەرکردەیەکی کورد بەرابەر بە نەتەوەیەك کە بەدەستی بەتاڵ و سنگی روت لە جەرگەی شارەکانی کوردستاندا ڕووبەڕووی دوژمنانی داگیرکارو هۆڤی دەبێتەوە . ( بۆیە ئەم وشانەم نەکردە کوردی چونکێ ئەوە ناهێنن )

٣ـ لێرەدا تەنێ مەبەستم مێنتیقی نیە ، ئیمڕۆ لە کوردستان بۆ نمونە لە باشووری وڵات چەندین کەناڵی تەلەفزیۆنی دوای ڕاپەڕین دامەزرێندران ، کارمەندانی ئەو ئێستگانە لەبارێکی ناهەموارو کەمترینترزماستیتەکنۆلۆژیکارەکانیانزادەپەڕینن

٤ـ ئەگەر ئاڵوگۆڕێکی نوێ لە باشووری کوردستاندا هاتەکایەوەو حکومەتێکی ڕێكوپێك دامەزرا ، دەشێ هەمان ئەو پلانە بگرێتەبەرو کەناڵێکی تەلەفزیۆنی بۆ سەرتاسەری وڵات دابمەزرێنێ و بەهەمان شێوە بەڕێوە بچێت .

٥ـ بەکارهێنانی وشەی ( مەڕ ) لێرەدا بۆبە کەم سەیرکردنی ئاژەڵ نییە بەڵکو بەومانا رووتە بەکارهاتووە کە لەزمانی کوردیدا باوە .من لەمێژە دەرهەق بەو پەندە کوردییەی کە دەڵێ « بزن ئەجەلی بێ نانی شوانی دەخوا » وتوومە :

« ئەگەر بزن دەمی لە نانی شوانی نا ، گوناهبار شوانەکەیە ، یەك؛ ئاگای لە بزنەکانی نییە ، دوو ؛ نانەکەی لەشوێنێکی باش دانەناوە . شوان دەبێ هێندە ژیربێ هەر نەبێ بزن پەی بەتوێشەـ بەرەکەی نەبات ، چونکێ کە بێ نان مایەوە و برسی بوو نەك تەنیا مەترسی ئەوەی لێدەکرێ ڕانەکەی بە فەوتان بدات بەڵکو خۆیشی سەری تێدا دەچێ ، یاخود دەبێ بە بیانوی ئەوەی بزنی بێ مێشك بۆنی بە توێشەبەرەکەیەوە کردووە دەمی بۆ بردوە ، دەستداتەکێردو یەك یەك لەسەریاندا ، ئەو کاتەش بێ بزن دەمینێتەوە ، لە شوانی دەکەوێ ، ئەمەش چارەنوسی هەموو دکتاتۆرێکە » .

*پێڕەنگ: وەك ـ پێنووس ، کەبۆنووسین بەکاردێت ـ ئەویش ـ پێڕەنگ ـ بۆ ئەو ئامێرەی هونەرمەند لە رەنگاندندا بەکاری دێنێ واتە فڵچە ـ بەلای منەوەزۆر لە بارترە ، چونکێ دەشی هونەرمەند ـ فڵچە ـ بەکار نەهێنێت ، بەڵکو چەقۆ کەوەك چەمچەیەکی بچوکە یا گەلێك ئامێری تر کە لەرەنگرددا هونەرمەند سودیان لێدەبینێ . فڵچە ـ بۆ جلوبەرگ و پێڵاو پاککردنەوە سەرلەبەرە بەلام بەراستی لەگەڵ زەوقی هونەریدا گەلێك ناقۆلاو ناشیاو و نەگونجاوە .

هەواڵنامەی کتێب

ئافراسیاو هەورامی

## سیناریۆی رووداوەکانی

## رۆژهەلاتی کوردستان

ئەوەی لێرەدا دەیخەمە بەرچاو سەرەتای دەستپێکردنی پیلانەکانی دەسەلاتدارانی تاران و کۆنەپەرستی ناوچەی ورمێ - رەزائیە - وخووی و ماکۆ - شاپورە دژی گەلی کورد، کە لە هیچ شتێك بۆ بەد ناوکردنی کوردو خەباتی رەوای کوردایەتی درێخیان نەکردووە. ئەم پیلانانە بۆ هاندانی هێزە سەرکوتکارەکانی سوپای ئێران و لە پێشچاوخستنی گەلی کورد لەبەردەم دانیشتوانی تری ئێران بوو، ئەنجامێکیا بەردوامبوونی میراتی رژێمە داگیرکارەکانی کوردستانە.

جگە لە کاربەدەستانی فارس - ئێرانی - کۆنسولی تورکیە و سیخورەکانیش بەشداری جێبەجێکردنی ئەم پیلانانەیان کردووە.

هەروەك لە بەلگەنامەکاندا دەردەکەوێت بۆ کۆکردنەوەی خەلك لە پۆستە و تەلەگراف، مانگرتن و ئاراستەکردنی تەلەگرام بۆ تاران و شکات کردن لەکوردەکان و داوای یارمەتی و ناردنی سوپای ئێران بۆ ناوچەکەیان، هەروەها لە پەنای دروستکردنی کۆمیسیۆنی یارمەتی بۆ لێقەوماوانی رەزائییە و

ناوچەکەو بەشداری کردنی خودی شای ئێران لە پێکهێنانی ئەم کۆمیسیۆنەوهەراوهۆریای ڕۆژنامەکان لەم بارەوە، پیسکردنی ناوی کوردەکان لەو چاوپێکەوتن و گفتوگۆیانەی لەگەڵ کاربەدەستانی دەرەوە کراون بە تایبەتی کاربەدەستانی سوپایی و دیپلۆماسی سۆڤێت هەمووی لەپێناو داگیرکردنەوەی ئەو ناوچانەو قەلاچۆ کردنی کورد بووە ، ئەمانە بەگشتی بەشەکانی، ئەم سیناریۆیە دەخەنە روو، پەردە لەرووی روداوەکان هەڵدەدەنەوە.

رووداوی ئەوتۆ لە ناوچەکانی هەورامان، مەریوان، کرماشان و لوڕستانی کوردستاندا رویداوە، کە بەداخەوە تائێستە هیچ بایەخێکیان پێنەدراوە و تەنیا لە چوارچێوەی مەهابادو دەوروبەری و یەکلایەنە ئەویش لەنێوان سالانی ١٩٤١ ـ ١٩٤٥ باسکراوە، لەکاتێکدا دەستپێکردن و راپەڕینی کورد هەر لە ئاوگۆستی ١٩٤١ لە ناوچەکانی ورمێ، خووی، ماکۆ، شاپور، مەریوان و کرمانشاشدا بووە. کە لە ئەنجامدا زۆر بەخێرایی گەلێ ناوچە رزگاربوون و دەسەلاتی پادشایەتی ئێرانیان تێدا پوچایەوەو تەنانەت گەلێك جاریش کاردەگە- یشتە ئەوەی کۆنەپەرستانی ئێران هانا بۆ سۆڤێتیەکان ببەن و داوای یارمەتیان لێ بکەن. لێرەدا مەبەستم نە لێکۆڵینەوە لە روداوەکانە و نە هەڵسەگاندنی راپەڕینی رۆژهەلاتی کوردستان ، بەلکو بەشێوەیەکی سەرەکی ئامانجم گێڕانەوەی روداوەکانە لە زمانی هێندێ لە کاربەدەستانی سۆڤێتی ، هەروەها نووسینی چاپەمەنییەکانی ئەو سەر- دەمە، کە خۆیان گەواهی چۆنییەتی پەرەگرتنی رووداو و پیلانەکانی کاربەدەستانی ئێرانن دژ بە کورد .

وەك لە رەوتی رووداوەکان دەردەکەوێت دەبینین کورد قەت لایەنگیری شەڕ نەبووەو لەوتووێژە- کاندا لایەنی کوردی هەردەم هەوڵیان داوە پێش بە شەڕگرن و لەهەموو پێکهاتنەکاندا هەر رژێمی تاران بووە خۆی لە بەڵێنەکانی دزیوەتەوەو جێبەجێی نەکردوون . گەرچی زۆربەی کاربەدەستانی سۆڤێت لەسەرەتادا هاودەنگ و هاودەردی کورد بوون و هەوڵی زۆریان داوە کە شەڕ و ئاژاوە لە ناوچەکەدا تەشەنە نەکات ، بەلام خۆشباوەڕی کورد و فریوخواردنیان بۆتە هۆی ئەوەی، دوژمن بتوانی هێزی بێتەوەبەر و سۆڤێتییەکانیش پشتگیری لە کورد نەکەن ، شارەکانی ورمێ، خووی و ماکۆ ئازاد بکەن و دەسەلاتی کوردی تێدا دابمەزرێنن، ئەوەبوو سەرئەنجام پاش کۆتاییـ هاتنی دووەم جەنگی جیهانی -

٢ج ج- بەیارمەتی هێندێك لە کاربەدەستانی ئازەربێجانی سۆڤێت، لە پێشەوەی گشتیان باقیرۆف و ژمارەیەك لە کاربەدەستانی سوپایی و دیپلۆماتی سۆڤێت، شارەنێوبراوەکان دەگەڵ هێندێ ناوچەی تر خرانە ژێرکۆنترۆڵی ئازەرییەکان و ئەو هەلەی بۆ کورد رەخسابوو، کە دەبوایە ورمێ ببێتە ناوەندی چالاکی رامیاری کورد لە رۆژهەلاتی کوردستاندا، لەدەستچوو.

لایەنێکی تری گرنگیی ئەم بەڵگەنامانە، ئەوەیە : جوتیارانی ناوچەکە کەبۆ ماوەیەك لە سایەی هێزی پێشمەرگەوە لە دەست موڵکدارە فیودالەکان ئاسودەبوون و چیدی بەزۆر موڵکانەیان لێ نەدەستێنرا، دەبینین لەنووسراوەکاندا، رژێمی ئێرانی فرەهەوڵی داوە بە دز و راووڕوتکار ناویان بزڕێنێت و رووی رامیاری خەباتی کورد بشێوێنێ، نەك هەر بە نووسین و قسە بەڵکو بەکردەوەش، بۆ ئەم ئامانجە کاریکردووە، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە زۆرجار جەندرمە و نۆکەرانی رژێم بەجلوبەرگی کوردی یەوە دەنێردرانە راووڕووت و تالانکردنی دانیشتووان، بگرە هێندێك کوردی بەکرێگیراویش ئەم کارە دزیوانەیان دەکرد.

کاربەدەستانی رژێمی ئێران هەوڵی زۆریان دا کورد لەپێشچاوی سۆڤێتییەکان و، ئەوانیش لە پێشچاوی کورد بخەن، بەلام با بزانین ئەم کارەیان چۆن بۆ چووە سەر و ئەنجام بەچی گەیشت ؟ دەبا پێکەوە بەڵگەنامەکان بخوێنینەوە :

## لە مەڕ رداوەکانی رەزائییە « ورمێ »

لە مێژبوو رژێمی ئێران پیلانی دەگێڕا بۆ ئاوەژووکردنەوەی بیرو رای دانیشتووان دەرهەق بە رووداوەکانی ناوچەکە . سەرەتای هەوڵدانیان دەگەڕێتەوە بۆ مارتی ١٩٤٣، کاتێك نوێنەری مەجلیسی ئێران - نەوبەخت - لە پەرلەمان وتارێکی پڕوپوچی لەسەر رووداوەکانی ورمێ دا، هەوڵی ئەم رووداوانەشی هەموو گێڕایەوە بۆ سەر رووداوی ئاوگۆستی ١٩٤١ ( شەهریوەری ١٣٢٠ رۆژی هاتنەنێوەوەی سوپای هاوپەیمانان بۆ ئێران ) ، قسەکانی نەوبەخت لە چاپەمەنییەکانی ئێراندا بلاوکرانەوە . رۆژنامەی ئیتلاعات ٢٨ / ٣ / ١٩٤٢ لە ژێرناونیشانی « ئەوپەڕی نائارامی لە رەزائییە » کەتێکرا باسی پانزدە رووداو، دزی، تالانکردن و کوشتن دەکات ، گوایە لە مانگی یانیوەر و فیورال روویان داوە، لە کۆتاییدا بەم شێوەیە کۆتایی

پێدێنێ: «سەرۆکوەزیران ئاگاداری ئەم راگەیاندنە دەکەینەوەو داوای لێدەکەین بۆ گێڕانەوەی هێمنی چی لە دەست دێ درێخی نەکات و ناوەندی ئاژاوەو فیتنەی ئەم ناوچەیە بەزوترین کات نەهێڵێ ، دەوڵەت دەبێ خەڵکی بێتاوان و دانیشتووانی زەحمەتکێشی ناوچەکە لە تالان و پەلاماردان بپارێزێت ، چاوەڕێی هەڵگرتنی هەنگاوین بۆ جێبەجێکردن و یەکلاکردنەوەی ئەم کێشەیە» .

لەرێکەوتی یەکی ئاپریلی ١٩٤٢ دا رۆژنامەی « ستارە » بەوتارێکی دوورودرێژ وەلامی درۆ و دەلەسەکانی نەوبەختی دایەوە. هەروەها گەلێک بەڵگەنامە و دەقی ئەو تەلەگرام - بروسکە - انەشی بلاوکردەوە کە لە ناوچەی ورمێ وە هاتبوون و باری هێمنی تەواوی ناوچەکەیان نیشان دەدا . دواتر وتارەکە لە رادیۆی تارانیش خوێندرایەوە و بەم جۆرە بەرپەرچی - نەوبەخت - درایەوە و بەدرۆ خرایەوە.

دوا بەدوای رۆژنامەی ستارە ، رۆژنامەی « مهر ایران » و « صدای ایران » و . . . هی تریش نەوبەختیان بەدرۆخستەوە.

سوهیلی - سەرۆکوەزیرانی ئێرانیش لەچاوپێکەوتن و گفتوگۆیەکدا لەگەڵ بالیۆزی سۆڤێت وتبووی کە: ئەو هەراوهۆریایەی رۆژنامەکان لە- سەر ورمێ نایانەوە درۆیە . بۆیە هەرچەندەئەویش وەکسەرۆکوەزیران داوای لێکرابوو لەم بارەوە هەنگاو هەڵبگرێت ، نەیوێرا هیچ بکات .

٢٢ / ٤ / ١٩٤٢ رۆژنامەی ئیتلاعات ئەم راگەیاندەی خوارەوەی بلاوکردۆتەوە: «سەرهەنگ - عەقید - هاشمی لەگەڵ کەرتەکانی سوپای ئێران گەیشتونەتە رەزائیبە - ورمێ - و لەیەکەم رۆژی گەیشتنی چالاکانە دەستیکرد بەتەفروتووناکردنی باندە « چەتە » کان » پێگەکانی جەندرمە لەدەوروبەری شاردا دامەزراون و بانگی سەرۆک هۆزەکانی کوردی کردووە، تا بۆ چەک دانان لەگەڵیان بکەوێتە وتووێژەوە .دیسا ئیتلاعات لەوتارێکی دوورودرێژدا لە ژێر ناونیشانی « رووداوە تراژیدییەکانی ورمێ »دا ، دەنووسێت: «دانیشتووانی ورمێ بە تەلەفۆن داوایان کردووە تووێژ لەگەڵ نوێنەرانی مەجلیس و توجار و کاربەدەستانی دەوڵەت بکەن ، رایانگەیاندووەکە دانیشتووانی ورمێ کەوتونەتە بەرمەترسیی راستەوخۆی چەتەکوردەکان و چاوەڕێن دەوڵەت بە زووترین کات ئاسایش لە ناوچەکە بەرقەرار بکات و بیان پارێزێ . دواخستنی ئەم ئەرکە کارەساتی قورسی بەدواوەیە» رۆژنامەی ئیتلاعات ، داوا لە دەوڵەت دەکات بەفرۆکە چەک بگەیێنێتە دانیشتووانی

ناوچەکە تا بتوانن خۆیان لە دەستـ درێژی چەتەکان بپارێزن . نێزیکەی حەوتونیوی سەر لەئێوارە سوهیلی بەتەلەفۆن بەڵێنی بە دانیشتووان دا کە لەماوەی ٨ سەعاتدا بۆسەپاندنی ئاسایش و سەقامگیرکردنی ژیانی ئاسایی دانیشتووان هەنگاوی کاریگەر دەنێت .

٢ ی مای لە مەجلیسی ئێران ، نوێنەری - رەزائییە - ورمێ .ئەفشـار وتاریدا وگوتی : «چەند رۆژێکە هەموو دەقیقەیەك هەواڵی پرمەترسی و دڵتەزێنم دەگاتە دەست ، بۆهۆشیار کردنەوەی نوێنەران و هەروەها گەلی ئێران ، ناوەرۆکەکانیان بەکورتی و بەم جۆرەی خوارەوە پێشکەش دەکەم ؛ بەپێی ئەو تەلەگرام و هەواڵانەی کەپێمان گەیشتوون ، هەشت رۆژە هێندێ تاوانبار کە لەکۆتایی یەکەم جەنگی جیهانی ١ جـ ج ، رابردوو ناوچەی ورمێیان تارومار و وێران کرد ، دووبارە وا یەکیان گرتۆتەوە و بۆ کوشتن و سەرکوتکردنی دانیشتووان هەموو جۆرە شێوازێك بەکاردێنن . سێ سەدگوندی رەزائییەکەدانیشتووانیان ئەفشارن ، لە لایەن ئەم باندانەوە تاڵان دەکرێن . بەپێی ئەو تەلەگرامانەی کە لە حەفتەی دواییدا گەیشتوون ، مەڕومالات و شتومەکی دانیشتووانی ناوچەکە بەتەواوی بەتاڵان براوە ، شەست هەزار نەفەر لەدانیشتووانی ئەم گوندانەکەزۆربەیان منداڵ بوون لە کاتی راکردن لە ئاوی رووبار خنکێندراون ، هێندێك لەوانە بەرووتوقوتی گەیشتونەتە شارو نازانن چی بکەن ! شاریش بۆخۆی لە گشت لایەکەوە گەمارۆدراوە ، هەموو دەقیقەیەك مەترسی ئەوە هەیە باندەکان بێنە نێوشاری . گریان و هاواری ژن و منداڵ دەگاتە پەرەکەی ئاسمان . تا ئێستە تەنیا جندرمەکان بەرگری دەکەن و توانیویانە پێش بە چەتەکان بگرن . گوندەکان کە لە ماوەی چەند سەدەیەکدا بەکارو زەحمەتی جوتیاران و کرێکارانی ئەفشار دروستکرابوون وەك ناوچەکانی ئەوروپا دەهاتنە بەرچاو ، وێران کراون و تەواوی ئەم زەحمەتە بەفیرۆ چوە .ئێستا دانیشتووان بۆپارێزگاری ژیانی خۆیان ناچارن رادەکەن .

هەنوکە کە سەرۆکوەزیران خۆی لێرە ئامادەیە ، دەمەوێ کەڵك لەم دەرفەتە وەربگرم ... زات دەکەم لێی بپرسم : « چ هەنگاوێکتان ناوە بۆ کۆتاییهێنان بەم کوێرەوەرییەوپاراستنی ژیانی دانیشووان؟»

رۆژنامەکانی تاران بەردەوامن لە بڵاوکردنەوەی وتاروهەواڵ لەسەر بارودۆخی ناخۆشی ورمێ و داوای ناردنی سوپایەکی زۆردەکەن ، تا کورد و ئەرمەن و ئاسورییەکان کە

هێرشیان کردۆتە سەر دانیشتووان تەمێ بکرێن . رۆژنامەی « ئومید » وێنەیەکی هێلکێشی بڵاوکردۆتەوە ، کەوا پێشاندەدا ئەسپسوارەچەکدارە-کانی ئاسوری و ئەرمەنی پەلاماری دانیشتووانی بێدەسەڵات و پێخاوس دەدەن ، رووتوقوتەکانیش داوای یارمەتی لە دایکی نیشتمان دەکەن . لەوێنەیەکی تردا شمشێربەدەستانی دایکی نیشتمان بە سوپاو تانکەوە بەرەورووی ئەرمەن و ئاسورییەکان بونەتەوە تێك و پێکیان شکاندوون و راویان دەنێن ، وێنەکە لە سەری نووسراوە «نیشتمان لەمەترسی دایە» رۆژنامەی « ناهید » یش بەشان و باڵی رەزاشادا هەڵدەڵێت و دەنووسێت . لەلای راستەوە بۆ خوارووی ورمێ رازاوە دەنوێنێ وای پێشاندەدا کە رەزاشا لەسەرپشتی ئەسپەکەیەوە بەناو شاردا دەگەرێ ، مەبەستی ئەوەیە کە لە رۆژانی رەزاشادا هەست بە هێزوتوانایەك دەکراو چەتەیی لە ورمێ نەبوو ئەم ناوە باخی بەهەشت بوو . لای چەپیش وێنەی نەخۆشێکە « ورمێ » پێشاندەدات کە وەزیری جەنگ جەهانبانی دەستی گرتووەو پێیدەڵێ « بەم زووانە چاکت دەکەمەوە » .
رۆژنامەی « پەرچەم » زیاتر لەهەمووان هاوارو دەنگی بەرزکردۆتەوە ، داوای لەنێوبردنی کوردان دەکات ، هەروەهاش ئەرمەنی و ئاسوورییەکان لەرووداوەکانی رەزائییە - ورمێ - تاوانباردەکات .
رۆژنامەی « کوشش » بەخوێنەرانی رادەگەیەنێت کە ئاسوورییەکان لە مێژەبەتاڵان و سەرپەراندن ناسراون و ئێستەش هەرخەریکی ئەوکارەن و بەهیچ شتی داناسەکەنێن و ئارام نابن ، داوای ئەوە دەکات ئاسوورییەکان بگوازرێنەوە بۆ ناوچەکانی نێوەراستی وڵات .
رۆژنامەی « سیاسەت » دەنووسێت : تەنیا کاتێك دەتوانرێت ئاسایش لە ناوچەی رەزائییە - ورمێ - دابین بکرێت کە شوێنەواری دکتاتۆرییەت نەمینێت ، واتە ئەوکاتەی کە یاسای بنەرەتی « دەستور » جێبەجێدەکرێت ، ئەوانەی ئازاری خەڵکیان داوە و دەستدرێژییان کردۆتەسەر دانیشتووان و بەرتیلخۆرن جا ئەمنییە بن یا موچەخۆر ، فەرماندار بن یا وەزیر دەبێ بدرێنە دادگاو موحاکەمە بکرێن وسزابدرێن ، کاتی ئەمانە ئەنجامدران ئەو کاتە هەست بە ئارامی و هێمنایەتی دەکرێت .
بەلام سەرەرای ئەوانەش دەسەڵاتدارانی ئێران توانیان بەردەوام بن لەسەر جێبەجێکردنی پیلانی خۆیان ، کەپێشتر دایانرشتبوو دژی ئاژاوە - بەقسەی خۆیان - لە ناوچەی ورمێ دا .
١ - لەمەجلیسی ئێران کۆمیسیۆنێك

بۆ یارمەتی لێقەوماوان بەسەرۆ-
کایەتی«بەیات»جێگری سەرۆکی
مەجلیسی ئێران پێکهات . ئەو
کۆمیسیۆنەداوا لەتەواوی دانیشتووان
دەکات یارمەتی لێقەوماوانی رەزائیە
بدەن و ژمارە حیسابێکی تایبەتیان
لە بانك بۆ ئەم مەبەستە کردبووەوە .
٢- لە وەڵامی بانگەوازی کۆمیسیۆنی
نێوبراودا ، هێندێك پارەکۆکرایەوە و
چەند سینەما و تیاتر ، برێك پارەی
زیادیان خستەسەر نرخی بلیتەکانیان
و لەدەزگەو کارخانەکانیشدا پارەیان
بۆ لێقەوماوانی ورمێ کۆدەکردەوە .
٣- دوای ئەوەی شا یەك ملوێن
ریاڵی بۆلێقەوماوانی ورمێ بەخشی
هەراوهۆریایەکی نوێ لەچاپەمەنییە-
کاندا بەرزبووەوە ، یارمەتی بۆ لێقەو-
ماوان بە دە تا پەنجا ریاڵ دیارکرا ، و
رۆژنامەکانیش بەنیشانەی سوپاسەوە
ئەو ناوانەیان بڵاودەکردەوە کە
پارەیان دابوو .
٤ - کۆمیسیۆنی نێوبراو بریاری
دەرکرد مارك «پولی پۆستە»ی تایبەت
بۆ ئەم مەبەستە دەربکات و نرخی
تەلەگرام زیادکرا ، بەو مەبەستەی
ئەم هەموو پارەیە بخرێتە سەر
فۆندی لێقەوماوانی ورمێ .
٥ - هەواڵێکی تایبەت وا بڵاوی
کردۆتەوە ، کەدەوڵەت سێ سەد و
هەشتا تۆن گەنمی بۆ رەزائیە و
شاپور ناردووە .

٦- رۆژنامەکانی تاران راگەیاندنی
زۆریان سەبارەت بەوە بڵاوکردۆتەوە
« لەبەرکەمی پزیشك چەند دوکتۆر
لە تەوریز و تارانەوە نێردراون بۆ
رەزائییە » . هەروەها داودەرمانێکی
زۆریش نێردراوە . وەك روون بووە
هەمووی دوو دوکتۆر و دوو برینپێچ
بوون ! هەر بەو ئەندازەش هێندێ
داودەرمان نێردراوە . بەڵام مەبەست
لەو پروپاگەندانە و گرنگی لەوەدابوو
کە وای پیشانبدەن ژمارەی کوژراو
بریندار هێندەزۆرن وا پێویست دەکات
کە دوکتۆرو داوودەرمان بە زوترین
کات و زۆرتر رەوانەی ورمێ بکرێت .
٧- بۆ گەورەکردنی کێشەکە و
هێشتنەوەی بەگەرمی ، فرمان بە
فەرمانبەران درا کەکۆمیتەی یارمەتی
دان بە لێقەوماوان لەناوچەکانی ژێر
دەسەڵاتی خۆیاندا پێکبێنن و یارمەتی
و کۆمەك خڕکەنەوە . لەچاپەمەنییە-
کانی تاران دا ناوی ئەو ناوچانە
بڵاوکرایەوەکە یارمەتییان تێدا کۆ
کراوەتەوە . بۆ ئەوەی ئەم
هەراوهۆریایە ماوەیەکی زۆر درێژ
بخایەنی رۆژنامەکان لەهەر ژمارە-
یەکدا چوار تا پێنج راگەیاندنیان لە
بارەی یارمەتیدانەوە بڵاودەکردەوە .
بۆ ئەوەی راگەیاندنەکان زیاتر
کاریگەربن ، هەواڵیان « لەسەر
کوشتاری درندانەی چەتەکوردەکان»
بڵاودەکردەوە و هەروەهاش لەسەر

کوژرانی چەند منداڵێك لەکاتی ڕاکردن لەدەست چەتەکان، دەستدرێژی کردنە سەر ژنان و...هتد، لە دامێنی ئەم هەموو هەواڵانەش، سەرچاوە بەم شێوەیە دەستنیشان دەکرا « بە پێی ئەو تەلەگرامانەی کە لە ڕەزائییەوە گەیشتوون » .

ئەوەتا یەك لەو تەلەگرامە زۆرانەی کە لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو کراوەتە « کوردەکان دووبارە شاری ڕەزائییە - ورمێ - یان گەمارۆداوە و کەشتییەکان ناتوانن هەموو هەڵاتووەکان بارکەن . لە گوندەکان هیچ شتێك لە نێوماڵەکاندا نەماوە و خانووەکانیش کاولکراون » ڕۆژنامەی ئێران ١٣/٥/١٩٤٢. لە ٣ / ئەپریلی ١٩٤٢دا وەزیری جەنگ جەهانبانی سەردانێکی ڕەزائییەی کردووە ، ڕۆژنامەی « پەرچەم » لە وتارێکی سەرەکی خۆیدا کەبۆ ڕووداوەکانی ورمێ تەرخان کراوە دەنووسێت : « نابێ لەبەرابەر کوردەکان خۆمان سوك کەین ، ئەگەر بێتو وتووێژ لەگەڵ سەرکردە چەتەکانی کورد بکرێت ، هیچ ئەنجامێکی نابێ جگەلە بە هێزکردنی ئەوان . تاقیکردنەوەی ساڵانی ڕابردوو سەلماندوویانە کە تەنیا شمشێر و زەبروزەنگ ئەو هۆزانە هێوردەکاتەوە و هۆشیان وەبەردێنێتەوە ، لەبەرئەوە پێویستە سوپایەکی زۆر ڕەوانەی ورمێ بکرێت ، ئەوکاتە دەکرێ هێمنایەتی لەناوچەکەدا بەرقەراربێ . لەوەبەولاوە ڕێگەیەکی تر نابێ ڕەچاوبکرێت .

وا دیارە ئەو کوردانەی لە تاران دەژین، بەنامەرەخنەیان لەوتارەکەی پەرچەم گرتووە ، ڕۆژنامەکەش یەك لەو نامانەی بڵاوکردۆتەوە : « ١١ی مای١٩٤٢ ڕۆژنامەی پەرچەم نامەی حوسێن ئەکبەری بڵاوکردۆتەوە کە تێیدا نووسیویە : لە ڕۆژنامەکەتاندا لەسەر گروپێکی باند کەمەبەستتان کوردە، کوردەکان بەهۆقی ناودەبەن. ، پێویستە بڵێم ئەز کوردم و باوەڕم بە پیاوچاکی و ئازایەتی و نەترسان و نیشتمانپەروەری کورد هەیە . مێژوو شایەتە کە کورد دەورێکی گەورەی لەخەملاندن و پێکهێنانی کولتوری ئێرانیدا بووە ، ئەوان پارێزەری ڕەسەنی کولتوری ئێرانن،نووسراوەی « اسرارالاستنتاج » ئەو ڕاستییەمان بۆدەخاتەڕوو وبەرپەرچی نووسراوەکانی ئێوە دەداتەوە ، بەلام ئێوە سوکایەتی بە گەلی کورد دەکەن . پێم وایە ئەگەر کەسێك توشی هەڵەیەك بوو هەرکەسێ بێت بەهەر زمانێك قسەبکات دەبێ ناوی خۆی لێبندرێت.نەك سوکایەتی بەگەلێکی نیشتمانپەروەری ڕەسەن بکرێت . ڕۆژنامەی -پەرچەم- یش ، لەسەر ئەمنووسراوەتێبینییەك دەنووسێ و

دەڵێ : « ئێمە نەمان ویستووە بە بەکارهێنانی وشەی کورد چەپ و راست خەت بەسەر هەموویان دا بێنین ، ئێمە کە چەتەکان بەوشەی کورد نێودەبەین تەنێ لەبەرئەمەیە کە ئێمە ناوێکی تر نازانین ، پێویستە بگوترێت کە دەستە کوردەکان کە بەچەتەگەری ناسراون ، بۆ وێنە - لە رووداوەکانی رەزائییە - یەکەم جارودواجاریش نییە. کوردەکان دەبێ خۆیان ئەمکردەوانە پەسەندنەکەن و دژیان بوەستن ، بەکورتی کوردەکان دەبێ لەگەڵ دەوڵەتدا بۆ لەبن دەرهێنانی رەگوڕیشەی چەتەگەری هاوکاری بکەن ». هەرئەو رۆژنامەیە لە ١٢ مای ١٩٤٢دا نامەی خوێنەرێکی بەنازناوی خ . ف ێ ، بەم شێویە بلاوکردۆتەوە : « کوردەکان بێتاوانن ، تاوانبارانی سەرەکی کە دەستیان لەنانەوەی ئاژاوەدا هەبووە دەبێ بدۆزرێنەوە و بەتوندی سزابدرێن . ئەوانەی ئێستە لە تاران دانیشتوون و لەپەنا بزەی ژەهراوییەوە سەیری رووداوەکان دەکەن ئەوانەن تاوانبار راستە کوردەکان لە رابردوودا جەوروستەمی زۆریان لێکراوە و دەیانەوێ سکالا لە رژێمی پێشو بکەن و تۆڵەی خۆیان بستێننەوە ، بەلام بەداخەوە دەستیان ناگاتە تاوانبارانی راستەقینە ، لە وانەی زۆریان لێکردوون و پارەیان لێ سەندوون . سەرۆکانی جەندەرمە و بەرپرسیارانی دارایی وژەنەراڵەکان و ئەفسەرانی سوپای ئێران . . . هتد ، کە بەم تاوانانە هەڵدەستان ئێستە وا لە تاران پاڵیان داوەتەوە . ژەنەراڵ موعینی کە لە ورمێ بوو هێندەی خوێنرێژی کرد لە ترسا رای کردووە. هەروەها فەرماندەی ئاسایش « ئەمنییە » کە بە کردەوە پیسەکانی ناسراو و بەناودەنگە لەگەڵ بنەماڵەکەی رای کردۆتە تاران و ئێستەش وا لە تاران بەخۆشی دەگوزەرێنێ . کوا ئەو دەستەی کە دەتوانێت کەلەپچە بخاتە مەچەکیان و بەتاوانی نانەوەی ئاژاوە و هەڵگیرساندنی ئاگری شەڕ ، سزایان بدات ؟ ئەم دەستە دەبێ دەوڵەت بێ و پێویستە ئەم تاونکارانە بەرادبکات ». رۆژنامەی پەرچەمیش دیسا تێبینی خۆی لەسەر ئەم نووسراوە بلاو دەکاتەوە ، دەنووسێت : « ئەم گەنجە راستی نەگوتووە کاتێ دەڵێ کوردەکان تاوانبارنین . ئەگەر ئەفسەرانی نێوبراو تاوانبارن ، ئەوا کوردەکانیش بێتاوانین - جەهانبانی کە لە ورمێ گەڕاوتەوە ، ئەوەتە لەرێکەوتی ١٥ی مای ١٩٤٢ لە رادیۆ قسەی کردووە و هیچ باسی رەزائییە - ورمێ - ی نەکردوە و زیاتر لەسەر پێویستی یەکێتی خەڵك ، رێزگرتنی یاسا و بڕیارەکانی

دەوڵەتی ئێران و ، یارمەتیدانی سوپای ئێران بۆ سەقامگیرکردنی هێمنایەتی و ئاسایش و . .هتد ،دواوە

زۆری پێنەچوو جەهانبانی لەگەڵ رۆژنامەنووسەکان هاقپەیڤینێکی سازدا ، دەربارەی گەشتەکەی بۆ رەزائییە-ورمێ-پرسیاریان لێکردبوو، ئەوتبووی کەبۆ دابینکردنی ئاسایش هەنگاونراوە ، پۆستەکانی ئەمنییە دامەزرێنراونەتەوە و زیانی کە لە دانیشتووان کەوتووە قەرەبوو دەکرێتەوە.دوایی جەهانبانی بەتایبەتی ئەوەی دەستنیشان کرد، کەکوردەکان هەموویان باند «چەتە» نین و تاوانبار کردنیان کارێکی راست نییە .بەم چەشنە وەزیری شەڕ جەهانبانی کە بۆخۆی چۆتە ئەوێ و لەنێزیکەوە روداوەکانی بەسەرکردۆتەوە و ئاشنای بارو دۆخی ئەم ناوە بووە ، وای دەردەخات کەشتێکی ئەوتۆ گرنگ لەو ناوە رووی نەداوە.

ئیتلاعات و پەرچەم وەك دوو رۆژنامە ،پشتیوانییان لەناردنی سوپا کردووە بۆ ناوچەی رەزائییە ، پەرچەم دەنووسێت :<< ئێمە لەمێژبوو داوای ئەوشتەمان دەکرد >> .رۆژنامەکانی تریش باسی پێشوازی گەرموگوڕی خەڵکی تەورێز و رەزائییە لە سوپای ئێران دەکەن . رۆژنامەی میهری ئیران-٢ی مای ١٩٤٢- کە ئۆرگانی پارتی عەدالەتە ، باسی پێشوازی خەڵك لە هاتنی سوپای ئێران بۆ ناوچەکە دەکات و دەڵێ : ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە « ئێران هێشتا دەژیت و ورمێ ئێرانییەتی خۆی لەدەستنەداوە هەرماوە و گەر ببینە خاوەن دەوڵەتێکی خاوێن و لایەق ئامادەی هەموو گیانبازی وفیداکارییەك دەبێت ، بەڵام بەداخەوە . رۆژنامەی کوشش یش لەکۆتایی سەروتارەکەیدا باسی پێشوازی سوپای سور لە سوپای ئێران دەکات ، بەسوپاسێکی زۆرەوە دەنووسێت : ئەم هەستە دۆستانیە بۆهەمیشە لای ئێرانییەکان دەمێنێتەوە ».

سوهیلی سەرۆکوەزیرانی ئێران لە رێکەوتی ٢/٦/١٩٤٢ سەبارەت بە قسەکانی نوێنەری مەجلیس تەبتەبایی لەکۆبونەوەی مەجلیسی ئێران لە١٣ی مای١٩٤٢ دا ، کە پشگیری لەکوردەکان کردبوو و داوای کردبوو چەند نوێنەرێکی مەجلیس بۆ لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی ناوچەی ورمێ سەردانی ناوچەکە بکەن و ، لەبەرئەوەی لەوێ هێمنایەتییەکی تەواو هەیە وتاری رۆژنامەکان درۆو دەلەسەن- لەم کاتەدا ئەفشار یەك لە نوێنەرانی مەجلیس هەستایەوە سەرپێ و بەدوای ئەویش دا نوێنەرانی تر بەدەنگی بەرز دژی تەبتەبایی قسەیان کردو هاواریان دەکرد « بۆچی ئێوە پشتیوانی کوردەکان دەکەن؟».

ئەوجا ئەفشار لەسەر بارودۆخی ورمێ قسەی کردو وتی: سێ سەدو سی گوند وێرانکراون ، دوای ئەویش وەزیری پەروەردەوتی: هیچ بەڵگەیەك نیە کە گوایا لە بازاڕی رەزائییە سیوسێ کەس کوژراون ، ئەمە راست نیە ، بەڵام بارودۆخی ورمێ بەو هێندەی لێی ئاگادارین دەکرێ بڵێم : جێگەی مەترسییە. سوهیلی ، لەمەجلیسدا رایگەیاند کە « نوێنەری مەجلیس تەبتەبایی لە کۆبوونەوەی رابردووی مەجلیس بەو قسانەی دەربارەی ورمێ کردی ، نوێنەرانی مەجلیسی ئێران و دانیشتووانی ئازەربێجانی خەفەتبارکرد . . . . . . نوێنەران؛ راستە/هاوار لەجێگەیەکەوە : ئەو قسانە هەموویان درۆی رووت و شەرمەزرانەبوون . لەهەمووی خراپتر ئەوە بوو کە تاکە سەرچاوەی ئەم قسانە زمانی فەهیمی ئوستاندارەو لەوەوە کەڵکی وەردەگرت ، بەڵام فەهیمی لە نامەیەکدا کە بۆمنی نووسیوە وتویەتی قسەکانی تەبتەبایی بێ بنچینەن . نازانم وتێناگەم چی پاڵی نا بە تەبتەبایی ئەم قسانە بکات / ئەفشار: خیانەت/ بەڵام پێموایە کە تەبتەبایی مەبەستی ئەوەبوو کە تووڕەیی و نیگەرانی نوێنەرانی مەجلیس لەسەر روداوەکانی ورمێ کەم بکاتەوە. بەپێی راپۆرتی فەهیمی کە بۆ وەزیری ناوەخۆی ناردووە ژمارەی کوژراوەکان زۆرزێترن لەوەی کە تەبتەبایی باسی کرد. هەروەها دەبێ ژمارەی بریندارو ئەو زیانانەی لە خەڵك کەوتووە زیاتربێت . مایەی ئازارە ئێستە گەربێتوو لێرە باسی هەموو ئەم شتانەبکرێت/ژمارەیەك لەنوێنەرانی مەجلیس : بمرێ خائین/ دەبێ بڵێم کە کوردەکان دانیشتووانی ئێرانن بەڵام بەداخەوە هێندێك گروپی وایان لەنێودا هەن کە هێمنایەتی وئارامی هێندێ ناوچەی ئێران دەشلەژێنن. لەبەرئەوە پێویستە بگوترێت کە لێرە نابێ قسەی وابکرێن بۆپاساودانەوەو چاوپۆشی لەکردەوەکانیان/ راستە / ئاشکرایە کەئەو کەسانەی لە رێگای راست لایانداوە بەتوندی سزادەدرێن /راستە/ نوێنەرانی مەجلیس باش دەزانن کە هەنگاوەکانی دەوڵەت بۆ سەرکوتکردنی چەتەکان زۆر سەرکەو- توو بوون ، و نابێ پەرۆشی ئەو بریندارو نەخۆش و لێقەوماوانەی ورمێ بین ، پێویستە بگوترێت کە ئاغای تەبتەبایی فرێ بەسەر رووداوەکانی ورمێوە نییە. سەبارەت بە ژمارەی کوژار و بریندارەکانی رەزائییە ئەگەر پێویست بێت دەخرێتە بەردەستان .

دوای سوهیلی ، نوێنەرێکی تری مەجلیس ـ دەشتی ـ قسەی کرد ، نێوبراو رێبەری پارتی عەدالەت و

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتەکەبوو لە مەجلیسی ئێراندا . تەبتەبای-یش ئەندامی هەمان پارتە . دەشتی وتی : ماوەی مانگێکی تەواوە تاقمێکی چەتە زیانێکی زۆر دەگەیەننە ناوچەی ورمێ . پێم وایە کە دەبێ دەوڵەت بەزووترین کات و لەوساتەی کە دانیشتووانی رەزائییە رژاونەتە ناو پۆستەو تەلەگرافخانەوداوا لەدەوڵەت دەکەن فریایان کەوێ ، هەنگاو بنێ / نوێنەرانی مەجلیس : راستە / ئێران تا ئێستە پێویستی بەهێمنی هەیە هەر هەستان و راپەرینێك پێویستە بەتاوان لە قەڵەمبدرێت . ناوچەی ورمێ هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ناوچەی فارس دا نی یە . بیروڕای من ئەوەیە کە کوردەکان دەبێ بیرەحمانە سزابدرێن . دۆستی من تەبتەبایی لەگەڵ فەهیمی لەم بارەوە قسەی کردوە لەکۆبوونەوەی پێشوی مەجلیس نیوەرۆکی ئەم وتووێژەی پێشکێش کردن . ئەز بەوپەڕی باوەڕەوە دەڵێم کە ئەو هیچ مەبەستێکی خراپی لەوەدا نەبووە /ئەفشار: قسەکانی تەبتەبایی خیانەتیان لێ دەباری / پێویستە بڵێم ؛ تەبتەبایی بیروبۆچوونی فراکسیۆنی ئێمەی دەرنەبڕیوە بەڵکو هەڵوێستی خۆی دەربڕیوە . ئێمە لەم بارەوە پشتگیری هەنگاوەکانی دەوڵەت دەکەین .

دوابەدوای ئەوە تەبتەبایی کەویستی رونکردنەوەیەك لەسەر قسەکانی خۆی پێشکەش بکات ، وتی : من هەمیشە لایەنگیری ئارامی و رێکوپێکیم لە وڵاتدا / هێندێك لە نوێنەران کۆبوونەوەی مەجلیسیان بەجێهێشت / من لە کۆبوونەوەی رابووردوودا قسەکانی ئوستانداری ئازربێجان فەهیمیم گێڕایەوە ، کە بەگوێرەی قسەکانی وی لە شاری رەزائییە شتێکی ئەوتۆ رووی نەداوەو هەموو تێکهەڵچوون و خراپکاری لە دەورووبەری رەزائییە روویان داوە /تەبتەبایی بەردەوام بوو / بەشێکی زۆری نوێنەران چوونە دەرەوە ، بەیات- کۆتایی کۆبونەوەی مەجلیسی راگەیاند /کاتێ تەبتەبایی تریبیۆنەکەی جێهێڵا ، ئەوانەی چووبوونە دەرەوە یەکسەر گەڕانەوە و کۆبوونەوەی مەجلیس سەر لەنوێ دەستپێکردەوە.

رۆژنامەی « ناهید » لەوتارێکدا دەنوسێت : ئەگەر دەوڵەت مۆڵەت بدات ئێمە بەناوی خەڵکەوە خائینەکانمان -کوردەکان- موحاکەمە دەکردو تەنانەت وەك بڵێ « شەڕی پیرۆزی دژی کافران »مان رادەگەیاند .

گروپێکی خەڵکی ورمێ کە لە تاران دەژین لەنێزیك دەرگەی مەجلیس چاوەڕێ بوون دوای تەواو بوونی کۆڕی مەجلیس دژی تەبتەبایی نارەزایی دەربڕن و لێشی بدەن .

بەڵام سەرۆك وەزیران - سوهیلی - و وەزیرانی تر تەبتەباییان تا بەردەم ئۆتۆمبێلەکەی برد و بەڕێیان کرد، بەم جۆرە بەسەلامەتی گەڕایەوە ماڵەوە.

دەکرێت ئەنجامی روداوەکانی ورمێ لەم خاڵانەی خوارەوە دەستنیشان بکەین:

١- دروستکردنی کۆمیسیۆنی یارمەتیو گەورەکردنەوەی لە چاپەمەنیەکان و بەدەستوری کاربەدەستانی بەرزی ئێرانی بووە، و نیشانەی ئەوەیە کە لە پێشتر پیلانی ئامادەکراوی بۆ دانراوەو ژیرانە و بەگوێرەی میتۆد کاری بۆکراوە، چ لە مەجلیس و چ لە بڵاوکراوەکاندا. جگە لەوە لەئیش و کاری کۆمیسیۆن دا هەم سوهیلی سەرۆك وەزیران و، موعتەمەدی جێگری سەرۆك وەزیران، بەیات جێگری سەرۆکی پەرلەمان هومایۆنجی سەرۆکی کۆمیسیۆن و جێگری شالیاری دەرەوەی ئێران، لەگەڵ کاربەدەستانی پایەبەرزی دەوڵەتی ئێران بەشداریان کردووە،

٢- دەوڵەتی ئێران دەیەوێ رووداوەکانی ورمێ والێبکات کە بە بەرژەوەندی یەکێتی سۆڤێت نەگەڕێتەوە، هەم سۆڤێتییەکان لە بەرچاوی ئێرانیان، و هەمیش لەبەرچاوی بێگانان خوێنتاڵ کات.

٣- بۆچی دەوڵەتی ئێران هەوڵیداوە لەسەر رووداوەکانی ورمێ هەرا ساز بکات:

ئا- تابتوانی سوپا بۆناوچەکە بنێرێت
ب- وای پیشان بدات کە وەك دایك خەمخۆری رۆڵەکانێتی و لەم رێگەوە دانیشتووان لەلایەنگیری سۆڤێت سارد بکاتەوە و دووریان بخاتەوە.
پ- هەستی ئێرانچییەتی دانیشتووانی ئێران- فارس- ئازەربێجان و زەزائیەوتاران ناوچەکانی تربوروژێنێ تا جارێکی تر ئەوە دووبارە بکاتەوە کە ئەرمەنی و ئاسووری و کوردەکان دوژمنی - فارس - ئێرانییەکانن.

دەکرێ بڵێین تەواوی ئەم رووداوانە دەستی ئەڵمانیای فاشی و نۆکەر و سیخورەکانیشی لەئێران و وڵاتانی دراوسێی ئێرانی- لەریزی پێشەوە تورکیا- تێدا بووە.

پێوەندیداری زانیاری
باڵیۆزی سۆڤێت لەئێران
کۆمیسار ڤ. ئا

به شی دووه م

جه مال نه به ز

سه رنج : له به شی یه که می ئه م بیره وه رییه دا ـ دلانپار ژماره 2 ی 1996 ـ ووشه یه ك له کاتی تایپکردندا که وتووه که له هه ندیك دانه ی گۆڤاره ـ که دا چاك نه کراوه ئه وه ش له لاپه ڕی 60 دیڕی 25 دایه « که له ماوه ی ٦ ـ ٧ سه عات وتوویژدا . . هتد » له هیندێ ژماره دا ووشه ی «سه عات» که وتووه ، داوای بوردن له مامۆستاو خوێنه رانی به ڕێز ده که ین . دلانپار

# ڕۆژانی ئاواره بیم له سویسره

## سالی ١٩٦٢

له مانگی ته باخی ( ئاب ) ی ١٩٦٢ دا کۆمه له ی خوێندکارانی کورد له ئه ورووپا ، کۆنگره ی هه فته می خۆی له براون شقایك ( له ئه لمانیا ) به ست . جا له به ر ئه وه ی ئه ز ئه ندامی کۆمه له نه بووم ؛ بۆم نه بوو له و کۆنگره یه دا وه ك ده نگده رێك به شداری بکه م . به لام بیرخه ره وه یه کی خه ستم له به ر ڕۆشنایی ڕێبازی کاژیك بۆ کۆنگره نووسی و ناردم بۆ هاورێم عه لی تۆفیق که ئه و ده مه خوێندکار بوو له زانستگه ی بلفاست [ ئیرله ند ] تا له گه ل خۆی بیبا بۆ کۆنگره ، چونکه ئه و ئه ندام بوو . له و بیرخه ره وه یه دا زۆر به کورتی باسێکی دیرۆکی کوردم له به ر ڕۆشنایی ڕێبازی نه ته وه یی کرد بوو ، و په نجه م بۆ

ئەو هەڵانە راكێشابوو كە لەلایەن **پارتی دیموكراتی كوردستان** و رێكخراوەكانی‌یەوە بەسەركردایەتی **هوردە بۆرژوای ماركسیستی كورد** كرابوون ، و ئەوەم خستبووە بەرچاو كە كورد پێویستی بەگەلە-كۆمەیەكی‌نەتەوەیی‌یە بۆ رزگاربوون . بۆیە دەبێ رۆشنبیری كورد خۆی لە **حزب حزبێنە** دووربخاتەوە . هەروەها دەوری یەكێتی‌ی سۆڤێتم پێشان دابوو وەك رژێمێكی ملهوڕی دوژمن بە ئازادی و یەكسانی‌ی مرۆڤ و دوژمن بەبزووتنەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەی كورد . داوای ئەوەشم كردبوو كە **كۆمەڵەی‌خوێندكارانی كورد لە ئەوروپا** دەوری خۆی بنوێنێ بەگەیاندنی هاواری كورد بە گەلانی ئەورووپا .

پاش ماوەیەك وەرامێكی بیرخەرەوەكەم وەرگرتەوە ، كە بەڕێز **كەمال فوئاد** نووسی بووی و، لە **بەرلینی رۆژهەلاتەوە** ناردبووی بۆم (١) . لە وەرامەكەیدا لەگەلێك خاڵدا پشتگیری بیروڕاكانی منی كردبوو ، بەلام نووسیبووی « **ئێمە یەكێتی سۆڤێت بە دوژمنی كورد نازانین** » و هیچ رەخنەیەكی نەگرتبوو ، نە لە رژێمی سۆڤێت و نە لە هەڵوێستی سەركردە ماركسیستە-كانی پارتی كە خۆی ئەودەمە یەكێك بوو لە سەركردەكانی پارتی و ، **نوێنەری پارتیش بوو لە ئەورووپا** .

جا لەبەر ئەوەی نێوی بەڕێز **عەلی تۆفیق** لێرەدا هات ، بە پێویستی دەزانم باسێكی ویش بكەم . **عەلی تۆفیقم** كاتێك ناسی كە لە **زانستگەی بەغدا** دەمخوێند . بەزۆری لە بەغدا و هاوینانیش لە سلێمانی لەباخی « **بەرتەكێ** » كە چایخانەیەكی گەلێر {شعبی} بوو ، چاومان بەیەك دەكەوت . لە ساڵی ١٩٥٨ ـ ١٩٥٩ دا ، كاتێك لە **قوتابخانەی دووانێوەندی جەعفەری یە { الثانوية الجعفرية }** لە بەغدا **مامۆستای ماتماتیك** بووم ، **عەلی تۆفیق** وەك « **معید** » لە **بەشی كیمیا لە زانستگەی بەغدا** مامۆستا بوو ، ئێواران بەزۆری لە دوكانەكەی **مامۆستا بەشیرموشیر** یەكدیمان دەدی . **عەلی** گەنجێكی كوردپەروەر و رەوشت جوان و مامۆستایەكی لێ هاتوبوو . پێم وایە ساڵ و نیوێك بەر لەوەی بچمە **سویسرە** ئەو چووبووە **بلفاست** بۆ خوێندن . هەر لەوێش **دوكتۆرای لە كیمیا** دا بەماوەیەكی كەم وەرگرت و ، گەڕایەوە كوردستان . **عەلی** پاش **كۆنگرەی كۆمەڵەی خوێندكارانی‌كورد** لە تەباخی ١٩٦٢ دا ، لە **ئەڵمانیاوە** هات بۆسەردانم **بۆ ژنێڤ** ، هەر لەوێش **حەبیبوڵلای رەشیدی** ناسی ، و دڵی بەقسە

خۆشەکانی داچوو .
لە ماوەی ئەم چەند رۆژەدا کە عەلی میوانم بوو ، بیروڕای خۆی بەرامبەر بە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد راگەیاند پێم و ، پێکەوە بارو دۆخی کوردمان لە ئەورووپا شیکردەوە ، و بڕیارمان دا کە بکەوینە کار بۆ رۆشنکردنەوەی ئەو کوردانەی لە ئەورووپا دەژیان .

ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە ، عەلی لە بلفاست کچێکی هاوڕێی هەبوو خەڵکی ئیرلەندە بوو . کچە کە بۆ رۆژنامەیەکی ئیرلەندەیی ووتاری دەنووسی . لەو ماوەیەدا گەلێك ووتاری بە سوودی لەسەر راپەڕینی باشووری کوردستان و دۆزی کورد بەگشتی نووسی ، و لە تەلەفزیۆنی بلفاستیشدا لەسەر کورد قسەی کردو ، دژی سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر بەکورد دووا .ئەوەی راستی بێ ئەودەمە کەم کەس هەبوون لە ئەورووپا کە کورد بناسن ، یان نێوی کوردیان بیستبێ . لەبەرئەمە ئەو ووتار و لێدوانانەی هێلین خزمەتێکی باش بوون بۆبزووتنەوەی کوردایەتی . رووی سپی بێ و ماڵی ئاوا . هەر لەو ماوەیەشدا دۆستی گەورەی کورد هاملتۆن هەندازیاری سکۆتلەندی و نەخشەکێشی شەقامی هاملتۆن لە کوردستان ، چەند ووتارێکی لەسەر کوردستان نووسی ،و داوای لە حکومەتی بەریتانیا کرد یارمەتی کورد بدات .

رۆژێکیان بەڕێز عومەرهەڵەت هات بە میوانیم بۆ ژنێڤ . عومەر لە کوردستانەوە هاتبوو دەچوو بۆ ئەمریکا . بەڵام لە ژنێڤ دابەزیبوو کە چاوی بەمن بکەوێ . بە بینینی هاوڕێ و دراوسێ یەکی بەوەفای وەك عومەر ، زۆر دڵم کرایەوە . کە چووینە دەرەوە بۆ پیاسە ؛ عومەر جلکی کوردی لەبەرکرد ، و بەڕێکەوت بە « باخی ئینگلیزی » Le Jardin Anglais دا تێپەڕین ؛ کە لە پڕ کوڕێکی گەنج چاوی بڕیە عومەر و ، وەك بیناسی تەماشای دەکرد . کە لە کوڕە نێزیك بووینەوە ، بە کوردی گوتی « کاکە ئێوە کوردن ؟ گوتمان : « بەڵێ » . عومەر دەستبەجێ پێی گوت : « ئەری کاکە تۆ لە بنەماڵەی قەزازەکان نیت ؟ » گوتی « با » . ئەوجا یەکدیمان ناسی . کوڕەکە کوڕی خودێ لێ خۆش بوو تۆفیق قەزاز بوو . گوتمان : « دەفەرموو با پێکەوە پیاسە بکەین » . گوتی : « باشە ، بەڵام با بچم خوشکم بانگ بکەم » . گوتمان : « خوشکت لەکوێ یە ؟ » گوتی : « نەختێك لەولاوە لەسەر کورسی یەك دانیشتووە » . ئەوجا پێکەوە چووین بۆلای خوشکەکەی ؛

که زەکێخانی ژنی خودێ لێ خۆش‌بوو سەعید قەزاز بوو ، کە لەسەردەمی **شافەیسەڵدا** وەزیری **نێوخۆی عێراق** بوو ، و لەسەردەمی قاسمدا لەسێدارەدرا . پاش‌گەڕانێکی کەم چوینە ماڵەوە بۆ نانخواردن .

خاوەن ماڵەکەم ؛ **مادام برۆنزینۆ** و مناڵەکانی ؛ زۆریان پێ خۆشبوو کە ژنێکی کوردیان دی . لە قسەکردندا لەگەڵ **زەکێخان** بۆم دەرکەوت کە ژنێکی رۆشنبیر و تێگەیشتووە ، بەڵام زۆر خەفەتبار و دڵشکاوبوو . ئەوەش بەهۆی لەسێدارەدانی بەڕێز **سەعیدقەزازی** مێردی‌یەوە کە لە ئەنجامی **بێ دادی ی دادگەی مەهداوی { المهداوی }** یەوە فەرمانی خنکاندنی درا . ئەم دادگەیە پاش رووخانی **رژێمی شایەتی ی** عێراق و هاتنە سەرکاری **رژێمی قاسم** ، بەنێوی **دادگەی بەرزی سوپایی ی تایبەتی یەوە { المحكمة العسكرية العليا الخاصة }** دامەزرا ، بەڵام کۆمۆنیستەکان نێویان نابوو « **دادگەی گەل** » { **محكمة الشعب** } .

« **دادگەی گەل** » کەربازارێك بوو بۆ خۆی . هەڵبەستی تێدا دەخوێندرایەوە ، جنێوی ساردوسووکی تێدا دەدرا ، گۆرانی تێدا دەگوترا ، جرتی تێدا لێ دەدرا ، و هەمووشی بە تەلەفزیۆن بلاودەکرایەوە . خۆ ئەگەر بهاتایە و فەرمانی کوشتنی تێدا نەدرایە ، ئەوا سینەمایەکی خۆڕایی بوو بۆ پێکەنین . لە کاتی دادگەیی کردنی **سەعیدقەزازدا** ؛ **هێندێك کوردی کۆمۆنیستی عێراقچی ی سۆڤێتچی** ؛ وەك **شەوکەوت غەفووربابان** ، دەچوونە دادگە و هاواریان دەکرد « **داوای سێدارە دەکەین بۆ سەعید قەزاز** » و پەتیان رادەوەشاند بۆی . سەعید قەزاز زۆر مەردانە و ئازایانە هاتە دەست . کە **مەهداوی ی** سەرۆکی دادگە رووی کردە **سەعید قەزاز** و پێ ی گوت : « **ئەمەگەلە** » { هذا هو الشعب } ، **سەعید قەزاز** وەرامی دایەوە : « **ئەمانە چەورەی گەلن** » { هؤلاء هم رعاع الشعب } پاش فەرماندانی **سەعید قەزاز** بە خنکاندن ، زۆر نەترسانە هاتە- دەست و گوتی : « **کاتێك پەتی سێدارە دەخرێتە ملم و هەڵدەکێشرێم . کە مانێك لە ژێر پێ ی خۆمدا دەبینم کە مافی ژیانیان نی یە** » بەڕاستی خەڵکی سلێمانی بەگشتی ، و کۆمۆنیستە مۆسکۆچی‌یەکان بەتایبەتی ، هەڵوێستێکی زۆرناشیر- ینیان هەبوو بەرامبەر بە **سەعید قەزاز** . جێی بەهەشت بێ .

ئەز نامەوێ لەسەر **سەعید قەزاز** بکەمەوە . چونکە **سەعید**

قەزاز لە دادگە گوتی «ئەمە چەندین ساڵە خزمەتی یەکێتی ی عێراق دەکەم» . دیارە ئەوەتەی هەم، باوەڕم بە م سنووری دەستکردەی عێراق و یەکێتی ی درۆزنەی عێراق نەبووە و نی یە و ناشبێ ، بەلام سەعید قەزاز بۆیە لە سێدارەدرا چونکە کوردێکی مەردبوو ، سەری بۆ دیکتاتۆرێتی ی **مەهداوی** و **ماجدو** داروودەستەی کۆمۆنیستە-کان شۆڕنەکرد . هەر بەم بۆنەیەوە دەمەوێ بێژم کە **بەدرخان** لە **ئەمریکا** گەڕایەوە ، گوتی : لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کاربەدەستێکی گەورە پێمی گوت : « فەرمانبەری وا بە دەسەلات و شارەزای وەك سەعید قەزاز لە دەزگەی بەڕێوەبەرێتی ی حکومەتی ئەمریکاشدا کەمن» شایانی باسە کاتی خۆی سەعید قەزاز بە بانگهێشتنی رەسمی سەری ئەمریکای دابوو .

هەر ئەو رۆژە لەگەل زەکێ خان و براکەی و **عومەرهەلەت** بەسەر شەقامێکی گەورەی ژنێڤدا دەگەڕاین ، لە پڕ کابرایەك لەبەردەمماندا وەستا وچاوی بڕیە زەکێ خان ، و بە دەنگێکی نەخۆشەوە و ، بە عەرەبی گوتی : « خانم . چۆنی باشیت . دەمناسیتەوە ؟ » . زەکێ خان گوتی : « ئەی چۆن ناتناسمەوە » ئەوجا **زەکێ خان** بە یەکدی ناساندین . ئەو کابرایە نێوی کازم حەیدەر « کاظم حیدر » بوو ، کاتی خۆی ، و ماوەیەکی کورت پێش کودەتای **قاسم** ، وەك بوێژ و **لێدوو** { معلق } ی رامیاری لە رادیۆی بەغدا کاری دەکرد ، دەنگێکی زۆر بەجۆشی هەبوو . ووتاری دژی **جەمال عەبدولناسر** و کاربەدەستانی بەرزی سووریا « وەك ـ **عەبدالحمید سراج** » ئامادەدەکرد و دەخوێندەوە ، و لەسەر رژێمی عێراقی دەکردەوە . لەبەرئەوە پاش کودەتا گیرابوو ، و خرابووە زیندان . کەلێمان پرسی : « ئەی ئەو دەنگە زولالەت چی لێ هات ؟ » گوتی : « کۆمۆنیستەکان لەزیندان زۆر ئەشکەنجەمیان دا و لەوەوە وام لێ هات » دوایی گوتی : « بە هەزار حاڵ توانیم لە نەخۆشخانەوە رابکەم و خۆم بگەیەنمە کوێت » . ئەو کابرایە لە **بێرووت** لە ١٩٥٩ دا کتێبێکی لەسەر کورد نووسیبوو ، پێم وایە سەرنێوەکەی « **الاکراد . من هم و إلی أین** ؟ » بوو . کە بەگشتی دۆستانە نەبوو . کاتێك خودێ لێ خۆش بوو **سەعید قەزاز** وەزیری نێوخۆی عێراق بوو ، دەزگەی رادیۆ و تەلەفزیۆن سەر

به وەزارەتی نێوخۆبوو . لەبەرئەوە ئەو کابرایە خۆی بەکاربەدەستی وەزارەتی سەعید قەزاز دەزانی . شایانی باسە سەعید قەزاز لە دادگەدا لەسەربەردەستەکانی خۆی کردەوەو گوتی :« هەرچی بووبێ گوناهی ئەوان نی یە . ئەز وەزیر بووم . ئەوان بە فەرمانی من جووڵاونەتەوە . ئەگەر گوناهێك هەبووبێ ، ئەوەهی منە نەك هی ئەوان » ئەم قسەیەی چەند کەسێکی لەسزای خنکاندن رزگارکرد. ئەو رۆژە زۆر دڵخۆشی زەکێ خانم دایەوە . بەڵام ئەو دەیگوت :

« باوەڕبکە هەر کوردێك هاتبێتە لای باوکی پەریخان { پەریخان نێوی کچەکەی بوو کە شووی کرد بە خودێ لێ خۆش بوو دکتۆر کەمال عەبدوللا ناجی خەڵکی سلێمانی } ، باوکی پەریخان دەستی نەناوە بە ڕوی - یەوە ، خزمەتی کردووە . کەچی کورد وا پاداشی ئێمەیان دایەوە » هەوڵم دا تێی بگەیەنم کەنەتەوەی کورد چەمێکە و چەمیش بێ چەقەڵ نابێ . ئەوجا ئەم چیرۆکەی خوارەوەم گێڕایەوە بۆی :

لە نیوەی یەکەمی پەنجاکاندا لە زانستگەی بەغدا دەمخوێند . کۆلێجی ئێمە نزیك وێستگەی شەمەندەفەری بەغدا - کەرکووك بوو . هەر لە تەنیشت کۆلێجەکە مانەوە کۆشکێکی گەورە هەبوو کە ماڵی مامۆستای خودێ لێ خۆش بوو تۆفیق وەهبی بوو . بەرامبەر بەوەش خانوویەکی یەك نهۆمی هەبوو ، ماڵی خودێ لێ خۆش بوو عەقید ئەمین رەواندزی { باوکی دوکتۆر ووریا رەواندزی } بوو . بەشی نێوخۆیی کۆلێجەکەشمان هەر لەتەنیشت کۆلێجەکەوە بوو . پاش نیوە- رۆیەك لە نێوشارەوە دەگەڕا- مەوە بۆ بەشی نێوخۆیی { وا بزانم ساڵی ۱۹۵۲ بوو } . لە بەر دەرگەی ماڵی توفیق وەهبی ، لووتوبزووت شەوکەت غەفوور بابانم دی ، گوتم ها شەوکەت ئەوە چی دەکەیت لێرە ؟ گوتی ؛ « دەچم بۆ ماڵی تۆفیق وەهبی بەگ » . گوتم : « بۆچی ؟ » . گوتی « سوپاسی دەکەم نامەی دامێ بۆ سەعید بەگ { سەعید قەزاز }. گوتم :« نامەی چی؟ » گوتی : دەمەوێ بخوێنم رێم نادەن . دەمەوێ کاربکەم رێم نادەن . داوای « حوسنی سلوك » { حسن السلوك} دەکەن لێم . دەزگەی لێکۆڵینەوەی تاوان { دائرة التحقيقات الجنائية } « حوسنی سلوك » ی نەدەدایێم .

بەڵام جێ بە جێ بوو . گوتم : چۆن ؟ گوتی : « سەعید بەگ جێ بە جێ ی کرد . ئەوجا بە شانازی یەوە گوتی « سەعید بەگ بەپێکەنینەوە گوتی : « هاشەوکەت ! ئەوا من ئەمەم بۆ تۆ کرد، ئەگەر رۆژێ ئێوە بێنە سەرکار، چی لە من دەکەن ؟ » گوتم : من پیاوی وەك جەنابت بە گیان و بە ماڵ دەپارێزم » . ئەو شەوکەتە ، ئەو شەوکەتە بوو کە لە « دادگەی مەهداوی » دا گوریسی بۆ سەعید قەزاز رادەوەشاند . بە زەکێ خانم گوت : « لێرەدا مەبەستم ئەوەنی یە لە سەر خودێ لێ خۆش بوو سەعید قەزاز بکەمەوە . خۆم رەخنەم لە هەلوێستی سەعید قەزاز بەرامبەر مەسەلەی کوردهە بوو. بەڵام کە ساڵی ١٩٥٨ ئەم هەلوێستەی شەوکەت غەفوورم لە تەلەفزیۆن دا دی ، و قسەکانی بەرماڵی تۆفیق وەهبیم هاتەوە بیر کە لە شەوکەت خۆیم بیستبوو ، گوتم وا دیارە عەلی کوڕی ئەبی تالیب بە هەلە دا نەچووە کە جارێکیان کابرایەك پێ ی گوتبوو « فیسارە کەس زۆر بە خراپە باستان دەکات » . ئەویش گوتبووی : « باوەڕ ناکەم ئەو بە خراپە باسی من بکات » کابرا گوتبووی : « بۆچی باوەڕ ناکەیت ؟ » . عەلیش وەرامی دابووەوە : « چونکە من تا ئێستە هیچ چاکەیەکم لەگەڵ نەکردووە ، ئێدی بۆچی ناوم بە خراپە ببات ؟ » . کابرا لەم قسەیە سەری سوڕما بوو ، و گوتبووی : « بۆچی دەبێ چاکەت بەسەر یەکێکەوە هەبێ ، تابەخراپە نێوت ببات ؟ » عەلی گوتبووی : « ئەرێ » . ئەوجا گوتبووی : « إتق شَر من أحسنت إليهِ » { واتە : لە خراپەی ئەو کەسە بترسە کە چاکەت کردووە لەگەلی } .

هەر لەم دەرفەتەدا شتێك لەسەر سەعید قەزاز بۆ مێژوو دەگێڕمەوە : جارێکیان لە سەردەمی رژێمی شایەتی دا ، لە بەغدا لە دوکانی مامۆستابەشیرموشیر دانیشتبووم . کات نزیکەی ٢٢ ی ئێوارەبوو . کەم دوکان مابوو لە سەر شەقامی رەشید بە کراوەیی . لە پڕ ئۆتۆمۆبێلێك لە لێواری جادەکەدا وەستا ، و سەعید قەزاز هاتە خوارەوە یەکسەر بۆ دوکانی مامۆستا بەشیر . بیرم نەماوە دەیویست چی بکڕێ . بەلام لام وایە جگەرەبوو . هەر هاتە پێشەوەو سڵاوی کرد ، گوتی : « وەستا

بەشیر . ئەو شتە خراپانە چین بە ناوی تۆوە بڵاودەبنەوە ؟ کێ ئەوانە دەنووسێ بۆت ؟ » .
مامۆستابەشیر کە گوێی لە ووشەی « وەستا » بوو لە جیاتی « مامۆستا » و « کێ شت دەنووسی‌بۆت » ؛ زۆر تووڕەبوو ، و گوتی :« کێ . . . کێ کێ شت ئەنووسی بۆ ئەمین » { مامۆستا بەشیر کەمێك زمانی دەیگرت ، و بە « من » ی دەگوت « ئەمین » { واتە - ئەمن } ؟ « ئەمین خۆم قەلەمم بە قووەتەو دەینووسم » سەعید قەزاز سەرێکی باداو وگوتی : « باشە قەلەمت بەقووەتە ، بۆچی جنێو بە حکومەت دەدەیت ؟ حکومەت چی لە تۆ کردووە ؟
مامۆستا بەشیر فەرمووی :
« سەعید بێگ ، سەعید بێگ ، با حکومەت خۆی گەوادنەبێ و ئەمینیش جنێوی پێ نەدەم .
باشە بۆچی قسە بە جەنابت ناڵێم ، هەر بە حکومەت دەڵێم ، حکومەت خۆی گەوادە » .
سەعیدقەزاز هیچی پێ نەما ، گوتی : « دەکەواتە باشە . هەر قسە بە حکومەت بڵێ ، بە منی مەڵێ . . . » . وەك گوتم نازانم چی بووکڕی وخودێ حافیزی کرد و ڕۆی .
جا ئەگەر ئێستە وا دابنێین مامۆستابەشیر ئەو قسەیەی بە وەزیرێکی بەعسی ئەوڕۆیێ بگوتایە .
ئەوا دەستبەجێ ئەویش و منیش کە لەلای دانیشتبووم ؛ بەچەند گوللەیەك لە جێی خۆمان سارد کرابووینەوە . شایانی باسە سەعید قەزاز ئەو شەوە بێجگە لە هاژۆژ { شوفێر } ە کەی هیچ پاسەوانێکی لەگەڵ نەبوو .
کە لە زانستگەی بەغدا بووم لە « کۆلیجی پەروەردە » ، مام جەلالیش خوێندکاربوو لە کۆلێجی مافەکان {حقوق} دەیخوێند.بەزۆری بە ئێواران چاومان بەیەك دەکەوت ، یان پێکەوە پیاسەمان دەکرد و باسی گێرەو کێشەی کوردمان دەکرد ، یان دەچووینە لای ناسیاوە عەرەبەکانمان هەر بۆ ئەم باسە .
یان دەهاتینە خزمەت مامۆستا بەشیر موشیر . ساڵی ۱۹٥۳ وا بڕیاردرا کە مام جەلال داخوازینامەیەك بداتە وەزارەتی نێوخۆ ، داوای ئەوە بکات ڕێی بدەن گۆڤارێك بەکوردی دەربکات .
جا لە بەر ئەوەی مام جەلال لەلایەن دەزگەی ئاسایشی عێراقەوە کە بە {دائرة التحقیقات الجنائیة} ناسرا بوو ، بە دوژمنی ڕژێم دادەنرا ، و بێ رازی بوونی ئەوانیش هیچ ڕۆژنامەیەك ڕێ بەدەرچوونی نەدەدرا ، وارێکەوت کە

مام جەلال بچێ بۆ لای سەعید قەزاز خۆی ، کە ئەو کاتە وەزیری نێوخۆ بوو، و قسە لەگەڵ وەزیرخۆی بکات .سەعید قەزاز رازی بوو بەوەی رێ بدرێ **بە دەرچوونی** گۆڤارەکە . پاش ئەوە شتێك رووی دا کەبوو بە هۆی دەرنەکردنی گۆڤارەکە .ئەو شتەم لە بیرنەماوە . بەلام کە مام جەلال لای سەعید قەزاز گەڕایەوە، گوتی : « سەعید قەزاز پێ ی گوتم ، « گۆڤارەکە مەکە بە کتێبی شیوعێتی . هەڵبەستی کوردی ی نیشتمان پەروەرانە ی تێدا بلاو- بکەرەوە ، وەکوهەڵبەستەکانی فایەق بێکەس » ئەم راستی یە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە هەرچەندە سەعید قەزاز ئەندامێکی رژێمی داگیرکەری عێراق بوو، بەلام لەهەموو شتێکدا گوێڕایەڵی رژێم نەبوو .

دەمەوێ بۆ مێژوو لێرەدا شتێك بنووسم . کە زەکێ خان گەڕایەوە کوردستان ئەمانەتێکی منی گەیاندە برادەرەکانم لەوێ ، کە بەوە زۆر سوپاس بژێری خۆیی ی کردم . ئا لەو کاتەدا کە رژێمی قاسم بە سوپای شەڕخوازی عێراق کوردستانی کاول دەکرد و گەلی کوردی گەمارۆ دابوو ، ئەو کارە خزمەتێکی مەزن و کارێکی مەردانە بوو لە ژنێکی مەردی کوردەوە . ئەو ئەمانەتە بریتی بوو لە هێندێ کەرەسەی پێوەندی کردن بە ووڵات و هێندێ شتی دیکە، کە میرکامەران بەدرخان پەیدای کردبوو بۆم ، بە هۆی ئەوەوە پێوەندی کردنم بەبرادەرەکانمەوە لە کوردستان هاسانتر بوو .

شایانی باسە کە بۆ یەکەمینجار میرکامەران بەدرخانم دی ، لێم پرسی ؛ ئەوە بۆچی فەرەنسا بە هەموو زمانێك پرۆگرامی رادیۆی هەیە کەچی بە زمانی کوردی نی یە تی ؟ گوتی : « ئەز خۆشم بیرم لەوە کردووتەوە . بەلام لەمەولا بە خورتی خەریکی دەبم و کەسانێکیش لە بەڕێوەبەرێتی ی دەوڵەتی فەرەنسادا ناسدەکەم کە بۆ ئەم کارە یارمەتیم بدەن » .

راستی یەکەی ئەز لەکۆنەوە لەو باوەڕدابووم کە دامەزراندنی دەزگە- یەکی رادیۆیی بەزمانی کوردی لە لایەن هەر دەوڵەتێکەوە دەبێ با ببێ و بۆ هەرجۆرەمەبەستێك دەبێ با ببێ ، ئەوە جۆرە دان نانێکە بەبوونی کورد دا ، و هۆیەکە بۆ ئەوەی کورد دەنگوباسی خۆیان و جیهان بەزمانی خۆیان ببیستن، و ئەمەش بۆ ئەو سەردەمە شتێکی زۆر گرنگ بوو . هەرلەم رووەوەشەوە بوو کە لە ساڵی ١٩٥٦دا لە دیمەشق نامیلکەی « کفاح الاکراد »

{ خەباتی کورد } م بە نێوی خواستەمەنیی « صامدالکردستانی » یەوە نووسی‌یەوە ، و پێشکێش سەرکردەی ئەوسەردەمەی عەرەب و سەرکۆماری میسر ، خودێ لێ ـ خۆش بوو جەمال **عبدولناسـرم** «**جمال‌عبدالناصر** »م کرد ، و دوایی کەوتینە پێوەندیکردن بە میسرەوە بۆ تێگەیاندنیان لەدۆزی کورد ، یەکێك لە داخوازی یەکانمان **ئەوە بـوو پرۆگرامێکی رادیۆیی بە زمانی کوردی لە قاهیرە دابنرێ .** راستی ـ یەکەی **ناسر** ئەم داخوازی‌یەی هێنایەدی ، و بەرنامەیەکی رادیۆیی دامەزراند ، و بەرنامەکەش کەوتـە ـ دەست چەند کوردێکی باش و لە پێش هەمویانەوە **دوکتۆر یوسف زەند** کە ئەوکاتە لە **زانستگەی قاهیرە** دەیخوێند و ، ئێستەش لە **کیل** { ئەلمانیا } دەژی . ئەو رادیۆیە کە هەمو رۆژێك مارشی کوردستان { ئـەی **رەقیب** } و سـروودی شۆرشگێرانەی لێ دەدا ، نووچە {اخبار }ی سەربە کوردیشی بلاودەـ کردەوە ؛ لە بە هێزکردنی هەستی کوردایەتی دا ، دەورێکی باشی نواند . هەر لەبەر ئەوەش دەمویست لە **فەرەنساش** شتێکی وا هەبێ ، **بەدرخان** گوتی :« **باشە ئەگەر پرۆگرامێکی رادیۆیی بە کوردی ببێ** ، پێویستە دوو کوردی کوردی‌زان کە ئەم کارەیان لە دەست بێ بدۆزینەوە ؛ کـە یەکێکیان ، شێوەی کرمانجی و ئەوەی دیکەش شێوەی سۆرانی باش بزانی . تۆ دەتوانیت دوو کەسی وا پەیدا بکەیت ؟ » .

گوتم :« بەسەرچاو هەولدەدەم » جالەبەرئەوەی لەکوردستان **کامیل ژیر** بەخۆمی گوتبوو کە ئەگەر **بورس**{زمالةدراسیة} یێکی‌خوێندنی لەوولاتێکی ئەورووپایی بۆدەربچێ ، یان جێ‌یەکی کارکردن هەبێ لە ئەورووپا ، بە مەرجێ بتـوانی خوێندنەکەی تەواو بکات ، ئەوا ئامادەیە بێت ، دیارە بیرم **لەکامیل ژیر** کردەوە بۆ ئەم کارە ، بەلام جارێ وەستام ، هەتا **میربەدرخان** دلنیام دەکات لەوەی کەهەولەکەی سەری گرتووە . بۆجاری دووەم کە لە **ژنێڤ** چاوم بە **میربەدرخان** کەوتەوە و باسی رادیۆکەم پرسی لێ‌ی ، نامەیەکی لەگیرفانی دەرهێنا کە بە زمانی فەرەنسی نووسرابوو ، و گوتی :« **ئەوەتە کارەکە کە وتووەتە سەرێ و چێ دەبێ** » راستی‌یەکەی من نامەکەم بەهوردی و بەتەواوی نەخوێندەوە ، بەلام چاوێکم پێداگێرا و ووشەیەك سەرنجی راکێشا ؛ ئەوەش **Dialecte kurde** واتـە « شێوە ( لهجە ) ی کوردی » بوو .

گوتم : « میرم لێرەدا زمانی کوردی بە« شێوە » دراوەتە قەلەم » گوتی : « ئەوە خەم ناکات . واش بنووسرێ کوردی هەر زمانە » . زۆر لە سەری نەرۆیشتم،و نامەکەم دایەوەدەستی . دووایی گوتم : « باشە میرم. ئێستە هەوڵ بدەم دوو کوردی وا بدۆزمەوە کە بۆ ئەم کارە ژێهاتی بن ؟» . گوتی :« جارێ تۆ یەکێك بدۆزەرەوە بۆ سۆرانی » گوتم :« ئەو کەسە ئاگاداربکەم بێ بۆئێرە ؟ » . گوتی : « ئەرێ . بەڵێنم وەر- گرتووە کە ئەم کارە جێ بەجێ دەبێ . بەلام رەنگە نەختێك بخایەنێ » . ئەوسا گوتم : « برادەرێك هەیە نێوی کامیل ژیرە لە بەغدا کاردەکات ، و ئامادەیە بێ بۆ پاریس ، بۆ ئەوەی کارێکی رادیۆیی بگرێتە دەست ، و خۆم دەیناسم و دەزانم ئەم کارەی پێ دەکرێ » گوتی « باشە » . ئەوجا نامەم بۆ کامیل ژیر نووسی و تێم گەیاند کە مەسەلەکە چی یە ، و دەبێ بێ بۆ ژنێڤ . ئەویش پاش ماوەیەکی کەم هاتە ژنێڤ، کە هات گوتی : « دەستم لە کارەکەم هەڵگرتووە » . کامیل ژیر ئەو حەلە وەك مووچەخۆرێکی بچووك لەلای بەرێز رەشید عارف کە کۆمپانی یەکی گەورەی هەبوو لە بەغدا ؛ کاری دەکرد . پاش گەیشتنی کامیل ژیر، تەلەفۆنم بۆ میربەدرخان کرد، گوتم :« ئەوا لە سەرقسەکەی جەنابت ئەو برادەرەی کە دەبێ بۆ رادیۆ کاربکات گەیشتووتە ئێرە . تکایە هەوڵ بدە لە کۆنسلخانەی فەرەنسا لە ژنێڤ ڤیزەیەکی بدەنێ و ، بێتە خزمەتت بۆ پاریس » . میر بەدرخان گوتی :« باجارێ ماوەیەك لە ژنێڤ چاوەڕوان بکات تا کارەکە بەتەواوی دەچەسپێ ، ئەوجا خۆم ئاگادارتان دەکەم » . گوتم « باشە » . کامیل ژیر ماوەیەکی باش لەلای من مایەوە،و چاوەڕوانی هەواڵی میربەدرخانی دەکرد . هەواڵ هەر نەبوو . ئەویش زۆر نارەحەت بوو . لەم ماوەیەدا نامەیە- کی نووسی بۆ هۆمەری دزەیی { کە ئەودەمە لەپاریس دەیخوێند، و ئێستە لە بەشی کوردی رادیۆی دەنگی ئەمریکا کار دەکات } تا بزانێ مەسەلەکە چۆنە . چونکە هۆمەر شارەزای باروودۆخی فەرەنسا بوو، و زوو زوو هاتووچۆی میر بەدرخانی دەکرد . لام وایە هەر بە هۆی میر بەدرخانیشەوە بورسێکی خوێندنی وەرگرتبوو .

هۆمەری دزەیی زوو وەرامی کامیل ژیری دایەوە ، و نووسی بووی بۆی کە « کامیل نابێ بەتەمای هیچ بێ چونکە ئەو « هۆمەر » بە هیچ جۆرێك باوەڕ بە « بەڵێنی بەدرخانی » ناکات » . ئـەم نامەیەی هۆمەری دزەیی کە خۆی ساڵێك دوای ئەوە هاتە ئەڵمانیا، و لەوێ یەکتریمان ناسی و بووینە دۆستی یەك ، منی خستە گومان و بیرکردنەوە، و تەلەفۆنێکم کرد بـۆ بەدرخان. بەلام بەدرخان لە ماڵ نەبوو ، ژنەکەی لە ماڵ بوو ، هاتـە سەر تەلەفۆن و باسەکەم لەگەڵ کردەوە. ژنەکەی بەدرخان کە لەبنەڕەتدا خەڵکی پۆڵۆنیا بوو، و کاتی خۆی قوتابی بەدرخان خۆی بوو بوو ، دووایی هێنابووی ، بـە فەرەنسی گوتی : « ئەم کارە درێژە دەکێشێ و دەبێ ئێوە ئارام بگرن » . منیش گوتم : « میرخۆی بە منی گوت برادەرەکەم ئاگادار بکەم بێت بۆ ئێرە ، ئەگەنا جارێ رادەوەستاین هەتا کارەکە تەواو دەبـوو ، ئەوجا برادەرەکەمان بانگ دەکرد » خانمی بـە درخان گوتی : « راستی یەکەی هێشتا بڕیاری کۆتایی لە سەرنە دراوە » کـە ئەمەی گوت زۆر خەفەتبار و بێزاربووم . چونکە وەك باسم کرد کامیل ژیر دەیگوت « بە جارێ وازم لە کارەکەم هێناوە و هاتووم بۆ ئێرە » . پاش ماوەیەك کە هیچ وەرام نەبوو، کامیل ژیـر بڕیاریدا بگەڕێتەوە بۆ بەغدا و گەڕایەوە ؛ و هەرپاش گەڕانەوەی یەکسەر چووەوە سەر کارەکەی خۆی . بەلام ئەم تاقیکردنەوەیە وانـە « دەرس » ێکی باش بوو بۆ من و سوودم لێوەرگرت ، و مەسەلەی رادیۆکەش دوای ئەمە بوو بە سەرچاوەی، هێندێك چیرۆکی جیاجیا هەرچی بەدرخان خۆی بوو ؛ دەیگوت : « کارەکە تەواو بوو بوو، بەلام وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا هەلی وەشاندەوە لەبەر دلی ترکیا » . هێندێك دەیان گوت « شای ئێران رازی نەبووە . تەنانەت بەدرخان لە بەر دلی شای ئێران زمانی کوردی بە « شێوەیەك » داوە تە قەلەم ، نەك بە زمانێکی سەر بەخۆ ، لەگەل ئەوەشدا شا هەر رازی نەبووە ، گوتوویێتی ئێمە لە ئێران رادیۆی کوردیمان هەیە، و پێویست بە رادیۆی پاریس ناکات، و بەدرخانیش لە بەر دلی شا وازی لە پرۆژەکە هێناوە وگوایە ، بەکاربەدەستانی فەرەنسای گوتووە : « کورد جارێ پسپۆڕی وایان نی یە

بەکەڵکی ئەو کارە بێ ».
ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە **بەدرخان** لە نێو کوردەکانی ئەورووپادا ناحەزێکی زۆری هەبوو، بەتایبەتی ئەوانەی لە دەوری **کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا** کۆبووبوونەوە. پێم وایە بەشێکی ئەو ناحەزی یە لە بەرچاوتەنگی یەوە هاتبوو. چونکە **بەدرخان** بەتاقی تەنێ هێندێ شتی لە دەست دەهات، ئەوان بەهەموویان و کۆمەڵە و حزبەکەشیانەوە لە دەستیان نەدەهات. لەگەڵ ئەمەشدا **هۆمەری دزەیی** بە سایی ی خودێوە ماوە، و ئەویش دەتوانێ بیروڕای خۆی دەرببڕێ.

شایانی باسە کاتێک کە خوێندکار بووم **لە زانستگەی بەغدا، فیزیک** و **ماتماتیکم** دەخوێند، بەلام چونکە زۆر حەزم لە فێربوونی زمان دەکرد، خۆم لە ئامۆژگەی بەریتانیا British Council Institute نێو - نووس کرد بۆ خوێندنی ئەدەبیاتی ئینگلیزی، هەر لەو ماوەیەشدا بوو کە چیرۆکی گەرداوەکە **The Tempest** ی **ولیم شیکسپیر** و چەند بەرهەمێکی دیکەم لە زمانی ئینگلیزی یەوە کرد بە کوردی. هەر لەو سالانەشدا خۆم لە قوتابخانەیەکی تایبەتی ی ئێواران کە لە **باب الشرقی** بوو، نێو نووس کرد بۆ فێربوونی **زمانی فەرەنسی** زمانی ئینگلیزیم هەر لە قوتابخانەی سەرەتایی یەوە خوێند بوو، بەلام لە زمانی فەرەنسی دا دەسپێکەر بووم. زمانی فەرەنسیم بەلاوە زۆر خۆش بوو، لەبەر ئەوە خۆم پێوە خەریك کرد. کە لە سالانی ١٩٥٥ - ١٩٥٦ و **١٩٥٦** - ١٩٥٧ دا **مامۆستای قوتابخانە نێوەندی- یەکانی کەرکووک** بووم؛ بووم بە هاوڕێی مامۆستایەکی ی کوردستانی ی خەڵکی **ئەلقوش** کە نێوی **مامۆستا مووسا نووح** بوو. **مامۆستا نووح** لە **کۆلێجی بازرگانی ی** بەغدا دەرچوو بوو، و لەوێ ٤ سال زمانی فەرەنسی خوێند بوو، باش فێری بوو بوو. ئەویش گەلێك یارمەتیمی دا بۆ زێتر فێربوونی ئەم زمانە. کە لە سالانی ١٩٥٨ و ١٩٥٩ دا **مامۆستای قوتابخانەی نێوەندیی جەعفەری یە ( الثانوية الجعفرية )** بووم لە **بەغدا**. کابرایەکی **فلە** (مەسیحی) م دۆزی یەوە کە (٤٠) سال لە پاریس ژیا بوو، وگەڕابووەوە بەغدا. هەفتەی دووجار، دەچووم لەلای وی زمانی فەرەنسیم دەخوێند. بەم جۆرە کە چوومە **ژنێف** تا ئەندازەیەك فەرەنسیم دەزانی. بەلام بەگەیشتنم بۆ **ژنێف** خۆم لە قوتابخانەیەك، کە نێوی **Ecole Benedict** بوو نێونووس کرد، و هەموو رۆژێك چوار

سەعات زمانی فەرەنسیم دەخوێند ، و بە ئێوارانیش کەدەچوومە چایخانە ، چەند رۆژنامەیەکی فەرەنسی زمانی سویسرە و فەرەنسا و بە لچیکا هەڵواسرابوون، دەمخوێندنەوەو لەگەڵ خەڵکیدا بە فەرەنسی قسەمدەکرد ، و لەهەمووش باشتر ئەوەبوو کە لە ماڵێکدا دەژیام زمانیان فەرەنسی بوو. ئەمە وای لە من کردبوو کە هەر بە فەرەنسی قسەبکەم . کە قسەم بکردایە و هەڵەیەکم بکردایە ، گورج راستیان دەکردەوە بۆم ، جا کە کاتێ گەیشتمە ژنێڤ هێشتا پشووی هاوین بوو ، و جارێ خوێندن لە زانستگە دەستی پێ نەکردبوو. کە زانستگە کرایەوە فەرەنسی یەکەم وای لێهاتبوو کەبتوانم لەوانە(دەرس) کان بگەم و بتوانم کتێبەکان بەیارمەتی ی فەرهەنگ بخوێنمەوە . پاش ئەوەی کە لە سویسرەش تەمام هەر وازم لە پەرەپێدانی فێربوونی زمانی فەرەنسی نەهانی، و ئێستەش هەر بە فەرەنسی شت دەخوێنمەوە و قسەدەکەم .

مانگێك بەرلەوەی بچم بۆ ژنێڤ چوومە کۆنسڵخانەی سویسرە لە بەغدا ، و داوای ڤیزەم کرد ، و لەگەڵ داخوازینامەکەم بۆ ڤیزە وێنەی باوەرنامەی وەرگرتنم لە زانستگەی ژنێڤ پێشکێش کرد (٢) و هۆی چوونم بۆ سویسرە « خوێندن لە زانستگەی ژنێڤ » تۆمارکرد ، کۆنسڵخانەی سویسرەش لە سەر بنچینەی ئەو باوەرنامەیە ؛ ڤیزەی سێ مانگی پێدام ، و کۆنسڵ گوتی : « لەوێ ڤیزەکە درێژدەکەنەوە بۆت ؛ چونکە تۆ بۆخوێندن دەچیت. کە زانی کوردم ، گوتی : « لە سویسرە خوێندکارە کوردەکان کۆمەڵەیەکی خوێندکاری یان هەیە ، دیارە ئەگەر پێویستیت بە یارمەتی بوو ؛ یارمەتیت دەدەن . کە چووم بۆ سویسرە ، بەر لەوەی ٣ مانگ ببرێتەوە ، لە رۆژی ٢٦/٧/١٩٦٢دا داخوازینامەیەکم بۆ درێژکردنەوەی مانەوە پڕکردەوە، و هەرئەو رۆژە دامەدەست کار- بەدەستانی سەرپەرشتی ی دانیشتووان Controle de L'habitant کە سەر بە وەزارەتی نێوخۆی کانتۆنی ژنێڤە . لەوێ تەماشای داخوازینامەکەمیان کرد ،و سەیری دۆسێیەکیان کرد ، و گوتیان : « بە نووسین وەرامت دەدەینەوە » بەڵام ماوەیەکی دووردرێژ تێپەری بەسەر داخوازی یەکەمدا هیچ وەرام نەبوو . رۆژی ٢٠ / ٩ / ١٩٦٢ ؛ واتە نێزیکەی دوو مانگێك پاش داخوازی- نامەکەم ؛ وەرامێك لەدەزگەی نێوبراوەوە هات بۆم { کۆپی ئەو نامەیە لە پاشکۆی ئەم بیرەوەری یە دایە } کە تێ ی دا نووسرابوو « ببوورن

ناتوانین داخوازییەکەتان جێ‌بەجێ بکەین » . هۆی ئەمەش بەوە پاساو درابوو ؛ کە گوایە ماوەیەکی کورت لەمەوبەر ( واتە پێش ۲۰ / ۹ ) کۆڕی دەوڵەتی ی کۆماری سویسرە و کانتۆنی ژنێڤ بڕیاری داوە ؛ ئەوانەی تەمەنیان لە (۲۵) ساڵ تێپەڕی کردبێ ؛ « ڕێ ی یان پێ نادرێ بۆ خوێندن و مانەوە لە ژنێڤ » گوایە ئەم بڕیارەش پاش ئەوە دراوە کە تەماشاکراوە شارەکە بێگانەی زۆری تێدا دەژی ، و خانوو بەگران دەست دەکەوێ ؛ و جێگەی خوێندنیش تەنگ بووە ». لەبەر ئەوە تا ۱۵ / ۱۰ /۱۹۶۲ ماوەیان دانا بوو بۆم کە کانتۆنەکەیان ، واتە کانتۆنی ژنێڤ بەجێ بهێڵم »و نووسیبوویان « دەتوانیت لە کانتۆنێکی دیکە درێژە بە خوێندنەکەت بدەیت » . بەلام لە زانستگەی هیچ کانتۆنێکی دیکە وەرنەگیرابووم . هەر کە نامەکەم خوێندەوە دەست بەجێ هەستم بەوە کرد کە ئەم هۆیانەی باسکراون بیانوویەکی ڕووتن. چونکە زانستگەی ژنێڤ منی وەرگرتبوو و بڕابووەوە. کاتێکیش کە هاتم بۆ ژنێڤ بۆخوێندن بڕیاری وا نەبوو، ئەگەر ببوایە لەکۆنسولخانەی سویسرە پێمیان دەگوت ، و ڤیزەیان بۆ خوێندن نەدەدامێ . کاتێکیش کە لە ژنێڤ داوای درێژکردنەوەی ڤیزەکەم کرد بۆخوێندن ؛ بڕیاری وا نەبوو. چونکە ئەگەر بڕیاری وا ببوایە یەکسەر پێمیان دەگوت . لە نامەکەی خۆشیاندا نووسراوە کە ماوەیەکی کورت لەمەوبەر ( واتە بەرلە ۲۰ / ۹ ) ئەو بڕیارە دەرچووە. من داخوازییەکەم لە ۲٦ / ۷ دا دابوو ، ئەوان دوو مانگێك دووای ئەوە وەرامی منیان دایەوە ، واتە دەبێ چاوەڕوانی ئەو بڕیارەیان کردبێ تا ئەوجا نامە بنووسن بۆم . بیانووی ئەوەش کەخانوو ، واتە جێ‌ی ژیان ، بەگران دەستدەکەوێ ڕاست بوو، بەلام من جێ‌ی ژیانم هەبوو . لەبەر ئەمە هەر نامەکەم پێ‌گەیشت ؛ یەکسەر چووم بۆ بەشی وەرگرتن لە زانستگەونامەکەم دایە دەست کاربەدەستی ئەو بەشە . کابرا تەماشای تۆمارەکەی زانستگەی کرد. و گوتی: « تۆ بەرەسمی لێرە خوێندکاریت. وەرگرتنی تۆش لە زانستگە بەدەست زانستگەیە ، نەك بەدەست کاربەدەستی سەرپەرشتی ی دانیشتووان » . گوتم :« ئەی بۆچی وا دەنووسن بۆم ؟» گوتی :« نازانم . تائێستە شتی وا ڕووی نەداوە ، ئاگام لە بڕیاری واش نییە کە لەلایەن کۆڕی دەولەت وکانتۆنی ژنێڤەوە

دە رچووبێ . لە بە رئە وە بە لامە وە شتێکی سە یرە ، بە لام جارێ تۆ بچۆ بۆ دە زگە ی سە رپە رشتی ی دانیشتووان ، بزانە چی یە ›› .
بەرلەوەی بچەمە دەزگەی سەرپەرشتیی دانیشتووان ، گەڕامەوە ماڵێ ، بۆ ئەوەی پرسیێك بەخاوەن ماڵەکەم ، مادام برۆنزینۆ بکەم ، بزانم بیروڕای وی چی یە . مادام برۆنزینۆ ژنێکی خوێندەوارو ڕۆشنبیر بوو . کە چوومە ماڵەوە و نامەکەم پێشاندا ؛ بە خوێندنەوەی زۆر تووڕە بوو ، و گوتی : ‹‹ ئەم ورێنە یە چی یە ؟ ›› گوتم : ‹‹ نازانم . چووم بۆ زانستگە ، ئە وانیش نازانن چی یە ، و لە وێ گوتیان بچۆ بۆ دە زگە ی سە رپە رشتی ی دانیشتووان ، تۆ دە ڵێیت چی ؟ ›› گوتی : ‹‹ باشە ، بە لام نابێ بە تە نێ بچیت . دێم لە گە ڵت ›› . کە چوینە دەزگە مادام برۆنزینۆ لەگەڵ کاربەدەستێك قسەی کرد کە کارەکەی منی لە لا بوو . کاربەدەستە ـ کە ، گوتی : ‹‹ ماوە یە کی کورت لە ـ مە وبە ر ، وابڕیاردرا ئە وانە ی دێن بۆ خوێندن و تە مە نیان لە ٢٥ ساڵ بە رە وژوورترە ، مافی خوێندن و مانە وە یان نە درێتێ ›› . مادامیش لێ ی پرسی لە کە یە وە ئە م بڕیارە هە یە ؟ . گوتی : ‹‹ زۆر دە مێك نی یە ›› . مادام گوتی :
‹‹ باشە بڕیارە کە م پێشان بدە ›› . کاربەدەستەکە ، گوتی : ‹‹ بڕیارەکە لە بە ردە ستی مندا نی یە ›› .
مادامیش گوتی : ‹‹ تۆ ئە م نامە یە ت نووسیوە ، و پە نجە ت راکێشاوە بۆ بڕیارێك کە بە پێ ی ئە وە ئە م کوڕە لە م ووڵاتە دە ردە کە یت ، کە چی ناتە وێ بڕیارە کە پێشان بدەیت ؟ ›› . گوتی : ‹ بڕیارە کە لە بە ردە ستمدانی یە ›› .
مادام گوتی : ‹‹ باشە دە مە وێ بچم لە گە ڵ سە رکردە ی بە شە کە ت قسە بکە م ›› . گوتی : ‹‹ باشە ›› و تە لەفۆنێکی کورتی بۆ سەرکردەکەی کرد و گوتی : ‹‹ سوێسرە یی یە ك و بێگانە یە ك دە یانە وێ بتبینن ›› . دوایی گوتی : ‹‹ فە رموون بچن بۆلای ›› .
مادام برۆنزینۆ گوتی : ‹‹ تۆمەیەرە ژووری . چونکە کە تۆ لە گە ڵم بێیت ؛ لە وانە یە هە موو قسە یە ك نە کات ، با بزانم دە بێژێ چی ؟ ›› مادام نێزیکەی نیو سە عاتێك لە لای سەرکردەی بەشەکە مایەوە ، و کە هاتە دەرەوە ڕەنگی زۆر تێکچووبوو ، و تووڕە دیاربوو . گوتی : ‹‹ ویستم بزانم چە ند کە س نامە ی وای بۆچووە ، بۆم دە رکە وت کە جارێ هە ر توێت نامە ی وات بۆ هاتووە ›› . دوایی گوتی : ‹‹ سە یر ئە وە یە کە قسە م لە گە ڵ

سەرکردەی بەش کرد ، و تێم گەیاند کە تۆ مرۆڤێکی زۆر باشی و هێمن و بێ زیانیت ، کەچی ئەو هەر لە خۆیەوە باسی ئەوەی کرد کە سویسرە دەولەتێکی بێ لایەنە ، ئەمە چ پێوەندی یەکی بەم کارەوە هەیە » . بێگومان مادام برۆنزینۆ لەو قسەیە نەگەیشتبوو، چونکە لە هەمووژیانی‌دا بۆیەکەمینجار کوردێکی دی بوو کە ئەویش ئەز بووم ، و بەهۆی منەوە چەند کوردێکی دیکەی ناسیبوو ، و بۆ یەکەمینجاریش ، هەر بەهۆی منەوە ، مەسەلەی کوردی بیستبوو . بەلام من زوو تێگەیشتم. چونکە دەمزانی هەولدانی من بۆ خستنەرووی دۆزی کورد بەدەمە-تەقێکردن لەسەری ، و بلاوکردنەوەی دەنگوباسی راپەرینی کورد ،وچالاکی نواندن لەنێوان رۆشنبیراندا ، دلی رژێمی عێراق و رژێمە داگیرکەرەکانی دیکەی کوردستان لە سویسرە دەیەشێنێ ، کە ئەمانە هەمووی پێوەندی‌ی دیپلۆماسی و بازرگانی‌ی توندوتۆلیان لەگەل دەولەتی سویسرە هەبوو وهەیە، و کوردیش ئەستێرەی بەئاسمانەوەنی‌یە . لەبەرئەوە مادام برۆنزینۆ زووباوەری بەقسەکەم کرد ،کاتێك پێم گوت :« ئەمە هەمووی بیانووە ، و مەسەلەکە مەسەلە-یەکی سیاسی یە ، و پێوەندی‌ی بە ٢٥ سالی یەوە نی یە . جا لەبەرئەوەی هیچ کارێکی ناقانوونیم نەکردووە ، ئەوا ناتوانن لە رێ‌ی قانوونەوە بمگرن . بۆیە ئەو بیانووە گەوجانەیەیان دروست کردووە ».

ئەو ئێوارەیە چووم بۆلای حەبیبوللا هەرچاوم پێکەوت و پێنەکەوت گوتی :« جەمال خۆ ئەوە دەریان کردگی !». گوتم :« تۆ چونت زانی ؟ » . گوتی : « ئێستە تەلەفۆنم لێ کردیت ، تۆ لە مال نەبوویت . مادام برۆنزینۆ باسی کرد بۆم » . منیش نامەکەم پێشاندا . کە حەبیبوللا نامەکەی خوێندەوە ، گوتی :«خاسە جەمال . ئێستە تێگەیشتیت کە ئەم سوێسگەلە چۆنن ؟ خاسە ئەوا من پیاوێك خراوم ، چونکە جاروبار کە نارەحەت و خەفەئەووم ( دەبم ) چەند ترپێکیان تێ ئەگرم. خۆ تۆ ئەوە شت تێ نەگرتوون . بووچە شاروەدەرت ( شار-بەدەرت ) دەکەن ؟ » کردمان بە پێکەنین .

هەر ئەو ئێوارەیە تەلەفۆنم بۆ عیسمەت شەریف وانلی کرد ، چیرۆکەکەم گێرایەوە بۆی . گوتی : « راستە . ئەمە بیانووە . بەلام سبەینێ دێم بۆ ژنێڤ بۆلات ، و دەتبەم بۆ لای ناسیاوێك کە

ڕەنگە بتوانێ یارمەتیت بدات ››.
سبەینێ عیسمەت هات بۆ ژنێڤ
منی برد بۆ لای کابرایەکی
سویسرەیی کە نێوەکەیم بە داخەوە
لە بیر نەماوە . کابرا کە لەوە دەچوو
کە چەپی و سەربە کۆمەڵەیەکی
مافی مرۆڤ بێ . بەڵام بە زمان
پاراویی و هەڵسوکەوت دا وەك
ڕەفیق چالاکی خۆمانم دەهاتە
پێش چاو . ئەم برادەرە یەکسەر
لەگەڵم هات بۆ دەزگەی سەر-
پەرشتی ی دانیشتووان ، و هەر
گەیشتینە ئەوێ و ڕیزێك جنێوی دا
بەکاربەدەستی دەزگەو گوتی :‹‹ ئەز
شەرمم بە خۆم دێ کە سویسرە-
ییم ›› . دوایی گوتی : ‹‹ دەمەوێ
لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی ی
دەزگەکەتان قسە بکەم ›› .
بەڵام بەرلەوەی ئەوان ڕێ بدەن
بچێ بۆلای بەڕێوەبەری گشتی ،
ئەم بەمنی گوت :‹‹وەرە لەگەڵم››
و چووە بەردەرگەی بەڕێوەبەر کە
ژوورەکەی لە نهۆمی سەرەوەی
خانووەکەدا بوو . یەك جار لە
دەرگەکەی دا و ڕانەوەستا پێی-
بڵێن : ‹‹ فەرموو بۆ ژوورەوە ›› .
چووە ژوورەوە و منیش بەدوای دا .
بەڕێوەبەر کابرایەکی چوارشانەی
چاویلکە لەچاوی ڕووترش بوو ،
لەپشت مێزەکەیەوە دانیشتبوو ،
فنجانێك قاوەی لەبەردەم دا بوو و
تەماشای ڕۆژنامەیەکی دەکرد .
برادەرەکەم دەستبەجێ پێی گوت
: ‹‹ میسیۆ . بەم زووانە ئابڕوو-
چوونی کاری ناڕەوای خۆتان
لە دژی میسیۆ نەبەز - پەنجەی
ڕاکێشا بۆ من - هەرلەو ڕۆژنامە-
یەدا دەخوێنیتەوە ›› . بەڕێوەبەر-
ەکە سەرێکی بادا و گوتی :
‹‹ تێ ناگەم ! چیت دەوێ ››.
ئەوجا ئەمیش باسەکەی گێڕایەوە
بۆی ، و نامەکەی خستە بەردەمی و
گوتی :‹‹ ئەمە چی یە ؟›› بەڕێوەبەر
کە نامەکەی خوێندەوە گوتی :
‹‹ ئاگام لەم شتە نی یە ›› ئەوجا
برادەرەکەم هاواری کرد بەسەری دا و
گوتی : ‹‹ تۆ چۆن بەڕێوەبەری
گشتی ی ئەم دەزگەیەیت و
ئاگات لەوە نی یە خەڵك
بە ناڕەوا لە وڵاتەکەمان دەر-
دەکەن ؟ ئەم نامەیە لە ئێوەوە
دەرچووە ›› . بەڕێوەبەرەکە زۆر
تێکچوو و گوتی : ‹‹ نازانم . ڕەنگە
بڕیارەکە لە سەرەوە هاتبێ
بە لای مندا تێنەپەڕیبێ ›› .
برادەرەکەش بەگاڵتە پێکردنێکەوە
پێی گوت :‹‹میسیۆی بەڕێوەبەر !
ئەم نامەیە لە ئێوەوە هاتووە
لەسەر بنچینەی بڕیارێك لە
ئێوەوە ، لە خۆتانەوە . لە سەروو
جەنابیشتەوە نهۆمێکی دیکە
نی یە (سەرنج : ژووری بەڕێوەبەرەکە لە

نهلەمی سەری سەرەوەی خانووەکەدا بوو ).
جەنابت بۆچی قسەی ڕاست ناکەیت؟ ئەگەر سەرەوەیەکتان هەیە و ئەز بەچاو نایبینم. دەفەرموون بێژن شەرم مەکەن >>. بەڕێوەبەرەکە کە زۆر تەنگاوبوو بوو، گوتی: << ببوورن. دەبێ لە بەشی تایبەتی بپرسم >>. ئەوەی گوت و لە ژوورەکەی خۆی چووە دەرەوە، بەڵام کە چووە دەرێ دەرگەی ژوورەکەی بەکراوەیی هێشتەوە. برادەرەکەم گوتی: << بزانە ئەم کابرایە چۆن خۆی گێل دەکات. نەیویست بەردەستەکانی خۆی بانگ بکات بۆ ئێرە، یا بە تەلەفۆن قسە بکات لەگەڵیان. خۆی چوو بۆلایان. تا ئێمە گوێمان لێ نەبێ چ دەبێژی؟ >> کە بەڕێوەبەرەکە گەڕایەوە گوتی: << ڕاستە ئەمە بڕیارێکە و لە کۆڕی دەوڵەتی کۆماری و کانتۆنی ژنێڤەوە دەرچووە. ئەو بیگانەیەی تەمەنی لە ٢٥ ساڵ تێپەڕی کردبێ، مافی ئەوەی نادرێتێ لە زانستگە و دەزگە خوێندەوارییەکانی ژنێڤدا بخوێنێ، و مافی مانەوەشی لە ژنێڤ پێنادرێ >>. برادەرەکەم گوتی: << ئەم بڕیارەکەی دەرچووە؟ >> گوتی: << ماوەیەکی کورت لەمەوبەر کاتێك لە سەفەر بووم >>. منیش دەستبەجێ بەسەرکردەی دەزگەی سەرپەرشتیی دانیشتووانم گوت: << وەك جەنابیشتان دەبێژن، ئەم بڕیارە تازە دەرچووە. ئەگەنا کۆنسوڵخانەی سویسرە لە بەغدا ڤیزەی خوێندنی نەدەدا بە من، و زانستگەی ژنێڤیش منی وەك خوێندکار وەرنەدەگرت. جا ئەگەر ئێستە بڕیارێك دەرچووبێ دووای وەرگرتنی من لە زانستگە و دووای ڤیزەدان بە من و هاتنم بۆ سویسرە، و ژیانم لێرە ماوەی چەند مانگێك، ئەوە دیارە ئەو بڕیارە من ناگرێتەوە. ئەمەش لە هەموو جیهاندا وایە. بڕیار بۆ لەمەودووایە نەك بۆ لەمەوپێش. بەڵام سەیر ئەمەیە ئەو نامەیە هەر بۆ من هاتووە >> بەڕێوەبەر گوتی: << بۆ بیگانەی دیکەش دەچێ >>. دووایی لێم پرسی << بۆچی وەرامی داخوازینامەکەمتان بۆ مانەوە لە ژنێڤ نێزیکەی دوومانگ دوواخست؟ >>. گوتی: << کارمان زۆرە >>، برادەرەکەم پێی گوت: << بەڕاستی. ببوورن، قسەکانتان هیچ جێی باوەڕنییە >>. بەڕێوەبەر بە برادەرەکەمی گوت: << ئەوە مافی خۆتانە باوەڕ بە قسەکانم نەکەن. کەس زۆری نەکردووە

لێتان باوەڕ بە قسەی من بکەن، دەتوانن شکات بکەن!!». هەرچەندە من لەم وتووێژەدا هیچم دەستنەکەوت، بەڵام کە چووینە دەرەوە کۆڵێك دڵم خۆش بوو کە ماوەی ئەوەم پێدرا بیسەلمێنم کە کاربەدەستانی سوێسرە بەناڕەوا دێن بەملمدا و یەخەم دەگرن. هەروەها ئەو قسە ساردو سووکانەی کە برادەرەکەم بەسەر کاربەدەستانی دەزگەی سەرپەرشتیی دانیشتووان و بەڕێوەبەرەکەیاندا باراندی، کەچی یەکێکیان هەڵنەستان بەزللە بەربینە سەروگوێلاکی وی یان سەروگوێلاکی من، وەك لە وولاتانی رۆژهەلات، بەداخەوە، باوە. ئالەوکاتەدا هەستم بەتاموچێژی ئازادی کرد و لە دڵی خۆمدا گوتم: «چەند خۆشە رۆژێك بێ خەلکی کوردستان و، وولاتانی رۆژهەلاتیش حکوومەت و سیستەمێکی وایان هەبێ کە کار بەدەست بزانی ئەو بە پارەی گەل دەژی و هەست بەوە بکات کە خزمەتکاری گەلە، نەك کە لەگای گەل، و لە تەنگانەشدا پەنا ببات بۆ دادگەو بۆ قانوون، نەك بۆ تفەنگ و خەنجەر. بێجگە لەوەش ئەوەی دڵی منی زۆرتر خۆش کرد ئەوە بوو کە هەر دووای ئەوە بەرەی ئازادیخوازانی سوێسرەیی کە زانیان ناهەقیم لێکراوە، پشتی منیان گرت، نەك پشتی حکوومەتەکەی خۆیان.

پاش ئەوەی مەسەلەکە وای لێهات، کەوتمە بیرکردنەوەیەکی کوور. تەماشام کرد دوو رێم لەبەردەمدا هەیە، یەکەمیان :-
**مانەوەو شکات کردن و پێداگرتن لەسەر مافی خۆم**، دووەمیان :-
**بەجێهێشتنی سوێسرە، بەلام بەسەربەرزانەو ئابڕووبردنی ئەوانەی ناهەقی یان بەرامبەرم کردووە**، ئەوەش لە رێی ئەوەوە کە فرەترین جەماوەری خەلکی ژنێڤ و سوێسرە بزانن کە ئەز لەسەر هەقم. بۆگرتنی رێی یەکەم، دەبوو پارێزەرێکی یەکجار شارەزا بگرم و بکەومە شکات کردن لە دەزگەی سەرپەرشتیی دانیشتووان لە ژنێڤ، کە ئەمە پارەیەکی یەکجار زۆری دەویست، و بێجگە لەوەش هەموو مەسرەفێکی دادگەش هەر دەکەوتە سەرە من، کە ئەمە لەووزەی مندا نەبوو. راستە ئەگەر شکاتەکەم ببردایەوە؛ بەرەی دۆز دۆڕێن دەبوو پارەکەی بدایە، بەلام گەرەنتی چی بوو بۆ ئەوەی کە لە شکاتەکەدا سەردەکەوم. شکاتێکی ئاواش لە وولاتێکی وەك سوێسرەدا تا دەگاتە ئەنجامی کۆتایی، کاتێکی دوورودرێژی دەوێ.

ئەمەش ماناى پارەمەسرەف‌كردن و چاوەروانى‌یەكەنازانرێت‌ئەنجامەكەى چۆن دەردەچێ . دوایى كێ دەبێژى كە ئەو حاكمانەى كارەكەیان بەدەست دەبوو ، لەسەرمنى‌بێگانەى بێ دەولەتى بێ پشتوپەنا هەلدەدەنێ لە دژى دەزگەیەكى گرنگى دەولـەتە-كەى خۆیان بریاردەدەن ، كەلەوانـەیە ئەگەر حوكمیان بـۆ بردنەوەى من بدایە ، زیانى زۆرى بەو دەزگەیە بگەیەندایە كە نوێراندوویەتى . راستە حاكمى وا هەیە بە ویژدانن ، لەسەر زۆرلێكراو دەكەنەوە ؛ بـەلام كێ دەبێژێ ئەوانەى كارەكەى من دەچێتە بەردەستیان ؛ لەو بابەتەن . دوایى ژنێڤ بەتایبەتى ، و سویسرە بە گشتى یەكجار گران بوو . نوو هێندەونیو تا سێ هێندەى وولاتى نەمسا و ئەلمانیا گرانتر بوو . بۆ ئەوەى ژیانى خۆم مسۆگەر بكەم ، دەبوو لەپال‌خوێندنەكەشدا جاروبار كاربكەم ، بەلام كار لە ژنێڤ یەكجار كەم بوو . مەبەستم لە كار ؛ كارێكە كە بەهێزى لەش و ماسولكە بكرێ ، ئەگەنا كارى دیكەیان هـەروا بە هاسانى بە بیانى (بێگانە) نەدەدا . لەمەش بترازێ ، ئەوەى لە ژنێڤ دەمتوانى دەستم بكەوێ ئەوەبوو زمانى فەرەنسى بەباشى فێربم . لەو ماوەیەدا كە لە ژنێڤ بووم هێندە زمانى فەرەنسى فێربووم كە دەمتوانى قسەى پێ بكەم و رۆژنامە بخوێنمەوە پێ‌ى‌و بەیارمەتى فەرهەنگ دەقى زۆر سەخت تێ بگەم واتە كەوتبوومە سەر رێى ئەوەى ئەگەر لە شوێنێكى دیكەش بم‌بتوانم دەسەلاتم بەسەرزمانەكەدا بەهێزتر بكەم . لە بەرئەوە وەك حە بیبوللاش دەیگوت tu n'a rien a regretter (واتە هیچت لێرە نى یە « ئەگەر رۆیشتیت » خەفەت بخۆى بۆى ) ، هیچم نەبوو خەفەت بخۆم بـۆى .

گرتنى رێ‌ى دووەم ماناى وابوو بچم بۆ وولاتێكى دیكە . پـاشـ لێ‌هوردبوونەوەیەكى یەكجار زۆر ، بریارمدا بچم بـۆ ئەلمانیا . هەر لەوكاتەوە كە لە رۆژهەلات‌دا دەژیام دەمزانى ئەلمانیا وولاتێكە خاوەنى مێژوویەكى سیاسى‌ى چروپرەو ، وولاتى زانست و فەلسەفە و هونەروتەكنیكە . ئەلمانیا هەمووى چەند سالێك بوو ، ئەو جەنگە جیهانى‌یەى كە بەسەرۆكایەتى حیزبى نازى هەلیگیرساند بوو ، نوێراندبووى . وولاتەكەى پارچەپارچە بووبوو . جا هەرچەندە سەركەوتووانى دواى جەنگ ، واتە بەرەى سوێند خۆران : ئەمریكا ، یەكێتى ى سۆڤێت ، بەریتانیا و فەرەنسا كە ئەلمانیایان بە شەرو قوربانى‌یەكى زۆر داگیركردبوو ، وەك داگیركەرانى كوردستان ؛ نەزان و درندەنەبوون ،

که هەموو جۆرە سەربەخۆیی‌یەك لە ئەڵمانیای داگیرکراو بگرنەوە و تەنانەت زمانەکەشیان قەدەغە بکەن یان کۆچیان پێ بدەن بۆ وولاتێکی دیکە، بەڵکو بەرێوەبەرێتیی وولاتەکەیان لەدوو کۆماردا، «ئەڵمانیای فێدەرالی» و «کۆماری ئەڵمانیای دێمۆکراتی» دابووە دەست خۆیان، بەڵام سوپای داگیرکەری ئەمریکا و بەریتانیا و فەڕەنسا لە ئەڵمانیای فێدەرالی و سوپای سۆڤێت لە «کۆماری ئەڵمانیای دێمۆکراتی» دا مۆڵیان بەستبوو. هیچ کۆمارێکی ئەڵمانیا لەم دوو کۆمارە لە کۆمەڵەی نەتەوە یەککگرتووەکاندا ئەندام نەبوو. ئەڵمانیا کە هەڵگیرسێنەری جەنگی جیهانیی دووەم بوو، خوێنی شەش ملوێن جوولەکە و پەنجا ملوێن خەڵکی دیکەی لە جەنگدا رشتبوو، لەجەنگ بەشکاوی و سەرشۆڕی هاتبووە دەرەوە، لەبەر ئەوە زۆر هەوڵی دەدا پاشڵی خۆی پاك بکاتەوە، و بەهەموو جۆرێ رووی خۆی بەسپێتی پێشان بدات، لەبەر ئەوە خراپەکاریی ئاشکرا بەرامبەر بەبێگانە لەو رۆژەدا زۆر لەسەر ئەڵمانیای دوژمندار دەکەوت. بۆ یەکێکی وەك من ژیان لە ئەڵمانیایەکی ئاوادا لە باری لێکۆڵینەوەی زانستانەی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یەوە زۆر پێویست بوو. بێجگە لەوەش ئەڵمانیا وولاتێك بوو داری بەسەربەردی‌یەوە نەمابوو، لە هەموو لایەکەوە خەریکی دروستکردنەوەو سازدان بوون و ناچار بوو بوون کارکەر لە هەموولایەکەوە پەیدا بکەن. لەبەرئەوە کار وەك کوردەکە دەبێژێ وەك خۆڵ وابوو. ئەمەشم لە زۆر کەس دەبیست و کە لە دوایی دا هاتمە ئەڵمانیا راست دەرچوو. تاکە یەك شت هەبوو کە بووبوو بە بەرهەڵست لەبەردەممدا ئەوەش نەزانینی زمانی ئەڵمانی بوو. لە ژیانمدا هیچ کاتێك لە فێربوونی زمان و ماتماتیك وەڕەس نەبووم. فێربوونی زمانی نوێ و کووربوونەوە {قووڵ بوونەوە} لە زماندا هەمیشە کەیفی بەمن پەیدا کردووە. هەرچەندە لەگەڵێ لاوە بیستبووم کە زمانی ئەڵمانی زۆر زەحمەتە، بەڵام ترسم لێ نەنیشت و بگرە حەزم بەفێربوونی زمانێکی وا گرنگ و زیندوو دەکرد.

کاتێك لە نێو دۆست و برادەرە کورد و سوێسرەیی‌یەکانمدا باسی ئەوەم دەکرد کە نیازم وایە بچم بۆ ئەڵمانیا، یەك کەسم نەدەدی ئەم پرۆژەیەی پێ باش بێ.

جا ئەگەرچی سوێسرە لەجەنگی جیهانی دووەمدا بەهۆی «بێلایەنی»

یەوە پزیشکی جەنگی بەرنەکەوت ، بەڵام هەرچی سویسرەیی یەکان بوون ، ئەوا لەبەر رۆشنایی ی ئەو تاقیکردنەوە تاڵ و ترش و خراپانەی **ئەورووپایی یەکان لەگەڵ ئەڵمان** هەیانبوو ، هەمووشی چەند ساڵێکی کەم بوو جەنگ براببووەوە ، هێشتا ئەو رۆژە رەشانەی جەنگیان لەبەرچاو بوو . دەیانگوت **ئەڵمان کەللە رەق و تەنگە تیلکەو دەستدرێژکەرن** بۆ سەر مافی خەڵک . بەتایبەتی کە بە مادام برۆزینۆم گوت بەتەمام بچم بۆ **ئەڵمانیا** ؛ هەر بەجارێك نارەحەت بوو . مادام برۆنزینۆ ئەو دەمە تەمەنی ٤٢ ساڵ بوو ؛ واتە کە جەنگ دەستی پێ کردبوو ، تەمەنی بیست ساڵێك بوو بوو ، لە ساڵانی جەنگدا ماوەیەك لە فەرەنسا و ئەڵمانیا ژیابوو ، کاتێك کە فەرەنسا لە لایەن لەشکری ئەڵمانەوە داگیرکرابوو . مادام دەیگوت : « **جانەوەریتی و خوێنرێژی ئەڵمانم بە چاوی خۆم دیوە** » . کە باسی ئەڵمان دەهاتە پێشەوە دەیگوت : **C'est une rase Sale « ئەوە « ئەڵمان » رەگەزێکی پیسە »** . برادەرەکەشی کە نێومان نابوو **مسیۆ لوێ فوو** [ چونکە کە ئاوم دەخواردەوە ، دەیگوت « ئاو مەخۆرەوە ئاو خراپە ، و کە زۆرم ئاو بخواردایەوە بە فەرەنسی دەیگوت mais c'est fou واتە « **ئەمە شێتی یە** » چونکە بەلای خەڵکی ئەوێ وە ئاو خواردنەوە خراپ بوو ، بەڵام بیرەخواردنەوەو مەی خواردنەوە هەرچەندە کوحولی تێدا بوو ، بەلای وانەوە بێ زیان بوو . « **مسیۆلوێ فوو** » چونکە لە جەنگی جیهانی دووەمدا سەربازی کردبوو ، و لە لایەن **ئەڵمانەوە** بە دیل گیرا بوو ؛ زۆر رکی لە **ئەڵمان** بوو ، و دەیگوت « **باوەڕ بکە ئەڵمان تفەنگێك و ئاڵایەك بەخۆیەوە ببینێ ، دەیکات بە شەڕ و پەلاماری خەڵك دەدا** » . ئەوەی راستی بێ لەو ماوەیەدا کە لە سویسرە ژیام هەر سویسرەیی یەکەم دیتبێ و باسی **ئەڵمان** کرابێ ، بە خراپە نێوی ئەڵمانی بردووە . بەڵام بەلای **حەبیبوڵلاوە « ئەورووپایی گەل** هەمووی « **هەریەك قوماش** » بوون ، و دەیگوت « **ئەورووپا مانای پووڵ** » لەگەڵ ئەمەشدا بڕیارم دا بچم بۆ ئەڵمانیا .

بەکورتی ؛ بڕیارمدا سویسرە بەجێ بهێڵم ، بەڵام بەر لەوەی بڕۆم ؛ چووم بۆ لای **نوێنەرانی کۆمەڵەی خوێندکارانی زانستگەی ژنێڤ** کە دەستەی بەڕێوبەرێتی یەکەی [٥] خوێندکاربوون : سێ کوڕ و دوو کچ و مەسەلەکەم

تێگەیاندن ، و نامەکەم پیشان دان. ئەوانیش بەڵێنیان دامێ کە یارمەتیم بدەن . بێجگە لەوەش حەبیبوڵلا گوتی پاش ڕۆیشتنی تۆش هەر پێوەندی لەگەڵ نوێنەرانی کۆمەڵەی خوێندکارانی زانستگەی ژنێڤ و کاربەدەستانی زانستگە دەکەم کە واز لە مەسەلەکە نەهێنن و دووای بکەون. ئەو برادەرەی کە عیسمەت شەریف ڤانلی ناساندبوومی پێی ، و لەگەڵم هاتە دەزگەی سەرپەرشتی ی دانیشتووان ؛ ئەویش گوتی پێوەندی بە ڕۆژنامەنووسەکانەوە دەکەم و وایان لێ دەکەم کە لەسەر ئەم مەسەلەیە بنووسن.

لەو ماوەیەدا کە بەتەمابووم بچم بۆ ئەڵمانیا ، مادام برۆنزینۆ گوتی : « تۆ بۆچی جارێ هەوڵ نادەیت ، بەشکو لە زانستگەی ڤیەننا وەرتبگرن . خەڵکی نەمسا وەک خەڵکی ئەڵمانیا نین ، و دوژمنی بێگانە نین و ڕووخۆشن » و گوتی « ئامادەم نامەیەک بە ئەڵمانی بنووسم بۆ زانستگەی ڤیەننا » { مادام برۆنزینۆ زمانی ئەڵمانی زۆر باش دەزانی و خزمیشی هەبوو ئەڵمانی سویسرەیی بوون ، کە دەهاتن بۆ لای هەر بە ئەڵمانی قسەیان دەکرد }. جا لەبەر ئەوەی مێژووی ئەڵمانیام خوێندبووەوە ، هێندێک شارەزاییم هەبوو ، گوتم : « جا باشە خۆ هیتلەر خۆی بەبنەچە و ڕەچەڵەک خەڵکی نەمسا بوو . بێجگە لەوەش کە لەشکری هیتلەر هاتە نەمسا ، خەڵکی چوونە سەرجادە بۆ بەپیرەوەچوونی سوپای ئەڵمانیا و گوڵبارانیان کردن » . تەنانەت بەو گوڵبارانە دەگوترێ « جەنگی گوڵ » . مادام ویستی هێندێک پاکانە بۆ ئەوە بکات ، بەڵام پێی دابین نەبووم . لەگەڵ ئەوەشدا گوتم : « کە چووم بۆ ئەڵمانیا بە نەمسادا تێ دەپەڕم ، دەچم بۆ زانستگە بزانم چۆنە » .

ڕۆژێکیان لە کۆتایی مانگی ئۆکتۆبەردا ، سەر لەبەیانی یەک زوو چووم بۆ وێستگەی شەمەندەفەر ، حەبیبوڵلا و مادام برۆنزینۆ و گەنجێکی فەرەنسی ی دۆست کە نێوی ژیرارد بوو هاتن بۆ وێستگە بۆ بەڕێکردنم . هەموومان دڵمان ناخۆش بوو کە لە یەک جیابووینەوە . پاش ئەوەی گەیشتمە ئەڵمانیا مادام برۆنزینۆ و حەبیبوڵلای ڕەشیدی و ژیرارد و فوئادی ئاسەف و عیسمەت شەریف ڤانلی نامەیان نارد بۆم . بەڵام بەداخەوە جارێکی دی نە مادام برۆنزینۆ ، نە حەبیبوڵلا ،

نه فوئادی ئاسه ف ، نه ژیرارد م ، چاوپیـٚکه‌وته‌وه .

جا ئێستـه و پـاش ئه‌وه‌ی ماوه یه‌ك له ژنێڤ له‌نـێو خه‌ڵکی سوێسره‌دا ژیـام و پـێوه‌نـدیم له‌گه‌ڵ زۆر سوێسره‌یی و بـێگانه‌ی له سوێسره دانیشتوو کرد ، پێم وایه ده‌توانم چه‌ند ووشه‌یه‌ك لـه باره‌ی خه‌ڵك و ووڵاتی سوێسره‌وه بنووسم ، دیاره له باری سه‌رنجی خۆمه‌وه ، واته له‌به‌ر رۆشنایی‌ی به‌سه‌رهات وتاقیکردنه‌وه‌کانم لـه‌وێ .

سـوێسـره ووڵا تـێـکه هه‌ر لـه کۆنـه‌وه ده‌وڵـه‌ته‌که‌ی وه‌ك ده‌وڵـه‌تیکی دێمۆکراتی له‌جیهانـدا ناسراوه . راستی‌یه‌که‌شی وایـه . لـه‌نـێو سوێسره‌دا چوارگه‌لی جیاواز هه‌یه ، هه‌ر یه‌که‌یان له‌نـێوچه‌یـه‌کی تایبه‌تی‌دا ده‌ژین . ئه‌مانه : ئه‌ڵمان، فه ره نسه یی ئیتاڵیایی و رۆمانین ئه‌ڵمانه کان ٧٠٪ : فه ره نسه یی- یه‌کان ١٨٪ و ئیتاڵیایی‌یـه‌کان ١٠٪ و رۆمانه‌کان ٢٪ خه‌ڵکه‌که‌ین . هه‌ر یه‌کێـك له‌م گه‌لانه له‌نـێوچه‌ی خۆی دا سه ربه خۆیی یه کی نێو- خۆیی‌ی ته‌واوی هه‌یه . ئـه‌م نێوچانه‌ش دابه‌شکراون بـه‌سـه‌ر چه‌نستان ( لیـوا ) یـێکدا که به هه‌ر ستانـێك ده‌گوترێ کانتۆن . له هه‌ر نـێوچه‌یه‌کدا خوێندن و کـاروبـاری ده‌زگه‌کانی ده‌وڵـه‌ت و رۆژنـامه‌و رادیۆ و تـه‌لـه‌فـزیـۆن . . . هتد ، هه‌مووی به‌زمانی ئه‌و نێوچه‌یه‌یه . ئه‌م ئازادی‌یه فراوانه‌جۆره پێوه‌ندی‌یه‌کی نیشتمانی له‌نێوان گه‌له‌جیاوازه‌کانی ئه‌م‌ووڵاته‌دا دروست کردووه که هه‌موویان خۆیان به سـوێسـره‌یی ده‌زانن . لـه‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شـدا گه‌لـێکی بـچـوك هـه‌یـه به نێوی ئارگۆ که له نێوان نێوچه فه‌ره‌نسیی و نـێوچه ئـه‌ڵمانه‌که‌ی دا ده‌ژی ، خۆیان له باری سه‌ربه‌ستی‌ی به‌کـارهـێنـانی زمانه‌که‌یـانه‌وه بـه به‌شخوراو ده‌زانن .

سـوێـسـره ووڵا تـێکه کارگه و پیشه‌سازی گـه‌وره‌ی وه‌ك ئه‌ڵمانیا و فه‌ره‌نساو به‌ریتانیا نی‌یه . بـه‌ڵام له‌به‌ر ئه‌وه‌ی له‌بلـۆکی سوپایی‌دا خـۆی به‌بێ‌لایه‌ن ده‌گرێ ، بـه زۆری سه‌رمایه‌داره گه‌وره‌کانی بێگانـه ، به‌تایبه‌تی سه‌رمایـه‌دارانی جیهانـی سـێ‌یه‌م ، پاره‌کانی خـۆیان ده‌خه‌نـه بانـکه‌کانی سـوێسره و ، ئـه‌وه‌ش سه‌رمایه‌یه‌کی باشی بـۆسوێسره په‌یدا کردووه .به‌ڵام سوێسره‌ووڵاتێکه زۆرشت له‌ده‌ره‌وه ده‌هـێنـێ ، له‌به‌ر- ئه‌وه ژیان له زۆربه‌ی زۆری ووڵاته- کانی دیـکه‌ی ئه‌وروپای رۆژاوا گرانتره . خه‌ڵکی سوێسره به‌گشتی سه روزمان شیـریـن و به‌تۆره (ادب) ن . که له‌سه‌رجاده پۆلیسێـك ببینیت وبچیته پێشه‌وه پرسیارێکی لێ بکه‌یت ، ئه‌و ده‌ستبه‌جێ سلاوێکت

هەواڵنامەی ژین

بۆدەکاو دەبێژیٚ میسیۆ : وەرامی پرسیارەکەت بەوپەڕی تۆڕەوە دەداتەوە، و کەتۆیش سوپاست کرد، دەبێژیٚ : « سەرڤیس ـ میسیۆ » ؛ واتە لەخزمەتتدام میسیۆ !

بێگومان هیچ گەلێك نی یە لەجیهاندا باش بیٚ و هیچ گەلێکیش نی یە خراپ بیٚ. بەلای منەوە، هەموو گەلێك وەك مریشکێك وایە هێلکەش دەکات و ریقنەش دەکات. بەلام دەبیٚ ئەوە بخرێتە بەرچاو کە زۆربەی زۆری پێوەندارانی ئەو گەلە چ جۆرە خووڕەوشت و تایبەتکارێکیان هەیە. خەلکی سویٚسرە بەگشتی ( نەك یەك بە یەکیان ) ماددە پەرست و پوولە کێن. پارە dárgant ( بەفەرەنسی ) دەورێکی گەورە دەگێڕیٚ لە ژیانیادا کە پارە کەوتە نێوانەوە، دۆستایەتی و ناسیاوەتیو خۆشەویستی باردەکەن. ئەگەرهاتوو لەشوێنێك بەکریٚ ژیایت، یەك دوو رۆژ تێپەڕی بوو، کریٚی خۆتت نەدابوو، خاوەن مال دەستبەجیٚ پۆلیس دەکاتە سەرت، و ئەوجا پۆلیسیش لە دەرگەکەت دەداوتۆش هەر دەرگەت کردەوە، کابرای پۆلیس تەق سلاوێکت بۆ دەکات و نامەیەکت دەداتە دەست، تۆش پێت وایە کردووتیان بە جەنەرال. ئەوجا پۆلیسەکە پێت دەبێژیٚ : « میسیۆ. تۆ مافی ئەوەت نی یە چی دی لەم شوێنە بمێنیتەوە » تۆش دەپرسیت : بۆچی ؟ » دەبێژیٚ چونکە پارەی کرێکەت نەداوە ». خۆ ئەگەر بێگانە بیت و پارەت نەبیٚ ، ئەوا دیسا پۆلیس سلاوت بۆ دەکات و پێت دەبێژیٚ : « میسیۆ مافی ئەوەت نی یە لەم شوێنە دا بژیت » .

لەو ماوەیەدا کە لەسویٚسرە دەژیام رووداوێك سەرنجمی زۆر راکێشا بۆخۆی. لە لۆزان یاری یەك کرا کە پیٚی دەگوترێ « یاری مردن ». یاری کەرەکان دەکەونە تەنافبازی و یاری زۆر مەترسی دار لەوێنەی سیرکس. لە یەکێك لەو یاری یانەدا بوو کە دووبرا پێکەوە دەوری یاریکەریان دەدی، هەردووکیان لەکاتی یاری کردندا مردن. خەلکێکی زۆر چووبوون بۆ سەیرکردنی یاری یەکە. یاری یەکە دەبوو دووسەعات درێژەی بکێشایە، بەلام سەعاتی یەکەم هێشتا تەواو بوو بوو نەبووبوو، کە هەر دوو برا کلۆلەکە کەوتنە خوارەوە و مردن. بەوە یاری یەکە لەویٚدا بڕایەوە، و خەلکەکە ناچار بوون برۆن. بەلام ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە تەماشاکەران داوای نیوەی پارەی بلیتەکەیان دەکردەوە کە بۆ دوو سەعات کرِیبوویان، بەلام سەعاتێك

یاری‌یان دیبوو . بێگومان ئـەم کارەساتە ئەگەر لە هێندێ وولاتدا روویدات ، خەڵکەکەش هەرچەندێك هەژار و بێ نان بن ، روویان نایە داوای ئەو پارەیە بکەنەوە ، و بگرە پارەش کۆدەکەنەوە بۆ کەسوکاری ئەوانەی کەلەو پێناوەدا لەبەردەمیاندا گیانیان دەرچووە . ئەم بەسەرهاتە لە یەکێك لە **رۆژنامەکانی ـ لۆزاندا** بلاوکرایەوە .

پاش ئـەوەی سویسـرەم بەجێ هێشت ، هاتمە **ڤیەننا** (نەمسا ) و لە **ڤیەننا** چەند رۆژێك مامەوە . وەك لەمەوبەر باسمکرد . خودێ لێ ـ خۆش بوو رەشید عارف و دکتۆر ووریا رەواندزیم دی ، رۆژێکیان سـەری زانستگەم دا و چوومـە بەشی وەرگرتنی خوێندکار . پیرەژنێك لەسەر کورسی‌یەك لـە پشت‌مێزێکەوە دانیشتبوو ، چەنـد نوسی‌یەك لەبەردەمی دا و چەنـد کوڕ و کچێکیش وەستابـوون ، دیارە ئەوانیش کاریان هەبوو ، جا لەبەر ئـەوەی زمـانی ئـەڵمانیـم نەدەزانی ، بە فەرەنسی پێم گوت کە دەمەوێ لە زانستگە بخوێنم ، ئەوەش باوەڕنامەو کاغەزەکانمە : تکایە داخوزینامە بۆ کوێ بنووسم . ژنەکە بەدەست راوەشاندن دەریخست کە فەرەنسی تێ ناگات ، ئەوجـا بە ئینگلیزی پێم گوت ببوورە زمانی ئەڵمانی نازانم ؛ دەمەوێ لێرە بخوێنم باوەڕنامە و هەمووشتێکی پێویستم پێ یە ، تکایە داخوازینامە بدەم بەکێ و مەرجی وەرگرتن چی یە ؟ پیرەژن ئەمجارە بە ئەڵمانی هاتەگۆ وقیژاندی بەسەرمدا . بەڵام من تێنەگەیشتم دەبێژێ چی . کوڕێکی گەنج لەوانەی کە وەستابوون ، رووی کردە من و بە فەرەنسی گوتی : خانم دەبێژێ : « ئەوەی لێرە بخوێنێ ، دەبێ زمانی ئەڵمانی بزانێ » گوتم : « من لە خانم پرسی مەرجەکانی وەرگرتن چی یە ؟ ئایا پێویستی بەو قیژاندنە هەبوو ؟ دوایی لە شوێنێکی وەهادا کە بەشی وەرگرتنە و بێگانە رووی تێ دەکەن ، نەدەبوو یەکێك لێرە بێ کە هیچ نەبێ فەرەنسی یان ئینگلیزی بزانێ » کوڕەکە ئەوەی بۆ پیرەژن کرد بە ئەڵمانی . هەستم بەوەکرد کە پیرەژن تەریق بووەوەو ئیدی رووی نەکردەوە من ، منیش رۆیشتمەدەرێ ، و پاش ئەوە بەرە و **ئەڵمانیا** کەوتمە رێ . جا لەبەر ئەوەی **پەساپۆرتی عێراقیم** پێ بوو ، و لەو سەردەمەدا ئەوی **پەساپۆرتی عێراقی** پێ بووایە پێویستی بە ڤیزە نەبوو بۆچوونە **ئەڵمانیا** ، لە شاری مۆنیخ (باشووری

ئەڵمانیا ) گیرساماوە، و ئەوجا ژیانی سالانی دووردرێژم لە ئەڵمانیا دەستی پێکرد، کە گێڕانەوەی ئەوەش - گەر مردن ڕێم لێ نەگرێ - لە دەرفەتێکی دیکەدا پێشکێش دەکەم .

شایانی باس ئەمەیە ؛ پاش ئەوەی سویسرەم بەجێ هێشت مەسەلەکەی من کەوتە ڕۆژنامەو بەردەم ڕای گشتی ی خەڵکی سویسرە . کۆمەڵە ی خوێندکارانی زانستگەی ژنێف بەپێ ی بەڵێنە - کەی خۆیان پێوەندی بە دەزگەی سەرپەرشتی ی دانیشتووان و سەرۆکایەتی ی زانستگەی ژنێڤەوە کردبوو ، و کەوتبووە پرۆتێستۆکردن دژی هەڵوێستی دەزگەی سەرپەرشتی ی دانیـ - شتووان . هەروەها ڕۆژنامەکانی سویسرە مەسەلەکەیان خستبووە بەردەم گەل . ڕۆژنامەی La Tribune de Gencve کە بەنێوبانگترین ڕۆژنامەی کانتۆنی ژنێڤ و سویسرەیە لە ڕۆژی ٢٢/١٠/١٩٩٦٢ دا لە ژێر سەرنێوی << دەزگەی سەرپەرشتی ی دانیشتوان داوا لەو خوێندکارانە دەکات کە تەمەنیان لە ٢٥ ساڵ پترە خوێندنی خۆیان لە کانتۆنێکی دیکە تەواو بکەن >> ووتارێکی نووسی بوو . ڕۆژنامەکە هەر لەژێر ئەو سەرنێوەدا پرسی بووی : << ئایا ئەمە دەبێتە هۆی بەیەکدادانی زانستگە و دەزگەی سەرپەر - شتی ی دانیشتووان ؟ >> ئەم ووتارە کە ڕۆژنامەنوسی بەنێوبانگی سویسرەیی Rene Bayou نووسی بووی ، ڕەخنەی لە کاربەدەستان گرتبوو لەسەر هەڵوێستیان بەرامبەر بە من . هەر لەو ووتارەدا دەقی ئەو نامەیەی بڵاو - کردبووەوە کە دەزگەی سەرپەر - شتی ی دانیشتووان ناردبووی بۆم ( تەماشای فۆتۆکۆپی ڕۆژنامەکە بکە لە پاشکۆی ئەو بیرەوەری یەدا ) . هەر ئەو ڕۆژنامەیە La Tribune de Gencve ڕۆژێك دوای ئەوە ، واتە لە ٢٣/١٠ دا هەواڵێکی بڵاوکردبووەوە لە ژێر سەرنێوی << بێزاری دەربڕینی توندوتیژی کۆمەڵەی خوێندکارانی زانستگەی ژنێڤ لە دژی ی بڕیاری دەزگەی سەرپەرشتی ی دانیشتووان >> . هەر لە ڕۆژی ٢٣/١٠ دا ڕۆژنامەی La Suisse ووتارێکی لە ژێر سەرنێوی << بەیەکدادان لە نێوان زانستگە و دەزگەی سەرپەرشتی ی دانیـ - شتووانی ژنێڤدا >> بڵاوکردبووە ، بەبێ ئەوەی ناوی من بهێنێ نووسیبوی گەنجێك کە لە عێراقەوە هاتووەو تەمەنی لە ٢٥ ساڵ تێپەڕە ، لە زانستگەی ژنێڤ وەرگیراوە و

شەش مانگ پترە لە شارەکەماندا دەژی کە چی تازە دەزگەی سەرپەرشتیی دانیشتووانی ژنێڤ لە ٢٠ی سپتیمبەردا نووسیویێتی بۆی کە دەبێ تا ١٠/١٠ لە ژنێڤ دەربچێ». هەر لەو ووتارەدا باسی ئەوەش کرابوو کە وەفدێکی زانستگە بۆ ئەم مەسەلەیە چوونە لای میسیۆ André Chavanne سەرۆکی بەشی زانیاریی گشتی Instruction Public.

## پەراوێزەکانی بەشی دووەم :

١ـ کەمال فوئاد لەسەردەمی رژێمی پادشایەتی‌دا ، پاش ئەوەی لەسەر کۆمۆنیستی چەند جار خرایە بەندیخانە، و لە زانستگەی بەغداش دەرکرا : و نەیدەتوانی خۆی پێشان بدا : ناچاربوو وولات بەجی بهێلێ و لە دیمەشق گیرسایەوە ، و ماوەیەکیش لە زانستگەی دیمەشق خوێندی، ئەوجا چوو بۆ ئەڵمانیا و لە شاری مۆنیخ لە زانستگەی تەکنیک دەستی بەخوێندن کرد. لەو سەردەمەدا کە ئەو خۆی شاردبووەوە گەلێک جار بەدزی‌یەوە دەهاتە ماڵی ئێمە، و ئاگامان لەیەك بوو. کە چووە دەرەوە، جاروبار دەچوومە ماڵیان بۆ سەردانی دکتۆر ئیحسانی برای و لەوێ بەهەشتی کەریم بەگی باوکی کەمالم دەدەی. جا لەبەرئەوەی کەریم بەگ مووچەیەکی مانگانەی کەمی هەبوو، و بەو پارەیە نەیدەتوانی نان و خوێندنی چەند منداڵێك جێبەجێ بکات، هەر کە کودەتای قاسم لە ١٤/٨/١٩٥٨ دا رووی دا؛ رێ کرایەوە بۆم؛ بەهۆی چەند برادەرێکی عەرەبەوە کە بووبوونە کاربەدەستی گەورەی وەزارەتی پەروەردە (وزارة التربية) لەبەغدا. لە نێو ئەوانەدا بەهەشتی دکتۆر فەیسەڵ سامیر «فيصل الشامر» یارمەتی کەمال بدەم و سەرەڕای بەربەرەکانی چەند شۆڤینی-یەکی عەرەب بتوانم بورسێکی خوێندن (منحة دراسية) وەربگرم بۆی. بەڵام ئەو بورسەکەی بەکارنەهێنا و مۆنیخیشی بەجێ هێشت و چوو بۆ ئەڵمانیای رۆژهەڵات و، خوێندنەکەشی لە ئەندازیاری (هندسة) یەوە کرد بە ئێرانەوانی. لەبەرئەوە کە هاتمە سویسرە، ئەو لە بەرلینی رۆژهەڵات نیشتەجێ بوو. لەوە بەولاوە بەنامە پێوەندیمان هەبوو. لەساڵی ١٩٦٤دا کاتێك لە مۆنیخ (ئەڵمانیا) دەژیام سەرێکم دا لە بەرلینی رۆژهەڵات و پێکەوە چووینە زانستگەی هومبولت کە ئەو لەوێ دەیخوێند. لەوێ مامۆستاکانیم ناسی ، لەوانە پرۆفیسۆر یونکەر و پرۆفیسۆر بوزورگی عەلەوی (کە نووسەرێکی

هەواڵنامەی کتێب

فارسی بەنێوبانگ و یەکێك بوو لە سەرکردەکانی حیزبی توودەی ئێران ) . کەمال لە بەرلینی ڕۆژهەلات دوکتۆرای تەواوکرد و پاش ڕێککەوتنەکەی مارتی ١٩٧٠ گەڕایەوە کوردستان و لە بەشی کوردی زانستگەی سلێمانی کاری دەکرد . پاش تازەبوونەوەی شۆڕش لە ١٩٧٤ دا لەگەل مامۆستایانی زانستگەی سلێمانی رای کردە دەرەوە، بەلام هێشتا هەرەسی دووەم (مارتی ١٩٧٥ ) رووی نەدابوو کە هاتەوە ئەلمانیا و ئەمجا لە بەرلینی ڕۆژاوا دا نیشتەجێ بوو هەتا دامەزراندنی هەرێمی ئاسایش لە باشووری کوردستاندا . ئەوجا گەڕایەوە باشوور . جا لەبەر ئەوەی کەمال یەکێك بوو لە سەرکردەکانی کۆمەلەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا KSSE . حەز دەکەم چەند ووشەیەك لەبارەی مێژووی ئەم کۆمەلەیەوە بنووسم.

یەکەمین هەولدان بۆ دامەزراندنی کۆمەلەیەکی خوێندکاریی کورد لە سالی ١٩٤٩ دا لەلایەن عیسمەت شەریف ڤانلی و عەبدولاقادر و نورەدین زازا و ئەوڕەحمانی قاسملو و ئەحمەدی برایەوە درا . حیزبی توودەی ئێران ترسی لێ نیشت و لە رێی ئیرەجی ئەسکەندەری یەوە گوشاری خستە سەر قاسملو کە خۆی لە کۆمەلە جیا بکاتەوە . جا لەبەر ئەوەی بەهەشتی قاسملو ئەو سەردەمە بە بورسی کۆمۆنیستەکان دەیخوێند و دەژیا ، خۆی ناچاردیت بلاڤۆکێك لە دژی KSSE دەرکات و بچێتە کۆمەلەی خوێندکارانی ئێرانی یەوە «اتحادیه دانشجویان ایرانی»ی سەر بە حیزبی توودە . لە ئەنجامی ئەوەوە کۆمەلەی خوێندکارانی کورد هەلوەشایەوە لە ١٩٥٦ دا عیسمەت شەریف و چەند خوێندکارێکی دیکەی کورد کۆمەلەی خوێندکارانی کوردیان دروستکردەوە .

٢ - راستی یەکەی لە نیوەی دووەمی پەنجاکانەوە هەولم دا بچمە دەرەوە بۆ خوێندن و بۆ ناسینی کۆمەلگە و فەرهەنگی خۆراوا . لەبەر ئەوە هێندێك زانیاریم لەبارەی زانستگەکانی ئەورووپا و ئەمریکا کۆکردەوە ، بەتایبەتی لەوانەی لە وولاتانی خۆراوا خوێندبوویان . ئەوجا نامەم بە زمانی ئینگیزی بۆ چەند زانستگەیەك نارد . یەکێك لەو زانستگانەی باوەڕنامەی وەرگرتنیان نارد بۆم زانستگەی ژنێڤ بوو لە سوێسرە . هەرچەندە خوێندنم لەسەر ئەرکی خۆم بوو ، بەلام بۆ ئەوەی پەساپۆرت دەربهێنم ؛ دەبوو وەزارەتی پەروەردە رازی بێ ، چونکە ئەو دەمە مامۆستا بووم . وەزارەتی پەروەردە ڕێی نەدام بچمە دەرەوە بۆ خوێندن ، بە بیانووی ئەوەوە کە مامۆستای ماتماتیکم و وەزارەت پێویستی بە خزمەتی منە . پاش ئەوە چەند جارێك داخوازینامەی دەست لە کارکێشانەوە (استقاله)م دا بە کاربەدەستان و وەریان نەگرت؛ ناچارمام دەستم لەکار هەلگرت و چوومە مالەوە دانیشتم . ئەوسا وەزارەتی پەروەردە ناچاربوو بە پێی قانوون بە دەست لەکار هەلگرتوو ( مستقیل ) دام بنێ. بەلام بەیانیان بۆ هەموو دەزگەکانی حکوومەت دەرکرد کە کەس کارم نەداتێ . لەپاشکۆی ئەم ووتارەدا چەند بەلگەنامەیەك بلاو- دەکەمەوە هی ئەو سەردەمن . شایانی

باسە کە لە ساڵی ١٩٦٠دا کرام
بە مامۆستای قوتابخانەی دوانێوەندیی
هەولێر هەر لە کاتی دەستبەکارکردنمەوە
تا هەشت مانگی تەواو مووچەی مانگانەیان
نەدا پێم. دەیانگوت «دۆسیەکەت وون بووە»
بەڵام من ئەو هەشت مانگە هەر دەرزم
دەگوتەوە بۆ ئەوەی قوتابییەکان لە
خوێندندا دوانەکەون. دوایی ئێوارەیەکیان
لەیانەی فەرمانبەرانی هەولێر: حاکم
بورهانم . دی( یادی بەخێر ئەگەرماوە)
کە کوردێکی هەولێری مەرد بوو، دوویەدوو
کەوتە قسە لەگەڵم و گوتی: «ئـــــەم
بێ ناموسانە دەیانەوێ هەستی نیشتمان
پەروەریی تۆ دابتۆشن. تۆ پێویست نییە
لە هەشت مانگ پتر چاوەڕوان بکەیت و
بەخۆڕایی دەرز بڵـێـیـتەوە. سبەینێ
مان بگرە لە دەرز گوتنەوەو وەرە بۆ
دادگە شکات بکە لە وەزارەتی پەروەردە.
ئەوسا بزانە برای خۆت هەقت دەستێنێ
یانا». بۆ سبەینێ چوومە قوتابخانەو
بە قوتابییەکانم ڕاگەیاند کە مەسەلەکە
چۆنەو ئیدی ئەو ڕۆژە نەچوومە ژووری
وانە. ئەم کارە ئاژاوەیەکی گەورەی
لە قوتابخانەو شاری هەولێردا دروستکرد.
کاربەدەستانی پەروەردە کەوتنە پاڕانەوەو
هەر بۆ سبەینێ «دۆسیەکەم دۆزرایەوە»و
ڕووی درۆزن ڕەشـــــس!.

## Conflit entre l'Université et le Contrôle de l'habitant

Des mesures draconiennes, prises par le Contrôle de l'habitant, viennent de créer un incident qui n'a pas manqué d'émouvoir les autorités de notre Université.

Un jeune Irakien de 25 (29) ans vint à Genève se faire inscrire, il y a six mois environ, à notre Alma mater. Ses notions de français étant considérées comme insuffisantes, il lui fut conseillé de travailler d'arrache-pied, ce qu'il fit en prenant un cours « accéléré » de français, grâce auquel et par un travail acharné il pouvait se présenter au début de ce semestre dans des conditions tout à fait acceptables. Mais le 20 septembre, ce jeune homme — par ailleurs, selon les renseignements obtenus par l'Université, d'une tenue irréprochable — recevait une lettre du Contrôle de l'habitant l'informant que les étudiants de plus de 25 ans n'étaient plus autorisés à étudier et séjourner en nos murs. Un délai fixé au 15 octobre lui était consenti, date à laquelle il devait quitter le territoire de notre canton. Les raisons données étaient d'ordre général : manque de logements, surpopulation, manque de place dans les établissements d'enseignement. Cette lettre a été rendue publique, provoquant un certain émoi.

On doit rappeler que l'Université s'était déclarée d'accord de contrôler les demandes d'admission d'étudiants âgés de plus de 25 ans. D'elle-même, l'an dernier, elle avait éliminé 22 étudiants qui fréquentaient davantage les bars que les salles de cours.

Ce préavis de l'Université, il semble que le Contrôle de l'habitant n'en ait plus tenu compte ces derniers temps, se fondant uniquement sur l'âge du demandeur — qui peut être, à 25 ans, en plein milieu de ses études menant au doctorat.

A l'Unversité, on estime que le refus de séjour systématique de tout étudiant ayant plus de 25 ans est contraire à nos traditions et pourrait ternir fâcheusement le rayonnement de notre Alma mater.

Il convient de relever, toutefois, que des recours présentés par des étudiants étrangers ayant plus de 25 ans ont généralement été acceptés. Sans doute, un terrain d'entente sera trouvé qui tienne compte de tous ces éléments. M. André Chavanne, président du Département de l'instruction publique, reçoit ce matin une délégation de l'Université venant lui exposer la situation.

Migraines : Mélab

La suisse de
23 octobre. 62
Zur Erinnerung meiner
Ausweisung aus der
Schweiz

20 septembre 1962

Monsieur Jemaleddin T. NEBEZ
c/o Mme Bronzino
6, rue Verdaine
**Genève**

R.M./mm

Monsieur,

A l'appui de votre demande d'autorisation de séjour, nous avons le regret de vous informer qu'il ne nous est pas possible de vous donner satisfaction.

En effet, en application des récentes décisions prises par le Conseil d'Etat de la République et Canton de Genève, nous ne pouvons autoriser les étudiants âgés de plus de 25 ans à étudier et à séjourner à Genève. Ces décisions ont été prises afin de pallier la surpopulation étrangère, la pénurie de logement, ainsi que le manque de place dans nos établissements d'enseignement.

En conséquence, nous nous voyons dans l'obligation de vous impartir un délai d'ici au 15 octobre prochain pour quitter notre canton. Il est bien entendu que vous pouvez poursuivre vos études dans un autre canton de Suisse.

Nous vous prions de prendre bonne note de ce qui précède, et d'agréer, Monsieur, nos salutations distinguées.

CONTROLE DE L'HABITANT
pr Le Directeur
Un Secrétaire

...le de permis de séjour
...posée au Contrôle de
...t à Genève le 20.9.62

CONTRÔLE DE L'HABITANT

# UNIVERSITÉ DE GENÈVE

X

SCHOLA GENEVENSIS MDLIX

Immatricul. en octobre
actuellement sans activité
prend des leçons français

Genève, le 18 avril 1962 M.

2? JUIL. 1962

ATTESTATION

Le soussigné, secrétaire de l'Université, certifie que Monsieur

Jemaleddin Towfiq Mehmud NEBEZ

est admis à l'immatriculation à

la Faculté des sciences économiques et sociales,

en qualité d'étudiant régulier, pour le semestre d'hiver s'ouvrant le 8 octobre 1962.

Il devra se présenter au secrétariat dès son arrivée pour compléter les formalités d'immatriculation et payer à la caisse les taxes réglementaires.

Le secrétaire de l'Université :

A. CORBOZ

نستحصل الوصل

سيادة مدير التعليم العام المحترم
بواسطة سيادة مدير معارف لواء اربيل المحترم

المعروض لسيادتكم :

اني الموقع ادناه احد مدرسي الرياضيات في ثانوية اربيل ، وقد عزمت على السفر الى خارج العراق املاً في اكمال دراستي الجامعية هناك . لذا ارجو اعتباري مستقيلاً من التعليم ابتداءً من يوم ١ / ١٠ / ١٩٦١ . هذا واريد سيادتكم علماً بانني لست مرتبطاً باي تعهد شخصي ام كفالة مالية مع وزارتنا الموقرة او مع اية جهة اخرى يعيق امر انقطاعي عن العمل من الناحية القانونية فقد اكملت فترة الكلية على نفقتي الخاصة وادمت ست سنوات في التدريس كما وان قانون الخدمة العسكرية لا يشملني باذ اني من خريجي دار المعلمين العالية لسنة ( ٩٥٤ — ٩٥٥ ) حيث ان القانون المذكور لا يشمل خريجي تلك الدورة وما قبلها .

هذا و لسيادتكم اجزل الشكر واوفر التقدير

جمال الدين توفيق محمود دبز
مدرس ثانوية اربيل

١٩٦١/٩/٦

الجمهورية العراقية

وزارة المعارف

مديرية معارف لواء اربيل

العــدد ١٢٦٢٨

التــاريخ ١٩٦١/٩/٧

الذاتيــة

الموضــوع / استقالة مدرس

الى : — مديرية التعليم العامة / الذاتيــة / الثانوي

نقدم طيا طلب السيد جمال الدين توفيق دبز المدرس في ثانوية اربيل المتضمن قبول استقالته من ١/ ١٠/ ٩٦١ لعزمه السفر الى خارج العراق لاكمال الدراسة ونرجو اجراء مايلزم واعلامنا .

مدير معارف لواء اربيل

المرفقات / ١

صورة الى
الملفة الشخصية

ا/ حمزي ٦/ ٩

الجمهورية العراقية

وزارة المعارف

مديرية معارف لواء اربيل

الذاتية

العدد ........١٣٢٩٦......

التاريخ ٢٣/ ٩ / ١٩٦١

الموضوع/ استقالة المدرس جمال الدين توفيق

الى :- ادارة ثانوية اربيل

نبلغكم ادناه صورة كتاب مديرية التعليم العامة (الثانوى) المرقم ٦١٢٣٧ في ١٦/ ٩/ ٩٦١ بشأن رفض استقالة المدرس المومأ اليه للاطلاع وتبليغه بمضمونه

مدير معارف لواء اربيل

صورة منه الى :-

الملفة الشخصية / مع اصل الكتاب

((صورة الكتاب))

مديرية معارف لواء اربيل

اشارة الى كتابكم المرقم ١٢٦٢٨ في ٧/ ٩/ ٩٦١ بشأن استقالة السيد جمال الدين توفيق نأسف بعدم قبول استقالته نظرا لشدة الحاجه الى خدماته يرجى علمكم بذلك •

مديرية معارف لواء اربيل

الذاتية

العدد/ ١٧٧١٧

التاريخ ٢/ ٩/ ٩٦١

الى /-

مديرية التعليم العامة / الذاتية / الثانوية

الموضوع / استقالة مدرس

نقدم طيا عريضة السيد جمال الدين توفيق المدرس في ثانوية اربيل - للبنين للتفضل بالاطلاع عليها والتي تطلب فيها اعتباره مستقلا من الخدمة واعلامنا •

نشأة محمد صفوة

مدير معارف لواء اربيل

المرفقات

١ عريضة

صورة منه الى /-

ادارة ثانوية اربيل - للبنين / كتابها ٦٠ في ٣٠/ ٩/ ١٩٦١

مديرية ثانوية اربيــل
للبنين

العـدد/ ١٧٥ ١٨
التـاريخ ٢٤/١٠/١٩٦١

الى السيد جمال الدين توفيق مدرس ثانوية اربيل

الموضوع/ استقالة

ندون لكم ادناه صورة كتاب مديرية التعليم العامة المرقم ٦٧٠٩٩ في ١٢/١٠/٩٦١ المبلغ الينا بكتاب مديرية معارف لواء اربيــل المرقم ١٥٦٣٦ في ٢٢/١٠/٩٦١ نرجو — الا طلاع واعلامنـا حول الموضوع بالسرعة الممكنة •

المدير
عادل مصطفى

صورة منه
الى مديرية معارف لواء اربيل — كتابها
المشار اليه اعلاه نرجو التفضل بالعلم •

(صورة الكتاب)

كتابكم المرقم ١٢٧١٧ في ٣٠/٩/٩٦١
مازلنـا مصـرين على رفض طلب استقالة السيد جمال الدين توفيق المدرس في ثانوية اربيـل للبنين •
يرجى ~~.........~~ يرجى الاطلاع وابلاغـه ماتقدم واعلامنـا •
توقيع/ مدير التعليم العام

---

مسجل

مديرية معارف لواء اربيل
الذاتيـة
العدد ٢٨٢٥٧
التاريخ ٢٧/١١/١٩٦١

السيد جمال الدين توفيق مدرس ثانوية اربيل — الان في السليمانية

الموضوع/ اخطار

بناء على تركك الوظيفة منذ ٣٠/٩/٩٦١ وعدم التحاقك بها لحد الان وبناء على موافقة مديرية التعليم العامة — الثانوى بكتابها ٧٤٠٦٧ فى ١١/١١/٩٦١ تقرر اخطارك للالتحاق بوظيفتك خلال سبعة ايام من تاريخه اعلاه عملا بتعليمات الخدمة المدنية رقم/ ١ لسنة ٩٦٠ وفقا لاحكام — المادة/ ٣٧ من قانون الخدمة المدنية رقم ٢٤ لسنة ٩٦٠ وبعكسه تعتبر مستقيلا من الخدمة •

مدير معارف لواء اربيل

صورة الى
مديرية التعليم العامة — الثانوى
مديرية المعارف العامة للدراسة الكوردية
مديرية ثانوية اربيل للبنين — وبناء على ماجاء فى كتاب المديرية العامة المنوه عنه اعلاه يرجى سد الشواغر الناجمة عن تركه الوظيفة عن طريق المحاضرات •
المحاسب الثانوى
شعبة الاحصاء
شعبة الشهادات
الملفة الشخصية
شعبة الذاتية

م ا/ حويزى ٢٢

الجمهورية العراقية

وزارة المعارف
مديرية التعليم العامة
الثانوي
الرقم/ ٢٦٦٦٦ ٢٨
التاريخ ١٦/ ١٢/ ١٩٦١م

أمر وزاري

الموضوع/ اعتبار مدرس مستقيل من الوظيفة

بناء على انتهاء مدة الاخطار المرقم ١٨٤٥٧ في ٢٣/ ١١/ ١٩٦١ الموجه الى السيد جمال الدين توفيق المدرس في ثانوية اربيل للبنين وعدم التحاقه بوظيفته ٠

١ـ قررنا اعتباره مستقيلا من الوظيفة اعتبارا من ٣٠/ ١١/ ١٩٦١ ق ٠ظ تاريخ انتهاء مدة الاخطار الموجه اليه وفقا لاحكام المادة ( ٣٧ ) من قانون الخدمة المدنية رقم ٢٤ لسنة ١٩٦٠

٢ـ تعتبر المدة من ٣٠/ ٩/ ١٩٦١ ق ٠ظ تاريخ انقطاعه عن العمل و ٢٣/ ١١/ ١٩٦١ ق ٠ظ تغيبا بدون راتب والمدة من ٢٣/ ١١/ ١٩٦١ ق ٠ظ الى ٣٠/ ١١/ ١٩٦١ ق ٠ظ اجازة اعتيادية بدون راتب وفقا لاحكام الفقرة الخامسة من المادة المذكورة ٠

ع٠وزير المعارف
الدكتور عباس طه النجم

صورة منه الى ٠ـ

الوزارات كافة
رئاسة جامعة بغداد — يرجى عدم تعيينه لديكم او في الدوائر والموسسات التابعة لكم الا بعد الرجوع الينا وفقا لقرار مجلس الوزراء المبلغ اليكم بكتاب رئيس ديوانه المرقم ١٣٧٤ في ٢٦/ ٣/ ١٩٦٠٠

رئاسة مجلس الخدمة العامة
مديرية المحاسبات العامة
مديرية التقاعد العامة
مفتشية المعارف العامة
نقابة المعلمين / المركز العام
مديرية التعليم الثانوي
مديرية الادارة والذاتية / الملاك والترفيعات ـ راتبه ـ / ٣٧ دينارا ٠
مديرية الحسابات
مديرية العقوق ـ يرجى تنفيذ العقد بحقه (ان وجد ) مع العلم بانه خريج كلية التربية لسنة ٩٥٤/ ١٩٥٥ وان عنوانه ـ السليمانية
مديرية الاحصاء التربوي
مديرية معارف لواء اربيل ـ كتابكم المرقم ١٩٣١٩ في ٤/ ١٢/ ١٩٦١٠
مديرية خزينة لواء اربيل
السجل الشخصي
مديرية الاستعلامات
ادارة مدرسة /
الموما اليه ٠٠٠٠٠٠٠٠٠

محمد البدراوي ١٣

الجمهورية العراقية

مديرية معارف لواء اربيل
الذاتية

العدد/ ٢١٢٢٧
التاريخ ٢١/ ١٢/ ٩٦١

المحاسب الثانوي
ادارة ثانوية اربيل للبنين
الموضوع/ اعتبار مدرس مستقيل من الخدمة

نبلغكم ادناه صورة الامر الوزاري المرقم ٨٢٣٦٦ في ١٦/ ١٢/ ٩٦١ باعتبار السيد جمال الدين توفيق مدرس ثانوية اربيل للبنين مستقيلا من الخدمة للاطلاع

مدير معارف لواء اربيل

صورة منه الى :ـ
الموما اليه السيد جمال الدين توفيق مدرس ثانوية اربيل سابقا الساكن في مركز لواء السليمانية
الملفة الشخصية ـ مع اصل الامر
الذاتية ـ التوقيعات
الذاتية ـ العلاوات } للتأشير
الذاتية ـ الملاك

((صورة امر وزاري))

بناء على انتهاء مدة الاخطار المرقم ١٨٤٥٧ في ٢٣/ ١١/ ٩٦١ الموجه الى السيد جمال الدين توفيق المدرس في ثانوية اربيل للبنين وعدم التحاقه بوظيفته ٠

١ ـ قررنا اعتباره مستقيلا من الوظيفة اعتبارا من ٣٠/ ١١/ ١٩٦١ ق ٠ ظ تاريخ انتهاء مدة الاخطار الموجه اليه وفقا لاحكام المادة (٣٧) من قانون الخدمة المدنية رقم ٢٤ لسنة ١٩٦٠

٢ ـ تعتبر المدة من ٣٠/ ٩/ ١٩٦١ ق ٠ ظ تاريخ انقطاعه عن العمل و ٢٣/ ١١/ ١٩٦١ ق ٠ ظ تغيبا بدون راتب والمدة من ٢٣/ ١١/ ٩٦١ ق ظ الى ٣٠/ ١١/ ١٩٦١ ق ظ اجازة اعتيادية بدون راتب وفقا لاحكام الفقرة الخامسة من المادة المذكورة ٠

السيد احمد
يرجى ارسال هذا المكتوب
اليوم رأساً للاستاذ جمال الدين بيزه
٢٤/ ١٢/ ٩٦١

مولود/ ٢٠/ ١٢

د . موزەفەری پەرتوماھ

# داخۆ ئێوە رقتان لەئیسلام چییە ؟

مامۆستا هـ . ئەکرەم لە نویشتەیکی پێنج شەش لاپەرەیی دا رەخنەی گرتووە لەگۆڤاری ئیسلامی هەڵەبجە. نوسینی ئەو رەخنەیە لە گۆڤاری دلانپار ، ژمارە یەکی ساڵی ٩٦ - ٢٥ مارس - لاپەرەی ٣٦ دەس پێ کردووە . بەڵام وەختێ خوێنەر دەیخوێنێتەوە ، وە باش سەرنجی دەدات وە لێ تێ دەگات دەبینی ئەوە رەخنەی تەنیا لە گۆڤاری ئیسلامی « هەڵەبجە » نیە ! بەلکە رقی لە ئیسلام پێشان داوە وە هەرچی لەدلیا بووە بە ئیسلام وە بە بوسلمان گەلی گوتوە !

هەوەل پرسیاری خوێنەری بوسلمان ئەوەیە : مامۆستا داخو ئێوە رقتان لەئیسلام چییە ؟ جا خۆ وێنەی ئەم حیکایەتە وەکوو کابرائێکە سەری ژانی دەکرد ، و دۆس و برا لێیان دەپرسی ئەری لە ماڵت ئاسپرین

هەیە یان بۆت بیژین . وەلامیانی دەداوە بەلێ وەلا ئاسپرین مان زۆرە ! هەر بەو جۆرەیش بە سەرێشەوە دەتلیاوە تا یەکی لەخزمەخەم خۆرەکانی پرسی: ئەرێ فلانی لەو ئاسپرینەوا دەبێژی لەمالهەتانە شتێکو خواردووە ؟ گوتی نا ! گوتی جا هەزار ئاسپرین لەمالت بێ تا نەیخوێت ژانی سەرت ک چار ناکات !

هەروەها بە بێگومان ئەگەر بە ئیسلامی راستەقینە لە لایەنی کوردو هاوساکەلی کوردەوە رەفتار بکرایا نەکورد ئابەو جۆرە لەقور بە سەریدا دەما وە نە دەرهاوسیێەکانیشی بە وەحشیگەری وە ناعیسانیەت لە دنیادا دەناسران وە تا دنیا دنیاس نفرین و لەعنەتی مەردمیان دەگرتە کوڵەوە !

ئەمە بە کورتی ، بەلام ک بین نوشتیارەکەی مامۆستا شیەوبکەینەوە لە چەندها جێگە ، خوەیٚ رەخنەی لەسەردایە . بۆ وێنە ئەمن چەن جێگای دەخەمە بەرچاو :

١ ـ ئێمە بوسلمانین ! وەشوکور بۆ خودا لەدایك و باوکی بوسلمان پەیدا بوین. وشەی « ئیسلامچی » عەسلەن لەوشەدانی کوردەواریدا نیە ! ئەگەر بەجێگای وشەی فارسی « ئیسلام شناس » بەکار گیراوە ، ئەوە بە کەسێك دەڵێن ک خوەی بوسلمان نیە بەلام لەسەری ئیسلام خوێندوویە وەبازێك لەوانە ، لەزۆربەی بوسلمان گەلی ئیمرۆ لە ئیسلام و مێژوی وە ئەحکامی باشتر سەردەر دەکەن . ئەگەر ئەو وشە لەزمانی تورکیەوە گیراوە پێویستە وشەدانی تورکی بکرێتەوە تا باش لەجۆری نوسین و مانای سەردەربیژین . پێم وایە لەگەل « ئیسلام جە » یان « ئیسلام جێ » ک بەمانای « الاسلامی » زمانی عارەبیە ئال و گۆڕ کرا بێت .

.. لەهەر حال بەو کەسانەوا ئایینی ئیسلامیان هەل بژیراوە بە کوردی ئەڵێن موسلمان یا بوسلمان ، نەك « ئیسلامچی » .

لەعادەتگەل مرۆڤی بوسلمان ئەوەیە مەردم بە ئایینی ئیسلام داوەت دەکات وە هەستی لەوەنیە خوەیٚ بە تەنیا برواتە بەهەشت ! وە هەموو دۆس و برادەری خوەی ، یان خزم و خێڵی خوەیٚ لە جەحانم بە جێ بێڵی. ئێمە باوەڕمان هەیە ک لە دوای مردن وەرۆیشتن لەم دنیا حەسێوو کتێوێك هەیەو بەهەشت و دۆزەخێك وەپیرۆزی و دۆڕاندنێك !

هەروا باوەڕمان هەیە ک من و تۆ نابین بەقازی وە بە مەیلی ئێمە ، یان دەوڵەتگەلی مل هوڕ ، ئاخر دادگەری ناکرێت . بەلکە خودایٚ گەورە ک ئەم بەشەرەی خەڵق کردووە وە لەبن و بنچینەیٚ هەبوونی ،

وە لە  ڕەفتاری ئەوەڵ و ئاخری وە
لەرازگەڵ دڵو دەرونی ئاگادارە خوەی
لە سەرهەمووماندا دەبێ بە قازی
وە حوکم دەدا کامە یەکمان پیرۆزین
تا بڕۆین بۆ بەهەشت وەکامە یەك
تۆراندووین وە لەجەحانمدا بە ئێجگار
دەمێنین .
ڕوونەو کردنی ئەم بیروباوەڕانە بۆ
خەڵك نەزۆری تێیدایەوەنەبەزۆریش
کەڵکی لێ وەردەگیرێت . هەر کەس
باوەڕی لە دڵی خوەیدایە وخودایش
باشی لێ دەزانی ئێتر تومەت دانی
بۆچەیە ڕۆشن بیریك بڵێ ئەو گۆڤارە
بۆ وێنە «بە ئامانجی بەزۆر ئیسلام
کردنەوەی کورد چالاکانەئیش دەکات»
یان پێ بڵێ «هەلە» بە جێ ناوی
هەڵ بژێراوی خوەی ؟
٢ـ هەر ئەم قسە خوەی زۆر ئاو
هەڵ دەگرێت . ئایا کورد بوسڵمان نیە
وا فلان گۆڤار دەبێ « بەئامانجی
بەزۆر ئیسلام کردنی » تێکۆشێت ؟
لەخودی مامۆستا کەلیمەیێك بەقەرز
دەگرم لەیرەدا کـ نوسیویە : کورد
« بێگومان دەبێ لەگەڵ خوەی و
مێژوی نەتەوایەتی خوەی ڕاستگۆبێت
! ڕاستگۆیی وبەس ! » جا ئەگەر
ئەوە سەرخەتی مامۆستا بوابێت ، پێم
وایە دوجار تر بیری لێ دەکردەوەو
ئاوا تومەتێکی لە کورد نە ئەدا !
ئاشکرایە کـ لە وڵاتانی داگیرکەری
کوردستان دا سەرژمێرێك بەرێکی
و پێکی نەکراوە ، تا ژمارەی ڕاستە
قینەی بوسڵمانگەلی کوردو عارەب و
فارس و تورك دەرکەوی ، وە کوردیش
ئەو دەسەڵاتیە نەبووە سەرژمێری
ناوخۆیی بکا . بەڵام هەموو کەس
دەزانی کورد لەمێژووە بوسڵمان بووەو
ئازادئەندیش . یانی هەر کەس لە
بوسڵمانگەلی دەرهاوسی یان لەو
کەسانە وا ئیسلامیان بە ئاینی خۆ
هەڵ نەبژێرا بووە ، لە وڵاتی خوەی
دەتاریا دەهاتە نێو کوردەواری وە
ژیانێکی بێ قەرقەشەی بۆ خوەی
درێژەی پێ ئەدا بە بێ ئەوە لەکەس
بترسێ .
لە ڕوی ئەو ئازادفیکریەوە و بە بۆنەی
بەڕێەوبردنی ڕاستەقینەی دەستوری
ئیسلام بەڕێزگرتن لە بازێ ئایین گەلی
کۆن لـە ناو کوردستانی گەورەدا
کۆمەڵانی زەرادشتیوخاچ پەرەست
و جولەکە هە تا ئیمڕۆ ماون . بەڵام
هەر کەس بڵێت ئەوانە ژمارەیان لە
ژمارەی بوسڵمانانی کورد گرنگترە و
زیادترە دورۆی داوە . نەك لەگەڵ
تەنیا مێژوی کورد دا ، بەڵکە لەگەڵ
خوەیدا وە لەگەڵ ئا ئێستای میللەتی
کوردیش دا درۆی داوە !!
هیچ کەس ناتوانێ بڵێ کورد بوسڵمان
نیە ! بـەڵام کوردیش وەکوو تیرەگەلی
بوسڵمانی ترچەندها ساڵە بەزۆر لـە
ئیسلام براوە و دوورخراوە . یا بـە
دەستی داگیرکەرانی نا موسڵمان یـا

بەدەستی خەڵکی گەوجی ناو بوسڵمان گەل و خوەیان وەیا لە ترسی ئەو ئیسلامەدا وا خاچ پەرستەکان کردویانەتە دەعبایێك لەبەرچاویان! جا ئەو بوسڵمان گەلە وا لەرەسەنی کوردەوارین وە شوکور بۆخودا بە تێکۆشانی تایبەتی خوەیان. تا ئەننازەیێك لەئاینی ئیسلام تێگەیشتوون وە لە پڕوپاگەندی بە زۆر پیس نیشـ ـاندەری دژمەنانی ئیسلامیش ئاگا دارن، هەستیان لەوەیە هاو بەنی نەوعی خوەیان لەو زانستە ئاگادار بکەن. لەو ڕێگاییشدا هەم لە دژمەن گەلی مێژویی ئیسلام پێیان عەزیەت و قسەی تاڵ دەگەیێت وە هەم لە ئەوانەوە وا لە دایك و باوکی بوسڵمان بوون بەڵام خوەیان نە ڕەفتاریان پێ کردووە وە نەشتێکی زۆریان لە شرینی ئەو ئاینە خوداییە دەستگیربووە! ڕۆشن بیری کورد لەسەریە ئەم کەسانە بارەقەڵا لێ بکات وە ڕێزو حورمەتیان بگرێت کـ ئا بەو جۆرە بەرەنجی سەرشانی خوەیان لە ئیسلام تێ گەیشتوون وە تێ دەگەن وە لە روونەو کردنی زەینی باقی کوردەکانی تر بەبێ قەرانی پاداش دەکۆشن!

٣- مامۆستا لە رەخنەی گۆڤاری هەڵەبجە زۆر بلاوتر دەم دەکاتەو وە دەڵێ « گروپە ئیسلامچیەکانی ئیمرۆی کوردستان قەلاشبون (؟) وە لە دوبارە کردنەوەی کۆتە ووتار و بیری عەرەبایەتی بەولاوە هیچی تریان پێ نیە »!

ئەوەیش زۆر قسەیێکی ناشیرینە لە کاتێکدا خودی هەر ئەو ژمارەی دلانپاریش تێیدا نوسراوە هەیە لە عارەبی یەوە وەرگێڕدراوە بۆ کوردی! ئایا لەبەر ئەمە باشە کەسێك تومەت بدات کـ دلانپار - نا، بەڵکە تەواوی ئەو کەسانە وا بەهاودەنگی دلانپار بیردەکەنەوە هیچی تریان بە لاوەنیە جگە لە ووتارو بیروباوەڕی عەرەب وە عەرەبایەتی؟ مامۆستا خوەزیای خوەت نوشتیەکەت دوبارە بخوێندایە تەو وە ئا بەو جۆرە ووتارە ناشیرنیەت لێیدا لابوردبا!

لەبەرئەوە ئەم نویسراوەی مامۆستا، هەموو بوسڵمانێك دەگرێتە بەر وە نەخسوسەن پارتی ئیسلامی کوردستانی «پاك» وا من بالوێژیم، ئەمن لەسەر پاك و خۆمم زانی ئەم وەلامە بدەمەوە با لائەقەل مامۆستا بزانیت لەناو کوردا هەن کەسانێك بوسڵمانن وە زۆربە عارەبیش بیر ناکەنەووە لە داهاتوودا بە ئاوا نوشیتەیێکی بەربلاو هەموومان بە یەك چێو نەتارێنێ!

حەق ئەوەیە کـ کورد لەسەرەتای ئەم سەدەی بیستی زاینییەوە روو بەڕووی نەتەوەپەرستانی عارەب و تورك و فرس و زاڵم گەلی نا موسڵمانی

رووسی بووه وه بەو جۆره بەپێ ئیجازه نەدراوه بەزمانی خوێ بنوسێت وه بە بیری خوێ بیر بکاتەوه . ئەم ووتاره لەبارەی بوسوڵمانەکانی کورده وه هەر بەو قەنازه دوروس وه بە جێگایه ک لە بارەی کۆمۆنیستەکان وەئیشتراکییەکان وسۆسیالیستەکان وه دیمۆکراتەکانی کوردەوه ! هەموو بەشوێنی ئەم و ئەودا رۆیشتوون . بازێ لە کوردان بە زمانی فارسی عادەت دراون . جا ئەگەر کتێبی بە فارسی بە دەستی یەکی لەو کوردانه بکەوێت عەلبەت زوتر وەهاسان تر پێ دەکرێت ئەو کتێوه بخوێنێت وه کەڵکی لێ وەربگرێت یا رەخنەی لێ دەربخات ! بازێ لەکوردان بەعارەبی و تورکی و رووسی دەرز دراون . ئەوانیش هەر بەو وێنەن . ئەگەر کتێبی عارەبی بنرێتە بەردەستی کوردێکی تورکیا یا رووسیا ، هەر لای لێ ناکاتەوٚ ، بۆ ئەوه ناتوانێ شتێکی لێ بخوێنێ . ئەگەریش بەرەنجی سەرشانی خوەێ عەرەبی بەخوەێ فێرکردووبێت ، هەر گرانه بۆی لە دووسی لاپەرە زیاتر لەوٚ کتێوه بخوێنێت . بەڵام لەهەمان کات دەتوانی چەندها لاپەرەو بەش بەو زمانەوا پێ ئاشناترەوەلەمنداڵیەوه یادی گرتووه بخوێنێ وه لەسەری بدوێت یا شت بنوسی ! ئەمه لەهیچ کوردێ نابێ بگیرگێت ! ئەستەم لە لایەنی ئەوٚانەوٚەیه وا زاڵ ماون بە سەری کوردا وه هەرکام بەلای خوەیدا دەیکێشن وه زمانی دایکییان لە کورد بڕیوه ! جا رووسیەکەیشی هەر ئەو گوناحەی هەیه وا عارەبەکەی وه تورکەکەی وه فارسەکەی هیچ کامیان باشتر لەوانی تر نەبوون وه نین ! .

٤ـ مامۆستای ناوبراو لە رەخنەگرتنی خوەیدا لە ووتارێك کە لە گۆڤاری ئیسلامی « هەڵەبجە » نویسرا بووه باز دوبارە تەجاوز دەکا دەنویسێت : « تەواوی ووتارەکەش رەنگدانەوەی ئەو پلە و پایە نزمەیه وا ئایینی ئیسلام و کۆمەڵگەی ئیسلام « ؟ » بە ژنانی رەوا دەبینن . » وه دەر دەبڕێت چۆن رقی لە ئیسلامه و گۆڤارەکەی کردووه بە بیانو !

یەکم عەیبی ئەم کەلامه ئەوەیه کە لە بەینی ئایین وه کۆمەڵگەدا هیچ تەفاوەت دا نەنراوه وه هەردووی بە وشەی ئیسلام رازاندراوٚتەوٚ . لە کاتێکدا ئایین ئیسلامه و کۆمەڵگە بوسڵمان ! یان ئەگەر راستەقینه بە ئیسلام رەفتار بکەن کۆمەڵگە دەبێ بە ئیسلامی . لەهەرحال کۆمەڵگەی ئیسلام دروس نیه ! واردکردنی ئاوا وشەگەلێکی هەڵە لە زمانی کوردی خەیانەتێکی گەورەیه بەو زمانه شیرینه .

جا با لەوەو دوا بێنه سەری ئەو پلە و پایە نزمه وا مامۆستا ناوی

بردووه وەپرسیاربکەین ئایا ئەو پلەو پایە نزمترە وا ئیسلام دای‌ناوە بۆ ژن یان ئەوە وا ئایین گەلی بەر لە ئیسلام بە ژنیان داوە وەکوو ئایینی مووسایی « کەلیمی » کە حەتتا بە ژن حەقی نەداوە مامەڵەیێك لە خوەـ یەو بکاو شتی بکرێت یان بفرۆشێت؟ شایەت مامۆستاو هاوبیرەکانی بڵێن جا بۆچ لە بەینی ئیسلام و ئایینە کۆنەکان‌دا هاو تەرازی دەکەی ؟ لەوڵامی ئەوە پرسیارێکی تر دەنمە بەری دەستیان : ئایا ئەو پلەو پایە نزمترە کە ئیسلام بە ژنی داوە و کردویەتە خاوەنی ماڵ وە بەخوی کەری منال یان ئەوە وا زینگی لائیکی Secular ی ئیمرۆ کە هەر وەکوو چکۆڵە بوکێك ـ عەرووسەك ـ ژن بەکار دەگرێت وە لە هەموو ئاگاهیگەلی تیجارەتی وە فلیم گەلی ویدیۆ وە سینما دا لەشی بەلوختی دەخاتە بەرچاوی مێردان بۆ تەحریك کردنیان و بۆ فرۆشتنی جنسەکانی خوەی ! کام یەك لەو پایە گەلە بەرزتر و بەرێزتر وە بۆ کۆمەڵگەی بەشەری بەکەڵك ترە ؟

بەڵێ ئیسلامی راستەقینە ، پیاوی کردووە بەنان هاوەر وە لە ژن ئەو تەکلیفەی نەکردووە کە لەدوای ئەو هەموو کارە وا لەناو ماڵ دەیکات بڕواتە دەرەوە و لە شوێن نان دەر هاووردنیش تا ئێوارە تەق و دەو بکات ! ئەوە وەختاری بە بێ کینەو باش لێ ووردەو بین هەم بەلای ژنایە و هەم بەلای کۆمەڵگەی ئنسانی‌دایە کە منداڵی بێ‌سەرپەرشت نامێنی وە ماڵی شپرزە نابێت ، وە خێزانی تێك نادرگێت ! ئەمرۆ لە وڵاتانی سیکاندیناڤیا کە خۆتان باش ئاگاهن لێ ، ژن وە پیاو وەکوو یەك وەبەشانی یەك تەقالای ژیان دەدەن. بەڵام ژمارەیێکی زۆر گەورەیان لە جوانی خویان دەکوژن . ئەوە داخۆ لەسەر چیە ؟ لە سەر ئەوەیە ژن یان پایەی بەرز نیە ؟ یا لەسەر ئەوەیە منداڵیان بەنازی باوك و دایکەوە گەورە نابێ ! ؟

بوسوڵمانگەل ئیسلام زۆر پایەی ژنی بەرز داناوە بۆ ئەوە بەخوێ کردنی منال وە بارهاوردنی نەسلی بەشەری داوەتە دەستیەوە کە ئەم هەموو قوتاوخێنە و مەدرەسە و زانستگەی ئیمرۆژە بەیەکەوە نەیان توانیوە جێگای بەرێك‌وپێکی پرەو بکەنەوە! بەڵام بەداخەوە کۆمەڵگەگەلی نیمە بوسوڵمانی ئیمرۆ ژنیان لە دووایە وە نەیان هێشتووە دەم وزوانی بکاتەوە وە ئەوجۆرەوا ئەبێ لەزینگی کۆمەڵدا بە شداری بکات . ئەوەیش کە سەرنجی بدەی سەبەبی دووانە :

یەکەم سەبەب ئەوەیە کە لە مێژوی ئەو کۆمەڵگانەدا زۆر فەکتورگەلی غێرئیسلامی و کۆن دەخالەتی بووە،

، وەکو یاسایێ تیرەی تورك کـ
هەر لە مێژوە ژنیان دەشاردەوە یان
رەسم و یاسای فارس گەل وە هیندو
گەل کـ هەموویان پیاو سالار بوون ،
وە ئەوجۆرە شتانە خوەیان یان زاڵ
کردوە بەمل دەستوراتی خودائی
ئیسلام دا وە بەو جۆرەیان کردووە
بەکۆمەڵگەی بوسلمان کـ ئیمرۆژ
ژیان دەکەن .

دووەم سەبەب ئەوێە : دەستوراتی
قورئان و ئیسلامی راستەقینە بەزۆر
نە ناسراو ماون . منداڵ نە لەماڵ دا
باش فێر دەکرێت ، نە لە قوتاوخان
نە لە زانستگە . جا ئەم منداڵە بێ
گوناحە لە کوێنەو بزانێت ئیسلام
چییە و چی لێ دەوێت؟ وە خودا و
پەیغەمبەر لە چە لێ رازی دەمێن !
تا منالە لەمالا شتێ دەبینێ و دەبیسی
وە لەناو خزم و مەحەلە یشدا تێکرای
ئەو شتانە دەبینێ هەرچی هەس
وازانێتە ئەوە ئیسلامە . لە مەدرەسە
و زانستگە کـ لە لایەنی دژمەنانی
قەسەم خواردووی ئیسلام وە زۆر
بەیان پایەریزی وە بەرنامەریزی
کراون رەخنەی ئەو ئیسلامە دەخوێنێ
وە دەرزی پێ دەدرێت ! جا ئەگەر
رەحمی خودا لەسەری نەبێت بە
ئێجگار پشت هەڵ دەکات لە ئیسلام
. . . بەبێ ئەوەفرەسەتێك ئە پێ
درابێت ئیسلامی خودایی وە راستە-
قینە فێر بوێت یان چۆینیەتی زینگی
لە روی دەستوری ئیسلام لە جێگایە
یێك دا بەچاو ببینێ ! ناوەڵا ئەمە
ئیسلام نیە ! وە بە گوتەی مامۆستا
ئەکرەم « دژمەنیشمان لە خەونی
شەواندا نەی بینێ ! » ئەگەریش
بە زۆر بلێن ئەو جۆرە کۆمەڵگەگەلە
بوسولمانن ، حەقەتی بوسلمانێکی
ناخوەشن وە کۆمەڵگەگەلێکی
ناساقن ! هەر ئەویچەسەوا ئا بەو
جۆرە لە ولاتانی موسولمان نشین دا
ئەو هەموو خەیرات و بەرەکاتەی
خودا رژاوە و هێشتا زۆربەی مەردمە-
کەی زك برسی و رەشورووتن وە لە
هەموو ئاینگەلی تر ئاوارە و بێ
پەنایان زیادترە ! . . . لە ژێرزەوی و
لەسەرزەوی خەیرات هەیە ، لەزەوی
و لە عاسمانی ئەو ولاتانە شت
دەبارێت نەفت و خۆرەتاویان لە
هەمو ولات گەلی دنیا زیاترە ،
پڕیانە لە پیاوی لایەق و باش وژنی
سەرەو هاوتەراز بەلام هەر ژێر
دەستی ئەم ئەون ! زۆربەیشیان
لەو مەردمە سەرلێ شێواوە بەشوێنی
زانست و زانستگە و سەنعات و
سیستەم گەلی ئیمرۆژی و پێشکەوتو-
یشدا رۆیشتون ، هیچکەس نەخوەی
لای داوە لە شتی تازە و نە بەری
منداڵی گرتوە لە رۆیشتن بە شوێن
یادگرتندا بەلام هەر خوەیان نابن
بەخاوەنی ئەو هەموو داراییە وا
خودای گەورە رژانویەتە ناو ولاتە

کانیان ! مەگەر ئەم هەموو زەبوونیە بێ عیلەتە ؟!

٥ ـ لە یرەدا پێم خۆشە یەکراست برۆمە سەری قسەی مامۆستا ک نویسیویە « ئەو مرۆڤە لەسەر هەر ئاینێك بێ دەتوانێ داب و نەریتی ـ رەسم و یاسای ـ ئایینەکەی خۆی بەجێ بگەیەنێ وە کەس رێ لەوە نەگرتووە » . بەروی ئەو شتانە لە سەرەوە نوسیم ئەم قسەیە راست نیە ! بەڵێ ئەگەر مرۆڤ وەکوو نوسیمان ، بە بێ خەوەری لەئیسلام زینگی بۆاتە سەر وە کاری بەکار کەسێکەوە نەبێت ، لە هیچ مەجلیسێك‌دا لە زۆرو زۆرداری بیگانە گلە نەکات وە لە کەم زۆری و لاوازی مەردمی بوسلمان هیچ نەیژێت وە بەرووت و قووتی بگەرێت وەخوەی لاولوسکەبدات ، کەسێ بەری ناگرێت ! بەلام هەروەها ک لە رەخنەی مامۆستاووتارگەلی‌ترو‌ەنویشتەگەلی ترەوە وە لە پێگەیان گەلی گشتی Media ی ئیمرۆی دنیاوە باش دیارە تا کەسێ لە سەری ئیسلامی راستەقینەبرِوا ومچارشیێوبداتەسەریا ئەگەر ژنە ، و ریش بەرەو بدا ئەگەر پیاوە ، فەوری هەزار کەس بە هاژەی دەم وە بەناوگۆران وە بە بەرچەسپ لیێدانی وە بەدەیان جۆری تر ، بەری دەگرن وە شلی دەکەنەوە ! وە نایێلن لەو رێگادا وا خوەیێ بە مەیلی خوەیێ هەڵی بژار دووە درێژە بە ژیان بدات وە بە زۆریش بووە دەیگەرێننەوە بۆ سەری رەویەرەوشتی خوەیان تا مەبادا کەسێك تریش لەوئیسلامە بەراستی پێش کەوتووە سەر دەر بیێرێت وە هیواش هیواش دەم و دەزگای ئەو زاڵمانە و ئەو سەر لێ شیێواوانە هەمووی ببەسرێت وە دوکانی مەردم خەڵەتانن وە سەر لێ شیێواننیان بەکوللی داخرێت !

بۆ وێنە با رودەربایسی بنینە کەنارەوە و بروانین بەم نویسراوەی مامۆستا را ک نویسیویە :« پێشنیاری ئەو جۆرە ماکینانەی درونەمان بۆ دەکەن ک لە ئایەتەکانی قورعان دا بەوردی باسی چۆنییەتی دروستکردنی کراوەو شۆفێریشی پێ ناوی . هەر خوەی بەئەمری خوای تەبارەك و تەعالاهەموو کاروباریێك رادەپەرێنێ، سەیر ئەوەیە گەنمەکەش دەکاتە نان . . . » پەنا بەخودا ! ساحیێوی ئەو قسە قۆرانە کێیە ؟ کێ گوتوویە قورعانی پیرۆز چۆێنیەتی‌سوارکردنی ماکینەی تێدایە ؟ کێ کوتوویەتی کورد بەشوێنی بەربەرەکانی لە حەقی خوەی نەرِوات وە چ ژنی و چ پیاوی و چ گەورە و بچوکی لە سەر حەقی خوا پێ داوی خوەی و میللەتەکەیێ باس نەکات و شت نەنویسی؟ بەلام تائا بەوجۆرە بەقسەی قۆر

کوردە بوسوڵمانەکە، وا لەهەمووکەس بۆ میللەتەکەی خەمخۆرەترە. لەمەیان دەربکرێت، کێ دڵسۆزی کورد دەمێنێت؟ کێ نە بەخاتری خستنی کورد لە ژێر دەستی یەك زاڵم بەژێر دەستی ئەستەم کارێکی بێ رەحم تر. بەڵکە تەنیا بەخاتری خوداو بۆسەربەرزی کورد تێکۆشانی درێژە پێ ئەدات؟ جا تۆخوا حەیف نەوێ ئا بەو جۆرە دڵسۆزترین تیرەی ناو کورد لاواز بکرێت؟

٦ـ هەروا لە پێشەوە نویسیم هەڵەکانی مامۆستای لە ئیسلام رەخنەگیر، لە تێگەیشتنی قورعان و حەدیس دا، لێ ناگیرێت، بۆ ئەوە بێگومان، پێ دەرزنەدراوە تا باش سەری لێ دەرکات، وەخویشی وا دیارە لەوانە نەبووە بەشوێنی ئەو جورە زانستانە دا بڕوا. وەلێ ئەگەر بەو جۆرە وا ئەو حاڵی بووە و نویسیویە خوێنەری کوردیش لێ حاڵی بوێت، ئەوە هەڵەیێکی گەورەترو گرنگ ترە. لەبەر ئەوەیە کـ دروس کردنی پێویستە. لە وەرگێڕانی ئایەتێکی قورعان دا نویسیویە: « خوا بەوە دەبەخشێ کـ ئارەزوی لێیە.» بە جێگایی « خودا بەو کەسە دەبەخشێ وا خوەی مەیلی لەسەربێت » کـ خاڵێکی زۆر گرنگی تێیدایە و ئەوەیش مەیلی خودا و مەشیەتی موبارەکیە.

لە حەدیسێك کـ ئەبووداوود گەڕانویە تەو مامۆستا وشەی عەرەبی « رَویٰ » ی بە « رأی » زانیوە، وەسێ چوار ستونی لەسەر ئەوە نویسیوە کـ ئەگەر ئەبووداوود گەل پەیغەمبەریان دیوێت ماچی ژنی کردووە ئیتر بۆچ ئیمرۆ ژن دادەپۆشن وە نایێلن کەس بالای ببینێ؟ بێ خەتایە مامۆستا کە لە عارەبی سەردەرنەکات. بەلام لە کوردەواریدا کوتویانە « پرسا بە و زانا بە » ئەگەر مرۆڤ شتێك نازانی، باشترە بپرسێ وەخوەی بەزانست برازێنێتەوە، بەجێگای ئەوە خوەی رسوا بکات!

« رَویٰ » ئە خوێنرێت رەوا. یانی گەڕانوویەتەوە، رەوایەتی کردووە. ئەویش خوەی نەی دیوە هیچ، لە قەوڵی چەندها کەسەوە گەڕانوویەتەو کـ بەر لەخوی ئەو قسەیانە کردووە. ئەو کەسانە یەکیان بەوی تری گوتووە وەهیچکامیان بەچاوی خۆ نەیان دیوە جگە لە سەر چاوکەی ئەو قسە کـ وا دیارە لەو حەدیسە عایشەی راستگۆبووە. خاڵێکی گرنگ لە یرەدا هەیە کـ یەك یەکی ئەو کەسانە کـ پێیان دەڵێن « راوی » هەر ئەوندە لە گەڕاندنەوەی قسەکە ئەمانەت دار وە لەخودا ترس بوون کـ هیچکام بچوکترین دەغیلەی نە کردووە تێیدا وە هەر بەو جۆرە وا بیستویە بەخەڵکی کوتوە... وا دیارە عایشەی راستگۆ لەگەڵ یەکی لە

خزمە نزیکەکانی خوەیێ وەکو خوەیزاگی بەناو عەبدوڵای کوڕی عەسما و زوبەیر ئەم قسەی کردووە ئەویش بۆ یەکی تری گەڕاندووەسەو تا گەیشتووە بەکوێ ئەبووداوود کە لە کتێبەکەی دا وا ناوی « سونەنی ئەبووداوود » بووە نویسیویە . زانستی حەدیس ئەوچوێنیەتیە روون دەکاتەو . کتێبی سونەنی ئەبووداوود لەگەڵ دوروستی موسلم دوروستی بوخاری و کتێوی کوڕی ماجە و ئیمام ترمەزی و نیسائی دا شەش کتێبی بەئیتباری نێوان ئەهلی سوننەتن کە لە دوای قورعانی پیرۆز بە شەرەفتەرین ، و گرنگ ترین کتێوی ناو بوسوڵانگەلێ سونی مەزەبن .

روون نیە ماموستا جابری کوڕی عەبدوڵا کە لە دەوروبەری قسەی ئەوحەدیسە ، حەیسێك تر دەگەڕێنێتەو ، ئیتر بۆچە وەکوو ئەبووداوود بە حەسێو هاوردووە وەوای دەربڕیوە کە ئەویش « جابریش » ئەو کارەی دیوە ! قسە کەی ئەو خۆ ئیتر رەوای تێدا نە بوو ؟ و بۆچ ناوی ئەویش وەکوو ناوی « هەڵەبجە » گۆڕاوە وە نویسیویە ئەبوو جابیر بە جێگای جابر کوڕی عەبدوڵا . ئایا رۆشن بیری کوردی ئیمڕۆ ئەمانەت لەسەری کەفتووە ؟ وە بەمەیلی خوەی دەتوانی ناو و نیشان و قسەی مەردم بگورێت ؟ جا ئەو هەموو هەڵە لەفامی دوو چاوکەیێ بەڕێزی زانست لە ئیسلام بەلایێك وە هاوتەرازی کردن ئەو دوو رەفتارەش بەلایێك ! ئەگەر پەیغەمبەر کە لەسەری بووە بە بوسڵمان نیشان بدات چۆن هەرکام لەجێگای خوەی لەماڵی خوەی ، لەگەڵ خێزانی حەلاڵی خوەی نزیکی بکات قسەیێکی لەسەر ئەوە کردووە ، ئەوە لەکوێ ؟ وە ماچ و موچی نێو میترۆی ستۆکهۆلم کە هەموو کارێکی تێیدا دەکرێ لە کوێ ؟ چ هاوتەرازێك هەیە لە نێوان ئەو دوو جێگایەدا . پەیوەندی ئەو دووانە چییە ؟ بە چ عەقلی مرۆڤ لە یەکییەوە دەگەیێ بەو یەکەی ؟

٧- ماموستا نویسیویە « نزیکەی نیو سەدەیە پێشمەرگەی کوردستان زۆربەی کات بۆ کۆبوونەوەوخەوتن و پشودان - یانی وچان گرتن - جێگە یان مزگەوت بووە . هەر پەرستگەیێکی تریش سەر بەهەر ئایینی کی تر بوایا هەروا دەبوو وە هەرواش بووە » لە راست بونی ئەم نوسراوەدا زۆر باس هەیە ! :

ئەبێ ماموستا بزانێت کە لەزۆربەی کوردستانی باکور و باشوردا کوردی یەزیدی وە مەسیحیش هەیە . ئایا ئەوانیش پەرەستگەکانیان لە لایەنی پێشمەرگەی کورد دەوەهاتنوچۆی تێیدا کرا یان نە ؟ ئەگەر کرا هەر بەو ئەندازە بو وا لە مزگەوت قازانج وەرگیرا یان نا ؟ ئەگەر وڵامی هەر

کام لەم پرسیارانە، بەبێ لایەنگیری
، ئایە ئیتر چۆن ئەبێ رۆشن بیری
کورد لەخۆیەوە نویسراوەیێك ئاوا کـ
لە سەرەوە هاوردمان بدا لە چاپ
وە ئایا نا بەرانبەری ئەو هاتنوچونە
بۆ مزگەوت و بۆ پەرستگەکانی تر
ناسلەمێنێ کـ بە راستە کورد زۆر-
بەیان بوسلمانن وە بەروی ئایین و
عادەت وە هەر شتی کی ترەوە
حەسێوی بکەی بە مزگەوتەوە بە
سیاوترن تا بەپەرەستگەگەلی ترەوە!
بەلام چوزانین ئەو پێشمەرگانە وا
مامۆستا ئیشارەی کردووە پێیان،
بەچە رێز و حورمەتێکەوە دەروانە
ناو مزگەوتەکان!

لە کوردستانی ئێران کـ ئەم برای
بچوکتان خەبەری لێیە کلیساکان بە
هیچ کلۆەنج لەلایەنی پێشمەرگەی
کوردی ئێرانەوە دەرگایان نەکراوە!
وە کاتێکیش پێشمەرگەی کۆمەلە
مزگەوتەکانی سنەی داگیرکرد بوو بۆ
رێزگرتن لە مزگەوت وەیا وچان گرتن
وە کەلك وەرگرتن لەجێگاکەی نەبوو،
بەلکە بۆ ئەوەبوو بەری بوسلمانگەلی
سنە بگرن لەرۆیشتن بە مزگەوت وە
لەبەجێ هێنانی رەسم و یاسای ئایینی
خوەیان!

بە دیتنی ئێمە ئەو رەفتارە لە
روخاندنیش زۆر زۆر پیس ترە! بۆ
ئەوەی روخاندنی داریودیواری مزگەوت
مەردم لە جێگایێکی تردا کۆ دەکاتەوە
وە لە سەرامەدی دوبارە بنیا کردن وە
دروس کردنی بەیەکەوە نزیکیان
دەکاتەوە، بەلام کـ مزگەوتەکە بەپاوە
مابێت، وە دەرودیواریشی ساق بێت،
وەلێ مرۆڤ نەتوانێ برواتە ناویەوە
بەبێ ترس نوێژەکەی بکا، ئەوە
روخاندن هەی روخاندن، نا، لە
روخاندنیش خراپتر و پرداخ تر! وە
ئێمە پێمان وایە ئیسلام لەهیچ کاتێکدا
ئاوەها مەردمی بەزۆر لەئایینی خوەیان
رێ نە گرتووە، وە شایەتیشمان
ئەوەیە کـ لە نێو کۆمەلگەگەلی
بوسلمانی ئیمرۆژیش دا خەلکی نا
موسلمان زۆرن! دوای چەندها سەدە
هەر بەئایینی خوەیان ماون وەکەس
نەیانی ترساندووە، هەرچەن دژمنانی
ئیسلام زۆر لەسەر قسەی درۆی
خوەیان دەرۆن کە ئیسلام بەزۆر
سەپێندرا سەری مەردم، ئەو
شایەتە زیندووە درۆکەیان دەخاتە
روو وە رسوایان دەکا.

٨ـ مێژوی کوردیش هەر بەوێنە بە
هەلە دووپارکراوە وە مامۆستا بەهەلە
لە سەری نویسیوە! راست ئەوەیە
کـ کورد لە ئەستەمی پادشایگەلی
ئێران و رۆم وە لە باجگەلێك ئەوان
ئەیان ستاند لەژێردەستانی خۆ،
بەتەنگ هاتووبوون. ئەوەل جارێك
لەشکری ئیسلامی گەیشتە ولاتی
کوردان، بەبێگومان کوردەکان لەژێر
فەرمانی پادشاگەلی ئێرانی وە

ساتراپ گەلی ئەوان دا لەگەڵیان شەڕیان کرد ، بەڵام کە دییان بوسوڵمانەکان جۆری تر ، وە رەفتاریان بە وێنەیێکی تر ، وە مەرام و مەقسود یان شتێکی تر بوو هەڵ گەڕانەوە لە ساتراپ گەلی فارس و یەکجار بوون بە موسوڵمان . کەم لە کوردان لەسەر ئایینی کۆنی خۆیان باقی مان . مێژونوسگەلی عەرەبیش ئەوە یان تۆمارکردووە . بۆ نمونە بڕوانن بە نووسراوێکی دوکتۆر حەمەسالح دا لە ژێر سەرخەتی « کوردستان بلاد الفرسان » بەزمانی عارەبی لە گۆڤاری « جودی » لاپەڕەی ٢ تا ٧ ، ژمارەی ٦ خولی دەهەم ڕێبەندرانی ٢٦٠٢ کوردی بەرانبەری فوریەی ١٩٩١ زایینی .

دوکتۆر حەمەسالح دەگەڕێنێتەوە کە لەساڵی ١٨ دوای کۆچ کردن ، کورد لەژێردەستی عەیاز کوڕی غەنەم خودای لێ رازی بێت ، دەستەدەستە بوون بە بوسلمان و لەو وەختەوە تا ئیمڕۆ هەم یارمەتی دەری ئیسلام بوون وە هەم ڕەواج پێ دەری ئەو ئایینە !

یەکی تر لە شایەت گەلی زیندوی ئەوە کە کورد بەزۆر نەبوو بە بوسوڵمان ئەوەیە کە بەرنوێژ لە مزگەوت گەلی هەینی ئەو وڵاتانە وا بە مەیلی خۆ بە ئیسلام موشەرەف بوون شمشێر و ئەسلەحە ناگرێتە دەستەوە . بەڵام لە وڵات گەلێک لە دوای شەڕ ئیسلامیان هاورد وەکو ئێران ، ئیمام پێویستە لە کاتی خوێندنی خوتبە شمشێر یان ئەسلەحەیێکی تر بە دەستی بێت . جا ئیمڕۆ لەترسی دەوڵەتە پێشکەوتووەکان ! وەدیکتاتۆرەکان ، زۆربەی جێگاگەل شمشێرێکی لە چێو تاشراو دەگرنە دەستەوە . بەڵام لەئێران کە دەورگۆڕا ئایەتوڵای تاڵەقانی خوالێ خۆشبوو ، بۆ هەوەڵ جار ، کلاشینکۆفێکی گرت بەدەستەوە و بەرنوێژی ڕۆژی هەینی کرد ! لەو ڕۆژەوە بوو دنیا ناوی « فەندامنتالیست » ی بڕیە سەر ئێرانا ! و بە جیاواز لەگەڵ بوسلمانەکانی تر لە گەڵیان هەڵسان و دانیشتن .

ئەگەر مامۆستا ش پێی بکرێ جارێ دووان بڕواتە مزگەوت بونوێژی هەینی ، بەهاسانی تێ دەگات کە کوردستان زۆربەی شارەکانی و لادێکانی بە مەیلی خۆیان بوون بە موسوڵمان وە نەتەنیا لە بوسوڵمانەکان تر ترسیان نەبووە . بەڵکە لە بەرانبەری ئەستەمی پاشاکان وە ساتراپەکانی ئەو کاتەدا خۆیانیان بەبەختەوەر زانیوە بڕونە ژێر ئالای ئیسلام .

جا ئەگەر بێژن لەسەر ئەو قسەیە ئیمکانی باس هەیە ، خۆ لەسەر ئەوە کە : ئایینی ئیسلام کە بەپێشەوایی موحەمەد کوڕی ئامینە و عەبدوڵا ، سلام وسەلواتی خودای لەسەر بێت ، لە ١٤١٦ ساڵی کۆچی مانگی لەمەوپێش

هەواڵنامەی کتێب

بنیادنرا و دەس پێ کرا هیچ باسێك نیە ! بەلام مامۆستای رەخنەگیر لە ئیسلام ، ئەوەیشی بەکەیفی خوەی گۆراوە کردویە بە هەزارو شەسەد سال ! داخۆ ئەو هەلەیە لەچییەوە پێ دەس دابێت ؟ ئا لەم رۆژگەلەدا سالی١٤١٧ ی کۆچی مانگی دەس پێ کرا ، لە خودام تەلە بە خوەی بیکاتە کاتی لە ئیسلام تێگەیشتنی خەلك وە بەدوایی هاوردنی بەۆ بەختیگەلی کورد ، وە لە بەین بردنی ناکۆکی نێوانیان .

٩- لە دوای چەندها قسەی هەلیت و پەلیت کـ بێگومان هەروەکوو توتی لە شوێن خاچ پەرەستگەلی دووپار کراوەن ، لەبارەی زۆری ئیسلام لە کورد وە لە خەلکی تر ، کـ لەپێشەوە نادروسی یان روون کرا ، مامۆستا قەنازێکی پڕ عەجیب و غەریب دەگرێ بەدەستەوە و مێژوی کورد و بوسلمان بوونی پێ دەسەنجی ! بەدیتنی مامۆستا ژمارەی شاعیرگەلی کورد نیشانەی ئەوەیە ئیسلام چەندە باش بووە یان نەبووە بۆکورد ! جا لەوێش دا بێخەبەری خوەی دەرخستووە بۆ ئەوە لە ژمارەیێکی بوچوکی پێنجا کەسەوە دەسی پێ دەکا ، بەجێ ئەوە بروانی بە کتێبی مامۆستای زانای بەناوبانگی کورد « بابەمەردوخی رۆحانی » دا کـ لە هەر یەك لە سێ جلدی کتێبەکەی «تاریخی مەشاهیری کورد» ژمارەیێکی زۆر گەورەتر لەوەی تێیدایە لە بە ناوبانگ گەلی ، گەلی کورد .

جا بەکەیفی خوەی مامۆستا ئەو ژمارەی پێنجا هەر دەباتە سەرو زیاتری دەکات ، بۆ ئەوە هیچ عاقلێ باوری پێ ناکا هەر پێنجا پیاو لە ناو کورد و مێژوی چەندها سەدەی دا هەل کەفتوبێت . . . . ئاخری دەی گەبینێ بە هەمان ژمارەی « هەزارو شەسەد » ! ئەوەیش بـۆ ئەوە کردوویە تا ساقی بکاتەوە کـ کورد هەر سال تەنیا خوێنەرێکی بووە ! لەپێش هەموو شتێ بێلانە بپرسین: لەکام سیستەم ژمارەی شاعیرگەل کراوە بە ئەننازە گیر بۆ پێشکەوتوو- بوونی ولات ؟ ئەگەر ئاوەها ئەننازە گیرێك بەکار بگیریا یا ئەمریکا و روس کـ ئیمرۆ ئیدعای ئاغایی دنیا یان پێیە خۆ دەبوان بەنۆکەری بازی لـە ولاتگەلی تر ! بۆ ئەوە ژمارەی شاعیرەکانیان لەوان زۆر کەمترە ! ئەمە لەو شتانە دەچێ سەددامی بەدعەسلو نەسەب خەلکی بێ داژیاری پێ دەخەلەتێنێ !

بەلام خالێکی گرنگ لەبەر چاوی مامۆستا نەبووە کـ هەر سیستەم بۆ مرۆڤ رەسم و یاسایێك دادەنێ وە مرۆڤ بەمەیلی خۆیە لەوە کەلك وەربگرێت یان بە فیرۆ لە دەستی بدا . بۆ وێنە ئیمرۆ لە کوردستانی

ئازادکراو سیستەمی دیموکراتی ئالای بەرزە . بەلام هەر ئەو دیموکراتیە وا لە ولاتانی ئەمریکا و ئەوروپا بۆ دانیشتوانی ئەو ولاتانە پڕ خەیرە ، لە کوردستانی ئازاد ، بووەبە قورنێکی تازەو قوزبالّ قوزێك تر بەملی مەردم دا ، وە ئاژاوەێیکی دوورو درێژی خستۆتەوە نێوانیان . ئایا دوای « هەزارو شەسەد » سالّی تر ئەگەر کەسێ تماشای ئەم سەردەمە بکا ئەبێ بلێ دیموکراتی باش نەبووە وا کورد کوردی لەژێر ئالایا کوشتووە ؟ ئیسلام وە سیستەمی زانست فێر کردنی لە مزگەوت گەل ، وەختارێك لەگەلّ سیستەم گەلی سەردەمی خوەی ، یان دواتر لە خوەیێ ، تماشا بکرێت ، زۆر پێشرەوتربوە ، و مندالّی فەقیران لە مزگەوت هەر بەو ئەننازە ڕێ دەدریان ک مندالّی دەولەمەندان ! وە هەموویان بە غیرەتی خۆیان ئەیان توانی لە دەرزی مەلاو مامۆستای ئەو مزگەوتە قازانج وەربگرن . بەلام خوێندن و شیعرگوتن کاری هەر کەس نەبووە ! و مرۆڤ بە شوێنی ئەوە دا نەبوە کوڕی بکا بە شاعیر تا ئەوە ئیمرۆ ببێ بە ئەننازە گیریك لە دەستی ئێمەدا . خەلّك بە شوێن نانی حەلال دەرهاوردن ، بە سەربەرزی و بێ قەرقەشە داژیارکردن ، لە مێوان پەزیرایی باش کردن ، ئەمانەت داری ، هاوساوەزەنگی ، وە ئەو جۆرەخوسوسیاتەدا بوون ، وە کورد تا ئەم سەردەمە لە هەموو میللەتێ سەربەرزتر وە بەختەوەرتر بووە . بۆ ئەوە ژیانی خۆی بەحەلالی پێش بردووە ، توخمی حەرامی تێیدا کەمتر لەتیرەگەلی تربووە وە نیازی بە کەس نەبووە ! شوکور بۆ خودا و ئەو نەعمەتە گەوراکەلی یە ! ئەبێ ئەمیش لەبەرچاو ڕۆشن بیرگەلی کورد بێت ک کورد همیشە ئابەو جۆرە بە دواکەوتوو نەبووە . زۆربەی سەردار گەلی بەگوڕی قشونی عوسمانی کورد بوون ئەوروپا بەدەستی ئەوان بوون بە موسولمان . نادرشای ئەفشار لەلایەن سەرکەورەێ خێلّ گەلی کوردەوە تەئیدکراو بوو بەپادشای ئێران وە کورد لەگەلی تاخوەراسان و پەنجاب ڕۆیشتن بۆ بەرەدان بە هێزی . کەریم خانی زەن خوەی وتیرەکەێ هەموو کورد بون ک سالّها بەر تەواوی ئێران و بەش گەلی گەورە لە کوردستان پادشاییان کرد . پادشاگەلی قاجار لەگەلّ بەناوبانگ گەلی کورد ژن و ژن خوازی لە بەینیان بوو . . .

قوربەسەری کورد لەو ڕۆژەوە دەس پێ کرا خەلافەت لە بەین چوو . ئومەتی بوسولمان سەرکەوەرای خوەی لەدەس داو سەری لێ شیویا و پرژ و بلاوبووە وە لە ژێر دەستی نەتەوەپەرەس گەلی جۆر با جۆر ! وە لە هەمان کات کوردستان

بەدەسیسەی بێگانە و دژمنایەتی ئەو نەتەوە پەرەستانە دابەش کرا لە نێوان چەند نەفەر تازە بەدەوران گەیشتوو وا بەدەسیسەی ئینگلیس سپێندرابوونە سەری خەڵك، کە لە دەرەوەی کوردستان هاوریا بوون، وە هیچ سەر رشتەی وڵات پارێزی و مەردەم دارییان نەبوو ! هیچ لەم قوربەسەریگە لە خەتای ئیسلام نەبووە و نیە ! بەڵێ بەشێکی خەتای نیمە بوسوڵمانگەل و نۆکەرانی بێگانەیە ! بەڵام ئیسلام لە کاری ئەوانە وا خۆیان بە بوسوڵمان دەزانن زۆر بەدورە ! وە رق کردن لەئیسلام هیچ ئیفاقەییکی بۆ کورد نیە و زۆربەی خەڵکی بوسوڵمانی ئیمرۆش لەگەل کورد دەکا بە دژمەن. بۆیەوە ئیسلام یەك سیستەمە بۆزینگی ئەگەر باش بەکار ببرگێت زوو ئەو میللەتە وا بە کاری بردووە پێشکەوتودەکا. بەڵام ئەگەر باش بەکار نەبرگێت وە دانەمەزرێت لەناوخەڵکدا، سەر لێ شێویاگی ئەۆ خەڵکە نابێ بکرێتە خەتای ئیسلام.

کورد ئیمرۆ پێویستی بەکینەو نۆزینەوەی خەتابار نیە. پێویستی کورد بە زانستە بە دڵسۆزگەلێك لە رۆڵەکانی خوەی، کە لە رووی رەسم و یاسای کوردەواری و ئایینی زۆربەی خەڵکەکەی دەرز بەمندالانی کورد و لاوانی دەن، وە فێریان بکەن کەم خوێرێ بن و بەشوێنی ئەم و ئەو کەون ! بگەرێنەوە سەر ئاینی گشتی خوەیان کە سەدان ساڵە ئیسلام بووە باش لەخودی ئیسلامی راستەقینە سەردەربێرن وە لە ژیانی خوەیان بیگرنەکار تا ژانی سەریان وە ناکوکی ناو کۆمەڵیان لا برێت وە هێواش هێواش بە دەراوسێکانیش نیشان بدەن چەندە ئەو دراوسیانە لە ئیسلام و لە عیسانیەت بەدوور کەفتون وە ئەونەتەوەپەرەستیە چەی بەسەریان هاوردووە ! و چۆن کردویانی بە ژێر دەس ! کورد هیچ لە ئاژاوەی ناوخۆ وە دڵ ساردەوکردنی زۆربەی خەم خوەر گەلی خوەی جگە لە بەدواکەوتن وە قوربەسەری زیاتر دەسگیری نابێت. هیوادارم رۆشن بیرانی گەلی کورد ئەمانە لە بیر نەکەن.

والسلام
باڵوێزی پارتیا ئسلامیا کوردستانی
نیۆیۆرك ٢٦٠٨ کوردی
١٩٩٦ زایینی

تێبینی بۆ خوێنەرانی بەرێز :
دەشێ ئەم نووسینە هەڵەی زمانەوانی تێدا بێ، ئێمە دوای ئەوەی تایپمان کرد، بۆ بەرێز مامۆستا موزەفەرمان ناردەوە، تاخۆی جارێکی تریدا بچێتەوە دوای ئەوە هەڵەبژێری کردبوو، دیارە مامۆستا بەو شێوەیە لێی رازی بوو، بەهۆی ئەوەشەوە دەستمان

نەگەیشت بەپسپۆرێکی زمانەوانی کە بتوانی لەو کارەدا یارمەتیمان بدات، لەبەرچاوی ئێمە هێندی گیروگرفتی نووسینەکە وەك خۆی ماوەتەوە، بۆ نموونە ئێمە خوازیاربووین کە ـ وە ـ نەنووسرێت ـ و ـ بنووسرێت چونکی کوردیە، ئەم ـ وە ـ یە لاوەکییە هەرچۆنێبێ مامۆستا لەسەر داخوازی خۆمان فەرهەنگۆکێکی سازکردووە کەبریتییە لەلێکدانەوەی کۆمەڵێ وشە هیوادارین خوێنەر کەڵکی لێوەربگرێت دیارە ئێمە ئەم وشانەمان لێ هەڵبژارد کە بەلا ـ مانەوە دەشێ لای هێندێ خوێنەری کورد نەبیستراو و نامۆبن .

عەسلەن / ئەسلەن، لەبنەڕەتەوە، بەهیچ کلۆجێ
بازێك / هەندێك
جاحانم / دۆزەخ، جەهەنەم
حەسێو کتێو / حیساب و کیتاب .
ئازادئەندیش / ئازاد فیکر
لائەقەل / دەس کەم، بەلای کەمەوە، هەرنەبێ
چێو / دار
باز / نیسان، هەر بەوچەشنە، هەربەوجۆرە .
هاوتەرازی / بەرانبەری، موقایەسە
لوختی / قوتەلی، رووتەلی، بێ پۆشراوێك
تەق و لۆ / تەقەلا، تێکۆشان، هاتوچۆی بێ وچان
دەو / راکردن، هەڵاتن، بەتونتون رۆیشتن
نیمە/نیوە
نیمەموسڵمان/ لەشتگەلێکدا بوسڵمان، بەڵام لە هەندێك رەفتا ناموسڵمان .
زینگی / ژیان، زیستن
مەحەلە / گەڕەك
فەورێ / یەکسەر
بەچەسپ/بەقسەسلەماندن،لکاندنی ناوێکی ناجور
مەبادا / نەوا، خوانەخواستە، نەکا
دەغێلە / دەس تێ وەردان، گۆڕاندن
خوێزاگ / خوەیشکەزا، کوڕ یا کچی خوشك

بەئیتبار / بەنرخ، بایەخدار
چاوکە / سەرچاوە، کانیاو
سونەن / کۆی ـ سونەتە ـ بە ئەبوودااوود و نیسائی و کوڕی ماجە و ترمەزی ئەڵێن ساحیێو گەلی سونەن وە بە موسلیم و بوخاری دەڵێن شێخان، حەدیسێك وا شێخان لە سەری یەکیان گرتوبێت زۆر گرنگترە و بەنرخترە لەوانی تر .
بەهیچ کلۆجێ / هەرگیز، بەهیچ گونە .
سەرامەد / راوێژکردن، دەستدانەیەك بۆ کارێك هەروەز
سلق / ساغ، بێ خەوش
ساتراب / ئاستان دار، پارێزگە
بێ داژیار / رەش و رووت، بێ پەنا
داژیار / ژیان
قوزبالاقوز / خەم لەسەر خەم
هلوسازەنگی / لە هاوسا ریزگرتن، ئیشی دەرهلوسی جێ بەجێ کردن . لە سنە پەندێك هەیە دەڵێ: ئەوەڵ هلوسازەنگی، لەودوا دایك و فەرزەنی ! یانی ریزگرتنی لە هاوسا و ئیشی ئەو بەرێ خستن باشترە لە دایك و فەرزەنی بەرێوەبردن .
قشون / لەشکر، سپا
خوێری / بەدواکەوتی ئەم و ئەو، بێگانە پەرەس یاخی، وێڵ، بەشوێن بێگانە .

ڕێباز محێدین

## نای لە دەنگی زوڕنا .. !
## وای لە ڕەنگی کەشیدە !

دانیال ئۆرتیگای سەرۆك کۆماری پێشوی نیکاراگوا ، کاتی گەیشتە پایەخت و دەسەلاتی گرتەدەست تەمەنی بیستوپێنج بەهار« ٢٥ ساڵ» بوو. هەڵبەتە دیارە ئەمە تەمەنیکی زێدە کەمە بۆ کەسێك خەریکی سیاسەت بێت . بەلام لەگەل ئەوەشدا هەرچەندی دەکەم بلام ناکرێت ئەم نمونەیە لەگەل کەسایەتی سیاسی کورد بەراوورد بکەم . ئەز تەمەنی ٢٥ سالی بۆ ئەوە دادەنێم؛ کە دەشێ سیاسی کورد تا ئەو تەمەنە زۆر هەڵەی ناقۆلای لێڕوبدات ، گەلێکیش سەرەڕۆ ، بێباك و بێبال بێ . بۆیە دەبێ بڵێین جێی خۆیەتی لەسەری نەژمێردرێت .

لێ ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە سیاسەتکارانی ئێمە تا لە تەمەندا هەڵدەکشێن ، هەڵەکانیشیان گەورە تر و زەبەلاحتر دەبن ، نازانم ئێمە چی بکەین و چی بڵێین لەگەل ئەو

سیاسەتکارانەی لەسەرووی سی سالّی دان ؟ چۆنچۆنی مرۆڤ دەتوانیّ لەو هەموو هەلّە زەقانەیان چاوپۆشی بکات و زاری خۆی داخات ؟؟ چۆن دەکریّ لە ئاست تاوانەکانیان بیّدەنگ بین؟؟ ئەی باشە چی لەو سیاسەتکارە کوردەبکەین ، کە دەگاتە تەمەنی چل سالّی و سەرووتریش ، هێشتا هیچ دەسکەوتێکی سیاسی ، ئابوری و کۆمەلاّیەتی بۆ جەماوەر وەدەستنەهێناوە ، بەلّکو تەنیا ئەوەندەش فێرنەبووە لەگەلّ خۆی و ویژدانی خۆی راستگۆبیّ و بەس ، راستگۆی و بەس ، چیتر نا !! ئاخر تەمەنی چل سالّی هی ئەوەیە مرۆڤ سروشی بۆ بێت و ببێتە پێغەمبەر ؟

کەچی بۆ بەختی کەچی ئێمە ئەوانەی خۆمان کە دەگەنە تەمەنی چل سالّی تازەبەتازە پیکی درۆ و دەلەسە خۆشدەکەن .

لەگەلّ هەموو کاروکردەوەی ناپەسەندی ئەوانە . مرۆڤ دەتوانیّ بەپێوەری سیاسی - ئەو سیاسەتەی ئەوان دەیکەن - دلّی خۆی بداتەوەو ، بلیّ : ئەوانە سیاسەت دەکەن ، دیارە دەبیّ سیاسەت ئەوەبیّ کە ئەوان دەیکەن و دەیلیّن . بۆیە چاکتر وایە جاریّ لەوانە بگەریّن و بیێینە سەر باسێکی تر .

باسی ئەو زورناژەن و چەقەوانە لێدەرانەی کە کەنغر ئاسا باز بازێن دەکەن وتوتی ئاسا لە هەرای خۆیان ناکەون . ئەوانەش بەرۆلّی جامبازانەی خۆیان و بە بۆچونی من هێندە جێگەی مەترسی نین ، بەلای منەوە ئەوەی جێگەی مەترسییە ئاستی هۆشیاری ودلّپاکی هاوولاتیانی کوردستانە کە زۆرجار لەئاست بازی کەنغەری و هەرای توتیەکان ، زۆر لێبوردووانە ، دەلێن : چ قەیدییە ، ئەوە نییە گۆراوە ؟!

ئەگەرچی روویەکی ئەم لێبوردنە دلّپاکی خۆرسکی کوردانەیە ، لیّ رووەکەی تری ساویلکەیی و نا هۆشیاری و پێوەری ئەو ناتێگەیشتنە- یە ، کە هاوولاتیانمانی پیّ پەروەردە دەکرێت.ئەمە سەرەرای بێهەلوێستی ئەو رۆشنبیرانەی کە هەست بەو کەماسییەی جەماوەر دەکەن ، کەچی کەراقوپیان لێکردووە.

بۆیە پێویستە لە بەرابەر هەر گۆرانێکی کۆمەلاّیەتی یاخود تاکی کۆمەلّ لە خۆمان بپرسین : چی گۆراوە ، چۆن گۆراوە ؟؟ کەسێک کە لە تەمەنی سی سالّ و بەرەو ژوورتر ، زنجیرەیەك هەلّەی وا دەکات هێندە زیانبەخشن ، بە دەیان سالّ قەرەبوو ناکرێنەوە ، دەبنە هۆی فەوتاندنی نەوەیەك یا چەندین نەوە ، کە بە سەدەیەك جێگەیان پرنابێتەوە، دوای زیانێکی قەبەی ئەوتۆ ، ئەگەر بشگۆرێن چییە ؟ کێندەرێی هەلّەکان بەم جۆرە گۆرانە ساغدەبێتەوە ؟ کیّ دەلّیّ زیان لە سود پترنابیّ ؟ ئەی بۆنابیّ

ئەو گۆڕانە سەرەتایەکی نوێ بێ بۆ خولێکی تری دەستخەڕۆکردن و جامبازی ؟؟ جگە لەوە ، گەر واشی دابنێن وا ئەم جۆرە کەسە هەر بەڕاست گۆڕاون ، دەبێ بپرسین :

- ئەوانە چیان پێ ڕاستدەکرێتەوە لەو بارەی بەلایاندا هێناوە ؟ بێگومان هیچ ، چونکێ ئەم جۆرە کەسانە لە کاتی گۆڕانیان چ دەسەلاتیان نابێ بەسەر بڕیارە سیاسییەکانەوە . لە بەرئەوەی ئەوان خاوەن بڕیارنەبوون بەڵکو زوڕناژەن بوون و بەس . بۆیە لەکاتی گۆڕانیاندا هەر ئەوەتە دەبنە زوڕناژەنی لایەکی تر ، کە زۆر زەحمەتە جێگەیان بێتەوە ! لەخوا بەزیادبێ هەموولایەك بابی خۆی بەزیادەوە زوڕناژەن هەس !

ئەوەی ڕاستی بێ ، ئەم جۆرە گۆڕانە هەر لە چیرۆکی ئەم جۆرەکەسانە دەچێت کە تا سەر لێواری گۆڕەکە ، لەهەرچی هەیەو نییە تەخسیری ناکەن و لە هیچ ناپرنگێنەوە ، هەر کەزانیان لە گۆڕە کە نێزیکبوینەوە ، یەکسەر فرتێکی بۆ داوێن و سەردانێکی ماڵیخودێ دەکەن ، لە مەککەوە بە سەرو کەشیدەیەکی پرتەقاڵی دەگەڕێنەوە. خەڵکیش سلاواتیان بۆ لێدەدات و دەستیشیان ماچ دەکات ! دوریش نییە ئەم داب و نەریتە هەر لەبەر ئەوەبێت کە ئەم جۆرە کەسانە زیاتر هەڵەکانیان درەهەق بەخۆیان بێ ، واتە لە ئاستی کۆمەلایەتی و ئابوری تاکەکەسدا ، پتر زیانەکەی وەبەرە خۆیان دەکەوێت لەوەی بەر دەوروبەریان بکەوێت . بۆیە تا رادەیەك خەڵکیش لێیان دەبورێ یا چاوپۆشیان لێ دەکات . نەك وەك هەڵەی بابای سیاسی کە رەنگە ئاکاری کۆمەلایەتی و زیانی ئابوری پڕ مەترسی لێبکەوێتەوە ، کە هەرەشەیەکی گەورە لە دوارۆژی کۆمەڵ بکات ، هەر بۆیەش ناکرێت چاوپۆشی لێبکرێت .

لایەنێکی گۆڕانی ئەم جۆرە کەسایەتییە ئەوەیە کە ئەو کابرایەی ڕێگەی حەج دەگرێت ، بە هیوای ئەوەیە خودێ لە گوناهی ببورێ ، بەڵکو بێوەی لەو پردەی وەك داوە موو باریك و وەك گوێزان تیژە بپەڕێتەوە ، لە ئاگری دۆزەخ رزگاری بێ و بگاتە بەهەشتی کامەرانی ، ئەمەش زیاتر دەسکەوتێکی مینۆکییە لەوەی ماکی بێ ، چونکێ وەك دەڵێن تا ئێستە کەس لەولا نەهاتۆتەوە ! کەچی بابای سیاسی « رەنگە باوەڕیشی بە دوارۆژ نەبێ » نەك هەر بەتەمای بەهەشت نییە ، بەڵکو هەلای گۆڕان و سوڕدان و بازدانی دەستکەوتی دنیایی و تاکە کەسی خۆیەتی .

لێ ئەوەی جێگەی پێکەنینە ئەوەیە ، کە کابرای لەمەڕ خۆمان « مام حاجی » زۆرچاك خۆی نیشانە دەکات و لەنێوکۆمەڵدا بەهاسانی دەناسرێتەوە ، بەهۆی ئەو کەشیدە

پرتەقاڵی - نارنجی - یەی لە سەری دەپێچێ، لە دوورا دیارە ! هەرچی سیاسەکانی ئێمەن بە پێچەوانەوە ، نەك هەر پێ لە هەڵەو چەوتی و تاوانەکانیان نانێن و رووی خۆیان رەش ناکەن تا خەڵکی بیان ناسننەوە، بەڵکو هێشتاش ئەوانن خەڵکەکە قەرزار دەکەنەوە . تۆ بڵێی ئەوانە هێندە گێل بن خۆیان نەناسن؟ یا خۆرەپێشکردن و نەفسی نزم و دەیان خەسڵەتی لەو بابەتە وایان خاراندوون لەسوودوبەرژەوندی خۆیان بەولاوە هیچ شتێکی تر بەدی ناکەن ؟

دەنا چۆن دەچێتە مێشکی مرۆڤەوە ، بە کامە گەزو گرێ ، کەسێك دەتوانی لەسەر مێزی پڕ لە خێرو بێری « پارتی پێشڕەوی شۆڕشگێڕ » بگوێزێتەوە کەلاوەی « پارتۆکەو مارتۆکەی کۆنەپەرست »و خۆفرۆش و نۆکەرو بەکرێگیراو ؟ نموونەی تاوانی سیاسی لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا زۆروزەبەندە . بەلام من لێرەدا بۆ روونکردنەوەی مەبەست تاکە یەك نموونە دێنمەوە .

ئاشکرایە و هەموو لایەك دەیزانین کەپارتی دیموکراتی کوردستان -عێراق و ، سەرۆکەکەی خوالێخۆشبوو مستەفا بارزانی زۆر تاوانیان دەخرێتە پاڵ ، یەکێك لەو تاوانانە کوشتنی دوو ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیاو چەند ئەندامێکی بزووتنەوەچەکدارییەکەی خۆرهەڵاتی کوردستانی ساڵانی ١٩٦٨ ـە ، کە شاعیری ناسراو « مەلائاوارە » یەکێك لە پێشمەرگە ناسراوەکانی ئەم بزاڤە بووە .

لە سەری نەڕۆین بارزانی بەکوشتنی ئەوانە « رەنگە هی‌تریش هەبن بەڵام پەیوەندیان بەپارچەکانی تری کوردستانەوە نەبێ » تاوانبارە ، بەمەزەندە دەڵێم تێکرا « هەردوولا » رەنگە لە دە کەس تێپەڕ نەکەن . هۆی کوشتنی ئەو دوو ئەندامەی پارتی دیموکراتی کوردستان-تورکیا ، هێندە روون نییە و جێگەی گومانە « لە زۆرلا وا نوسراوە کە دەستی میتی تێدابووە » ، لە چاو ئەوانەی خۆرهەڵات ، بەڵام هەرچۆنێك بێ دەتوانین ئەوە بڵێین : کە سەرۆك بارزانی « خودێ لێی خۆش بێ » دژی ئەوە بوو بزوتنەوەی چەکداری لە بەشەکانی‌تری کوردستاندا دەستپێ بکات بەر لەوەی بزاڤەکەی خۆی لەباشووری کوردستاندا بگاتە ئامانج . ئەوەبۆچوونی بارزانی بوو ، و بە موو لێی لانەدەدا . بەئاشکرا دەیوت و دەی وتەوە ، بەبێ ئەوەی کەس بخەڵەتێنێ ، هەر کەسێکیش کاری وای بکردبایە ، سزای دەدا ، دیارە سزاکەشی « کوشتن » بوو « بێگومان ئەمە جێگەی داخە » . ئاشکراشە هەرچەندە سەرجەم هاوولاتیانی کوردستان شۆڕشەکەی بارزانییان بە شۆڕشی خۆیان دادەناو ئەویان وەك سەرکردەیەکی نەتەوەیی

خۆشدەویست ، بەڵام بارزانی کە خۆی زۆرچاك ئەم راستییەی دەزانی ، هەرگیز بە ئاشکرا بانگەشەی ئەوەی نەکردووەو بانگی هاووڵاتیانی کوردستان بکات بێنە ریزی شۆرشەکەیەوە ، ئەوەشی هاتبێ بەئارەزوی خۆی هاتووە ، ئەویش ریگەی لێ نەگرتوون ، بەڵکوگەلێکیشی رێز لێ ناون .

لێ ئاشکرایە کە پارتیکی وەك پ ک ک و سەرۆکەکەی تەواو پێچەوانەی بارزانی ، بانگەشەی شۆرشی کوردستانیان دەکرد کە بوە هۆی ئەوەی سەدان و هەزاران لە کوردی بەشەکانی تر لە پێناوی دروشمی ئازادی و سەربەخۆیی « کە هەر لەسەرەتاوە ئەز دەزانم دروشمیکی درۆزنانەبوو » ببنە قوچی قوربانی ، چونکێ بەراستی و دلسۆزانە چونە ریزی پێشمەرگەی ئەرگەکە « لەشکری رزگاریخوازی کوردستان ! »

بەلێ ، هەزران گەنجی کوردستانی خۆرهەلات ، باشوور و خۆرئاوایی کوردستان ئازایانە و لە خۆبووردوانە خوێنی خۆیان بەکورد و کوردستان بەخشی . هەلبەتە جگە لە هەزارانی باکوریش . ئەوەتا پ ک ک و سەرۆکەکەشی نەك هەر لەو دروشمە پەژیوان بوونەوە « چونکێ بەراستی باوەریان پێی نەبووە » بەڵکو رووی راستەقینەی ئەوانیش بۆ هاووڵاتیانی کوردستان ئاشکرابوو .

لەو تاوانەدا واتە بەکوشدانی هەزاران رۆلەی کوردی کوردستانی ، تەنیا هەر پ ک ک و سەرۆکایەتییەکەی تاوانبارنین بەلکو کۆمەلیکی تریش هەن کە دەستیکی زۆر پیس و چەپەلیان لەو تاوانە گەورەدا هەبوو ، لە ریگەی دەسخەرۆکردنی ئەو لاوانەو هاندانیان بۆ ریزەکانی پ ک ک و دواتریش بەکوشدانیان ، ئەوجا دەستهەلگرتن لەئامانجەکانیان.

دواتر نەك لەبەر ئەوەی کە تازە تیگەیشتن پ ک ک ئەوەنییە کە ئەوان بۆی کەوتبوونە هەلیکەسەما بەلکو بۆپاراستنی بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆیان و بەس ، چونکێ زورناژەنینی ئەمانە لەپێناو دەستکەوت و بەرژەوەندی خۆیانە ، وەك چۆن بازی کەنغەریشیان هەربۆهەمان ئامانجە ، واتە پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان .

سەرەتا بەسەما و زورناو هەلهەلە دەکەونە گێژکردنی خەلکەکە ، دواتریش کەزانیان بەرژەوەندی گلۆلەی کەوتە لێژی و ئەو توانایەشیان نییە تاسەر هەموو خەلکەکە گێل کەن ، ئەوجا تروسنۆك ئاسا بایدەدەنەوە سەر ئامۆژگاری کردن و وانەی پیاوچاکی بۆ ئەو خەلکە دادەن . بە مەبەستی شاردنەوەی تاوانە گەورەکەیان و رێخۆشکردن بۆ لرف لێدانی چێترو پارووی چەوروتر . هەلبەتە ئەمە خۆی لەخۆیدا زەبریکی کوشندەبوو لەو هێزە کوردستانیە راستەقینە درا ، کە دەیتوانی سود لە هێز و توانای بیری کوردستانی و ورەی بەرزی

جەنگاوەریێتی ئەم لاوانە وەربگرێت.

ئەم زیانە مێژووییە ماوەیەکی یەکجار دوورودرێژی دەوێ تا جەبر دەکرێتەوە. یەکێ لەوانەی راستەوخۆ و لەهەمووکەسێك زیاتر دەستی لەو تاوانەدا بوو «بێگومان دوای پێکێکێ و سەرۆکەکەی» زورنا ژەنی بەناودەنگ مەهاباد کوردی یە.

ئەز هەر لە زویەکەوە لەم جۆرە خۆ رەپێشکردنەی مەهاباد کوردی «کە ناوێکی دروستکراوە»، کەوتمە گومان. چونکێ کەسێکی سەرە «ر» رێی رامیاری لەورگێ دابێ و بە چاکی سودی لە تاقیکردنەوەی پارتەکانی باشوور و بزاڤی رزگاریخوازی باشووروەرگرتبێت، هەرگیز ئاوا سەرەڕۆ، قسەزل، دەستخەرۆکەرو رووهەڵاڵراو نابێت.

تێناگەم ئەم کاك مەهاباد کوردییە دوای ئەم تاوانەگەورە چۆن دەتوانێ دەست بداتە پێنووس؟

ئێستە چۆن زاری هەڵدێ و دەستی پێنووس دەگرێ و دوای ئەم تاوانەگەورەیە هێشتاش لاپەڕان رەش دەکاتەوە. بەڕای من ئەم جۆرەکەسانە خوێنی مرۆڤی کوردیان لەلا لە ئاوەتەماتە هەرزانترە. ئەم جۆرە کەسایەتییە ئەگەر لە ئێستەوە رووڕەش نەکرێن، باوەڕ بکەن لە دوارۆژدا سەدی وەك سەددام و فەرخە سەددامەکانی ئێستەی کوردستان دەبەزێنن.

بە باوەڕی من، رۆژنامە و گۆڤارو بڵاوکراوە کوردییەکان دەبێ خۆیان لە نووسین و پێنووسی ئەم جۆرە تاوانبارانە بپارێزن. چونکێ ئەمانە بەڕاستی مەترسی گەورەیان بۆ دوارۆژی کورد پێوەیە. خەسڵەتی زۆرپیسیان لە دەروندایە. هەر بۆ نمونە چەند خاڵێك لەدوو نووسینی ئەم دواییەی م. کوردی دەستنیشاندەکەم، تاوەکو خوێنەرانی بەڕێز و نەوەکانی دوارۆژ ئاگاداری خۆیان بن و دەنگی زورناسەقەتە و رەنگی درۆزنی کەشیدەکەی لەدوورڕا بناسنەوە.

وا دیارە کاك مەهاباد کوردی تەختوتاراجەکەی لای پ ک ک ی هەراج کراوە و پەریدەی سەر لاپەڕی مانگنامەی هەتا و بارزان - ی «پارتۆکە و مارتۆرکان» بووە! لە نووسینێکدا لە ژێر ناونیشانی «بۆ ئەوەی باکوریش بەدەردی باشوور نەچێ» هەڵبەتە ئەو دەردەی کە پێنووسەکەی مەهاباد کوردی دەستێکی باڵای هەبوو لە تەشەنە کردن و بە تیراوەکردنی لە جەستەی کوردستاندا / نوسەر - دەنووسێ: بەر لەهەرشتێك مەبەست لەنووسینی ئەم وتارە تەنێ خەمخۆریی و بیر کردنەوەیە لە بەرژەوەندییەکانی گەلەکەمان لە باکوردا» (١)

زۆر بەجێیە! کاك م.کوردی، ئەتۆ گەر هێندە خەمخۆری بەرژەوەندی کوردوکوردستان و بەتایبەتی باکوری کوردستان بوویت، چۆن رێت

بەخۆدا ، ئەم هەموو لاپەڕانە ڕەش کەیتەوە، کەتەنیاو تەنیا پیاهەڵدانە بە پ ک ک و شانوباڵ و سەر و سمێڵی سەرۆکەکەی ، هەموولایەنەکانی تریش نەك تەنیا پارتەکانی باکور بەلکو لەسەر ئاستی تەواوی کوردستان تەنێ و تەنێ فلسێکی قەڵپ چییە ناهێنن و شتی هیچوپوچن ؟ زیادەن و پێویستە کەس گوێیان لێنەگرێت ؟ داوام لێ مەکە نمونەت بۆ بێنمەوە چونکێ بەراستی نوسینی هی وەك تۆ هی ئەوەنییە نمونەی لێ هەڵگۆزین ، ئەوەتا ئەم سی لاپەڕەی کە بۆ پێشەکی « پرسی کەسایەتیت » مۆنتاژکردووە ، بریتییە لە ڕاگوێزانی بیرو ڕای ئەم و ئەو لە نێزیکەی پەنجا سەرچاوەوە ، کەنیشانەی دەولەمەندی و زانستی ئەو کارەی تۆ نییە ، بەلکو نیشانەی بێبڕشتی جەنابتانە لەهەڵسەنگاندن. ئەو کارەی ئێوە لەوە تێپەڕناکات کە هەرچی ڕەخنە و بگرە جوێن و قسەی ناشرینە و بەپارتی‌ویەکێتی و بەرەی کوردستانی دراوە لە نووسراوەکوردیەکان مۆنتاژت کردووە. بەلام بەیەك ئامانج و بۆ تاکە مەبەستێك ئەویش ئەوەیە ؛ کە پ ک ک هەموو شتێکەو لەم و سەرۆکەکەی بەولاوە کورد هیچی تر و کەسی تری نییە و نەی‌بووەو ناشی بێ !! ئایا خەمخواری بۆ کورد و بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردمان لە باکور و سەرتاسەری کوردستان وادەبێ ؟

م . کوردی بەردەوامە :

« ئاواتە خوازم ئەم نووسینە شتێکی زۆر بچکولانەبێ لەخزمەتی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی کورد لە باکوری کوردستاندا »

کام بزاڤ ؟ کاك م.کوردی ، ئەو بزاڤەی بەپیا هەڵدانی تۆ کەسانی وەك تۆ ئاسایی بەسەر-برینتان دا ؟

کورد دەڵێ قسەم پێدەکات ؛ بزاڤی کورد بەدەست پێنووسی هی وەك ئێوە سەری چۆتە هەشێکی ڕەش ، سەیرە کە ئێوە بەخۆتان نەزانیوە و ناشی زانن ، چونکێ - بەلکو قوربانیی و کارەسات و نسکۆکانی لە ئەژمار نایەن و بەچ جۆرێکیش شایەنی بەراوردکردن نین ، لە ڕووی ژمارەو قەبارەی زەرەرو زیانەکان - کام زیان؟کاك م.کوردی ، ئەو زیانانەی لە چاوپەنای ئەو نووسین و وتارە دەستخەڕۆکارانەی کە ئێوەی بلیمەت و کوردی زانی هێژا هەڵتاندەبەست و بلاوتان دەکردەوە؟ نووسینی هی وەك ئێوەی بەڕێز بوو ، گەنجێکی دلسۆزی باشووری لە دۆزەخی برسییەتی باشوور ڕەوانەی بەهەشتی شەڕی باکوور دەکرد ! چ شەڕێك ؟ شەڕی ڕزگاری کوردوکوردستان !؟ ئایا وابوو ئەم شەڕەی پ ک ک شەڕی ئازادی و ڕزگاری کورد و کوردستانە ؟ یا شەڕی پاشگەزبوونەوە و

دەستبەردانە لە ئامانجە پیرۆزەکان ؟

نموونەی کەسانی وەک ئێوە بەداخەوە بەردەوام دووڕون ، چ لە هەڵوێست و چ لە نووسینەکانیاندا، لێرەدا بەپێویستی دەزانم ئەمە بخەمە بەرچاوی خوێنەرانی هێژا : کە کاتێ ئێمە بە گشتی و لە سەر رووپەڕی دلانپاردا کەوتینەخۆ و دەستمانکرد بە هۆشیار کردنەوەی هاووڵاتیانمان بەگشتی و باشووریش بەتایبەتی ، دوای راپەڕین و رووداوەکانی ئەو رۆژانە چونکێ چارەنوسی رۆژانی داهاتوومان لە بەرچاو بوو . ئەو کاتە وەک ئێستەی ئێوە کۆمەڵێک نووسەرو رۆشنبیری کوردی قەڵەم بە دەست ، لە پێشنیاران بەولاوە هیچی تریان رەشنەدەکردەوە ، بەلام شایەنی باسی ئەوەیە کە لە نووسین و پێشنیارەکانیشیان وەک ئێوە دوو ڕوو و دەڕوو بوون - لێرە دا نامەوێ بەسەروپۆتەلاکی ئەوانە دا بێمە خوارێ - .

بەلێ تۆش ماوەیەکە شێوازی نووسینەکانت وەک ئەوانە . نووسینەکانت سێ بەشن ، ئامۆژگاری دوای کارەسات ! رەخنەی پەنا پەردە ! بەشی سێیەمیشی هەروەک ئەوان پیاهەڵدانە بەسەر و سمێلی سەر کردە ! جیاوازی تۆ ئەوان لەوەدایە ئەوان بە چەند سەر و سمێڵێکیاندا هەڵدەگوت ، لێ ئێوە تەنیا بە یەک سەرو یەک سمێڵدا هەڵدەڵێن .

هەروەک دەنووسن :« رێبەرایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان لە باکوردا گەیوەتە رادەیەکی هەرەبڵند و بەرچاو کە مایەی شانازی و سەر بڵندییە بۆ ئێمەی کورد لە هەموو پارچە جیاجیاکانی کوردستاندا » .

با لەوە گەڕێم کە جەنابت وەک ئەوانەی خۆیان بەوەکیلی پرۆلیتاریای جیهان دادەنێن تۆشش دیارە وەکیلی جەماوەری پارچە جیاجیاکانی کوردستانی ! ئەوجا من وەک یەک تاکە کەسی ئەو جەماوەرە بۆم هەیە لێت بپرسم :« کامەیە ئاستی هەرە بڵند و بەرچاو؟ ئاستی پاشگەزبوونەوە لە دروشمی سەربەخۆیی کوردستان و دەوڵەتی سەربەخۆ ! بوون بە تورکیایی و تورکیای یەکپارچە ؟ کامە ئاست ، ئاستی ترسان لەوەی نەکا بەجیاوازخوازو بەتجزیەتەڵەبی لەقەڵەم بدرێین ؟ یا ئاستی چەندجارەی ئاوربەستی یەک لایەنە و داواکردنی مێزە حەیاتەکەی موفاوەزات؟ ئا ئەمەیە ئەو ئاستە هەرە بڵند و بەرچاوەی کە دەبێ هەموومان شانازی پێوە بکەین ؟

ئەمە روویەکی م .کوردییە ، با بزانین رووەکەی تری - کوردی .م - چییە ؟» بەلام لە هەمانکاتدا نابێ ئەزموونە تاڵوترشەکانی - تفت و تاڵمان بیستووە و ترش و شیرینمان بیستوە کە دەبێتە مزر بەلام - تاڵو ترشمان - تام نەکردوە رەنگە ئەمە یان جۆرە تامێکی تایبەت بەکەسانی دووڕوو بێ - خەباتی رابردووی کورد

مان لە بیر بچێ . . . » ئەوەشیان رووەکەی تری کوردی میمە ! ئامۆژگارییە ! ختورەی دڵە لەوەی نەکا پ ک ک ی ئاوا ئاست بڵند ، هەڵە کانی رابردوو دووبارە بکاتەوە، ئەو هەڵانەی کە پ ک ک بەزیادەوەش دووووبارەی کردنەوەو دەکاتەوە ، کە جارانی شەڕ لە دژی پارتی دواین هەڵەی دووبارە و سێ بارەکراوەی براقی رزگاریخوازی کوردستان نەبوو.

دوایی ئێوە دەبوو خۆتان پێش خەڵکی تر پەندو وانە لە ئەزمونەکانی رابردووەوەرگرن ،ئەوهەموو خەڵکەتان هاننەدابا وا سەر شێتانە بە دوای دروشمی درۆزنانەبکەون و بەکوشت بچن . ئێوە کوڕی سی ساڵەی شۆڕشی باشوور بوون ، کە هەر رۆژێکی وانەیەك و هەرساتێکی عیبرەتێکە بۆخۆی ، ئەی بۆچی پێش ئەوەی ئەم تاوانە گەورە بکەن ، هێندێ لەو دەرس وعیبرتانەتان بۆ خەڵکی و بەتایبەتی بۆسەرکردایەتییە ئاست بڵندەکەی پ ک ک دانەدەدا ؟

بەڵێ ، راستت وتوە کە نووسیوتە : « چونکە ئەو کارەسات و شکستی و مەرگەساتانەی کە بەسەر گەلەکەمان هاتوونە ئەوەندە زۆرن لە ژماردن نایەن » . بێگومان لەسایەی سەری ئێوە و کەسانی وەك ئێوە ، کێ توانای هەیە بیر لە شکست و رابردوو بکاتەوە ، کە ئێوە بەنووسین و کتابان دەرگەی هەموو جۆرە بیر کردنەوەیەکی لە رووداخەن و نمونەی بێغەلوغەشی ئاست بڵندی ئێوە کە لە هەموو هەڵەیەك بەدوورە ، ئیتر کێ دەتوانی لە بەرابەریدا بلێ لەل !

لێ دیسا من لێرەدا ئەم پرسیارە بۆخوێنەر جێدێڵم : ئەگەر کەسێك نەتوانێ سەرژمێری کارە سات و شکستییەکان بکات ، چون دەتوانێ وانە لە ئەزموونان هەڵگوزێ و فێریان بێت ؟

ئەوجار کاك م.کوردی سەری لێتێکدەچێ و دەنووسی : « داگیر کەرانی کوردستان « هەڵەی چاپە دەبێ وشەیەك ـ کوردیان ـ یا ـ گەلی کوردیان ـ لێرەدا کەوتبێ » وا لێ کردووە لە بچوکترین رووداودا دەست بۆ چەك بەرێ و ، هەتا برا لەگەڵ براش بەزەبری هێزو چەك گیرو۔ گرفتی نێوانیان چارەسەربکەن »

کاك م.کوردی ، من کە ئەم قسەیە دەنوسم مەبەستم تەنیا لە دەربڕینەکەو زمانە کوردیەکەیە دەنا باوەڕبکە کەسم پێ ئازارنادرێت . جاوەك وتم هیوادارم بەهەڵە تێم نەگەیت ، دەڵێم لەسەرئەو قسانە هەقە چوارمێخت بکێشن و حەسیر۔ مەیدانت کەن ! تۆ دەزانی چ دەڵێت ؟ هەتا دوێنێ پ ک ک بۆ ئازادی کورد و کوردستان دەستی دابووە چەك کەچی ئیمرۆ جەنابت کێشەکەت وا لێکرد کە لە بێهۆشی و فریوی داگیرکارانەوە بێ پەلاماری چەکیان دابێ . ئەی باشە کاك م. کوردی : ئەگەر دوو برا هەبوون

یەکێکیان بە تاریفی ـ کتابە نایاب و پڕ لە فۆتۆگرافەکانت ـ لە سەرووی هەموو کەم و کورتییەکەوە بوو ، ئەوەکەی دیشیان نوقمی زەلکاوی خییانەت بوو ، روونتر بۆتی شی کەمەوە ؛ یەکیان ـ پارت ـ بوو ئەوی دیان ـ پارتۆکە ـ چۆن دەکرێت گیروگرفتەکانیان بە گفتوگۆی برایانە ببڕێننەوە ؟ ئەوەشت لە بیر نەچێ کە دانەپاڵی هەموو چاکە بەلایەك و تێسوینی هەموو خراپەش لە سەری لاکەی تر ، ڕۆڵی ئەکتیف و ئاگری بنکایەیە ، هەروەك تەواوی نووسینە کانی ئێوەی بەڕێز دووپاتەی ئەم عەقلییەتە دواکەوتوەیە .

ئەو راشکاوییەی تازە ئێوە پێگەیشتوون ، کۆن بوو ، دەمێکە ئەوە وتراوە کە شۆڕش لە باشووردا ببوە تێگەیشتنێکی زۆر ساکار «سالێك سەری چیا ، دووسال کورسی شار » ئەوە راستییەك بوو منالیش باش تێیگەیشتبوو . بەلام کەسانی وەکو ئێوە ، بۆ مەرامی تایبەتی و کەسایەتی خۆیان دەستیانکردەوە بە پیاهەڵدان و بەچەك و شۆڕشی درێژخایەن و سەرلێشیواندنی جەماوەر .

ئـــەو خەسلەتانەی ئێستە وا خەریکە زەق دەبنەوە ، هەر لە سەرەتاوە بە شۆڕشەکەی باکوور و بیروبۆچوونی سەرکردەکەیەوە دیاربوون . بـــەلام ئێوە دەستان لێدابووە کولچکوکلدان و چاوتان رەش دەکرد و سمێلتان بۆ شانە دەکرد .

ئەوەتا تازە بەتازە ئێوەی بەڕێز دەنووسن :« هیوا و ئاوات و ئاستی بیرکردنەوەی رۆڵە رەش و روت و داماوەکانی گەلی کورد زۆر زۆر بەرزو پیرۆزترە بە بەراورد لەگەڵ هی سەر-کردەکانی » . ئەگەر وایە خۆ ئەم راستییە هی ئەوەنییە ئێوە ئەمڕۆ پەیپێببەن ، باوەڕم وایە لەدەمێکەوە دەیزانن ، کەچی چەند سالە تەنیاو تەنیا بە سەروسمێلی سەرۆکتان هەڵدەگوت ، ئەوەی بیرتان لێ نەدەکردەوە رەشوڕووتی کوردستان بوو . ناکا تۆش جێت لەق بووبێ بە دوای پەیڕە بەستەزمانەکەی رەش و رووتاندا بگەڕێت ؟ بەڵکو بە سەرپشتیاندا یەك دوو پێپلکەی دیش سەرکەویت . دیارە بۆت روون بووە کە پیاهەڵدان و رەشکردنی سمێلی ئاپۆ ـ پەیڕەکەی پـ ک ک ـ بێسودە .

جا کاکی بەڕێز ئێمەی هەژار ئێمەی هەشبەسەر لە سایەسەری ئێوە،سەروسەکۆتمان گەلێ ناشیرین بووە و سەروریشمان لە دووکەڵ قیراوی لێ دەتکێ ، هێندە لاواز و برسین پەراسوەکانمان دەژمێردرێن و پشتمان کەلکی ئەوەی پێوە نەماوە ئێدی کەسی تر پێی پیا بنێ ! هی ئەوەنین کورە ـ پارتی ـ وەك تۆی بە جەرگ هانامان بۆ بێنێ .

سەیر لێرەدا ئەوەیە کە هێشتاش دەنووسێ ـ سەرکردەو بنکردە ـ بەبێ ئەوەی دەستنیشانی بکەیت کێهە ـ سەرکردە ـ دژی کامە ـ بنکردە ـ

جاری شەڕیدا ؟ چونکێ بەبۆچونی
کاك م.کوردی ئاپۆ سەرکردەیە و
ئەوانەی تر بنکردە و کەمتریشن ،
ئەز لێرە هێندە لەسەر ئەو بابەتە
نارۆم چونکێ نووسەری تریش هەن
دەربارەی ئەو جۆرە بۆچونە یا
بۆچونی - حزبی گەورەو گچکە - بایی
پێویست رونیان کردۆتەوە .ئاشکراشە
کەس بەپروپاگەندە نابێتە سەرکردەو
پارت و رێکخراویش بەگەورە و گچکە
بیان ناپێورێن بەلکو بە بیر وباوەڕ
، بەرنامە و ستراتیژیەتی راست و
دروست و لە سەروی هەمووئەوانەش
بەکارو کردەوەیان لەقەپاندەدرێن .
جا نازانم بۆچی ئێوەی بەڕێز ئەو
- سەرکردە بەناوی خۆتانەوە -
ریسوا ناکەن و پەنا بۆ هەژار و
چەوساوەکان دەبەن ؟ یا راستر
بەناوی ئەوانەوە دەدوێن - ، یاخود
بەلاتانەوە ئەوەی پ ک ک و پارتی
یاری و گەمەی منالانە بوو ؟
بەلام چ گومانم لەوە دانییە دووروی
وەك تۆ دەبێ هەروا ترسنۆك بێ و
لە گوتنی راستی بتۆقێ .

بەلێ خوێنەرانی هێژا م.کوردی
بەردەوام دەبێ و دەنووسێ : « ئەو
راستییە کە تائێستە پ ک ک لەسەر
زمانی خودی سەرۆك رێکخراوەکە
چەندین جار ئاگربەس و تەقە
وەستانی راگەیاندووە بەلام هەر
هەموویان بێسودو قازانج بوونە » .

ئەمە ئەو پ ک ک یەیە
کە دەولەتی بۆکورد دادەمەزراند و
کوردستانی رزگار دەکرد ؟!
بەڕاستی هەرچەندە وا چاکە ئەوە
بلێین کە شەڕ راگرتن سودی بۆ
کورد هەیە ، وەك ئاشتیخواز ، بەلام
ئەم پرسیارە هەر وەك خۆی
دەمینێتەوە؛پ ک ک چ ئیشی بە
گفتوگۆیە ! باشە ئەوانە لە جیاتی
ئەوەی داوای گفتوگۆ بکەن ناتوانن
مەرجی تر دابنێن، بۆ نمونە ؛ شەڕ
راگرتن و کشانەوەی لەشکری تورکیا
بەبێ تەقە لەکوردستان و رێفراندومی
ئازاد ؟ بەلێ زۆرچاك دەتوانرێت ،
ئەمە چارەسەرێك و داوایەکی زۆر
رەوایە، بەلام پ ک ک ئەم پارتییە
نەبوەو نییە ، کەوا چەند سالە کاك
م.کوردی بۆی دەخولێنی، لۆم ئاسا
دمبگی بۆ نابوە ژێر هەنگل .

لە کۆتایی ئەم نووسینەدا
م.کوردی دەلێت : « پێداگرتنی ئەم
رێکخراوە بوو لەسەر سەربەخۆیی
خاکی کوردستان و ملنەدان بۆ
هەولدانە نیوەچل و نەزۆکەکان، ئەو
هەولدانانەی کە دەیانەوێ کوردستان
بکەنە پاشکۆی پێتەختی دەولەتە
داگیرکەرەکان ، بەواتایەکی دیکە
هەول و تەقەلای ئەو رێکخراوەو
پارتە بچوکانەی، کە تەنیا بەر لەیەك
دوو سالیش پێش ئێستە لە لایەن
پ ک ک خۆیەوە بە ریفۆرمیست و
ئۆتۆنۆمیخواز ناوزەد دەکران .»

بەلێ زۆر راستە ، بەلام
لەوەش نەنگتر ئەوەیە کە م.کوردی
بەوەندەش وازی لێندەهێنان و، تەنێ

بەـ پارتۆكەی ـ دادەنان و ئەوەتـا
ئێستەش هەر بەگچكەیان دادەنێ
«جا نازانم دوای ملدانە چارەسەری
نیوچل چی بە پـ كـ ك دەڵێ؟»
بێگومان ئەو تومەتانەی پـ ک ک
دەیدایە پاڵ ئەو پارتانە ئەگەرچی
راستیشن بەڵام لەپروپاگەندە بەولاوە
زیاتر شتێكی تر نەبووە و نییە . بۆ
سەلماندنی ئەو راستییە خوێنەر
دەتوانی باسەكەی كاك سەلام . ع
« پەیوەندی پـ ك ك و پد ك و یـ ن ك
كە لەژمارە ٢ ی دلانپار ١٩٩٦ دا
بلاوكراوەتەوە بخوێنێتەوە . تا لە
راستی هەڵوێستی پـ ك ك تێبگات
تەماشایەكی ئەو فۆتۆگرافە بكات كە
سەرانی پـ ك ك و یـ ن ك
دەست لە دەست دەستی یەكتریان
بەرزكردۆتەوە . بەڵام بێگومان تۆی
بلیمەت دەستێكی زۆرت هەبوو لەوە
دا ؛ بە خەڵكی بسەلمێنی پـ ك ك
وەك ئەوانی دی نییەو شتێكە جیاواز.

لەمانە هەمووی سەیرتر ئەوەیە
كە كاك م . كوردی ، ئێستە وای
بەسەرهاتووە نەك پەنا بباتە بەر
بلاوكراوەی پارتۆكەو مارتۆكان بەڵكو
هەر رۆژنامەیەك بێ گەر بەبۆچوونی
ئەو هی بنپارتۆكانیش بێت لێی
ناپونگێتەوە . راستییەكەی ئەوەیە كە
گەر یەكێك وەك تۆ باوەڕی بە
پـ ك ك و شۆڕشەكەی بووایە ،
ئەوە تەنیا یەك مافی هەبوو و بەس
، ئەویش ئەوەیە : مادام بۆ خۆت
هێندە موعجیبیان بووی ، چەكت
هەڵگرتایەو لەریزی ئەواندا بجەنگا
بایت .... بەڵام تۆ ئەوەت نەكرد
، رێوی ئاسا خەڵكێكی زۆرت بۆ
خۆ بەكوشتدان هاندا و ئێستەش وا
خەریكی دەستی بەخوێنت بشۆری.

هەر چۆنێبێ من تێناگەم بۆ
چی م . كوردی تەنیا یەخەی پارتە
كانی باشوور دەگرێت و دەنوسێ :
« لە باشووری خۆشماندا ئایا سەر
كردە « دەبو بەبۆچونی خۆی بنووسێ
ـ بنكردە » هەیە فرزەی لێوەبێت و
باس لە دەوڵەتی كوردی بكات ..»
بۆچی گوایە لە كام پارچەی تری
كوردستان وكامە سەركردەی بنكردە
دەوڵەتی كوردی بۆ دامەزراندوین ؟
لە ئێوەی بەرێز بەولاوە كێهەیە
بوێری فزەی لێوە بێت ؟ بەڵام
خۆ تۆ شوكر نەسەركردەی و نە
بنكردە ، بابەیەكی زورناژەن و ئاوان
بێنەو دەستان بشۆ !

دوای هێنانەوەی چەند
نموتەیەك م.كوردی دەنووسێ :
« بەڵام ئایا پـ ك ك بەوەها
پێشنیارێك رازی دەبوو »
م . كوردی گەرەكییەتی لێرەدا بڵێ
؛ كە گوایە ئەو لەو پێشنیارانەی
كردوون ، بەڵام چونكێ پـ ك ك
پێی رازی نەبوون « لێرەدا دەیەوێ
لە ئاستی نەستەوە ـ لاشعوری ـ
فێڵ لە خوێنەر بكات و بەسەریدا
تێپەڕێنی ، وا لە خوێنەر بگەیەنێ ،
گوایە ئەویش لە پـ ك ك زیزبووەو
لەسەرینایی ئەوەشەوەیە كە ئەم

م . كوردیەی بـە بیریدا نەدەهات سلاو و رۆژباشی پارتۆکەو مارتۆکان بکات، ئێستە نەك هەر لە بلاوکراوەی ئەوان ، بەڵکو لەبلاوکراوەی بلاوکراوە کانیشیاندا نووسین و رەخنە و پێشنـیارەکانی بلاودەکاتەوە . دوور نییە ئەمەش هەوڵدانێك بێ بەڵکوئێ ئەوە خودایە حزب وەك دڵی شقانی چاکردە وەو باوەخوندکرایەوە ئەویش لەو بارەوە شتێکی پێببرێ، بەڕاستی مردن گەلێ باشترە ، نەك ئەوجۆرە رۆشنبیری و زورنالیێدانـە .

دەبا بێن و بزانیین چی بەلای م .کوردییەوە گرنگە ؟ :

« بەلای منەوە گرنگ ئەوەیە کە کورد ،وەك گەلو نەتەوەیەکی مافخوراو و خاك دابەشکراو ، چی گەرەکە و چی دەوێت » لێرەدا تەنیا ئەز ێێژم کاك م . کوردی ؛ رای من ئەوەیە : ئەم رستانە بکەیە تورکی و لە نـامە یەکی تایبەتیدا بۆ ئاپۆی رەوانەکەیت ، دەتۆ راوەستە زراوت نـەڕژێ و روحت نەچێ ، مەترسە با قسەکەم تەواوکەم ! خۆ من دەزانـم هـەر وەلامیشت ناداتەوە ، نـامەی واش نەدەگاتە دەستی و نەکەس دەوێرێ بۆی ببات ، یا بـاسی وای لەگەڵدا بکاتەوە ، بەلام مەبەستم ئەوەیە ئەم یەك دوو لاپەڕەی کە بـە هەزاران دەردەسەری و ئەم لاو ئەولا نـاویان دەنێن رۆژنامەی کوردی لێگەڕێ با ئەو خەڵکە سودێکیان لێ ببینێ و بەوجۆرە بابەتانە داگیریان مەکە ، وەك لەوەوپێش باشووری کوردستانت بە چەند دانە کتێبێکی زۆر گرنـگ داگیرکرد !

مایەوە ئەو تکایەی لـە دواستونی نووسینەکەیدا لەرێبەران و هەڵسورێنەرانی شۆڕشەکەی باکووری دەکات ، لەو بارەوە هەر ئەوەنـدە دەڵێم کاك م .کوردی ئەو تکایەی ئێوە رێك « بەعدە خەرابوول بەسرەیە » ئەوخەرابوول بەسرەیەی کە ئێوە لە بە کوردی کردن و بە کوردستانی کردنیدا دەستێکی باڵاتان هەبوو و رۆڵێکی بەرچاوتان تێدا نواند .

راستییەکەی کاك مەهاباد کوردی کە نەپێش کاولبوونی بەسرەو نەدوای کاولبوونیشی گوێی بۆ کەس شل کردووە ، ئێستە نیگەرانە لەوەی کەس نییە گوێی بۆ شلکات ! ئەوەتا لەداخانا پەنای بردۆتە بەر رۆژنـامەی بارزان و لەوێدا نوسینێکی گرنگی لە ژێر سەردێری « کێ گوێ لە کێ دەگرێ » بلاوکردۆتەوە .

لەو نووسینەدا شەلم کوێرم بەڕاست و چەپدا هەردەتریـزێنێ . هەر لە سەرەتای ئەو نووسیـنەدا دەڵێت :« لەناو کۆمەڵگا شارستانیی و پێشکەوتووەکاندا ، هەر شتێك بەر لە دەرچون و کەوتنە بەردەستـان ، مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ و دەخرێتـە بەرتیشکی لێکۆلین و هەڵسەنگاندن، ئینجا لەدواییدا روناکی دەبینێت » .

بێگومان دیارە مەبـەستی ئەوەیە بلێت کار لەنێو کۆمەڵگە

دواکەوتووەکاندا بەپێچەوانەوەیە و
هەڕەمەکییە . کاتێکیش دەنووسێ
«کۆمەڵگەی شارستانیی و پێشکەو
تووەکان » مەبەستی ئەوەیە کۆمەڵ
گەی کوردەواری نە شارستانییە و
نە پێشکەوتوو . واتە بە گوتەی کاك
م.کوردی هەموو کورد ناشارستانی
و دواکوتووە ! ئەمەش ناماقوڵیە و.م
کوردی مافی ئەوەی نییە ئاوا بە
چاوی سوکەوە تەماشای کوردەواری
بکات . لە راستیدا ئەگەر لە نێو
کوردا ناشارستانی و دواکەوتوو هەبن
ئەوا م . کوردی و هاوزوڕنایانی ئەون.
هەر لێرەشدا بە پێویستی دەزانم لە
و شارستانییە پێشکەوتووەی کە بە
بێ سێ و دوو لێکردن کەوتووە
هەلیکەسەما بپرسم ؛ داخۆ جەنابی
تا چ رادەیەك لە شۆڕشەکەی باکوور
و بیرو باوەڕی سەرکردایەتییەکەی
ئەو شۆڕشەی کۆڵی بووەوەو هەڵی
سەنگاندبوو ؟ تا ئەوجا بێت و
راستییەکان بخاتە بەرچاوی هاوولاتیان.
دواتر دەنووسێ : « لەم نووسینەدا
زۆر خۆم لە شێوە و چۆنییەتی
هەڵسوڕاندنی کاروباری وڵات لەلایەن
حزب و رێکخراوە کوردیەکان - دیار
نییە مەبەستی حیزوبلۆکەو رێکخراوەکەیە
یا حیزبی بەراستی - هەڵناقورتێنم »
دوای کاولبونی بەسرە ، ئەم قسانە
ئەوەندەیان کەمە کە خستمە سەری
واتە « دوای کاولبوونی بەسرە » .
درێژەی دەداتێ و دەڵێت :
« دەشمەوێ ئەوە بڵێم حزبە
سەرەکی و دەسەڵات بەدەستەکانی
کوردستان نەك هەر گوێ لە کەس
ناگرن و لە زێی سیروانیش بدەن
تەڕنابن ، بگرە ئەو روبارە خوێنەش
کە بەناهەق رژاندیان و دەیرێژن ،
بشیانبات ، نەسوردەبن و نەخوێناوی»
لێرەدا ئەگەر ئەو رستە شی
کەینەوە - حیزبە سەرەکییەکانی
کوردستان » ئەوا دەڵێین پارتی و
یەکێتی ، پارتی کرێکاران و . . . .
هتد ، دەبوایە نووسەر مەبەستەکەی
بەچاکی رونبکاتەوە ، ئایا مەبەستی
باشووری کوردستانە یا کوردستان ؟
بەڵام لێرەشدا مەبەستی چاوبەست
ەکی و دووڕوویی و تەڵە نانەوەیە
، نەوەکا لە پاشەرۆژدا یەکی لێی
بێتەوەلام و رەخنەی لێبگرێت . ئەو
کاتە زوو لێی بێتەدەست و بڵێ :
ئەوەنییە رەخنەم لەهەمووان گرتووەو
نێی گوایە - حیزبە سەرەکییەکان -
مەبەستم چییە ! جگە لەوەش دیسا
ئەمە هەوڵدانێکە بۆ ئەوەی لە بیر
خوێنەری بباتەوە کە یەکێك لە
ئاگرخۆشکەرانی شەڕی نێوان حیزبە
سەرەکییەکانی کوردستان هەرخۆی
کاك م . کوردیە .
م . کوردی ئەو جارە یان
دەنووسێ :« زۆر جێگای داخە لە
سایەی سەری سەرکردان « دیارە
مەبەستی بنکردەنییە » و رێکخراوە
بە نێو کوردستانییە کان واقیعی
ئەمڕۆی کورد بمانەوێ نەمانەوێ
وای لێ هاتووە . جا خوا دەزانێ

کەنگی لەم واقیعە تاڵ وکارەساتاوییە رزگارمان دەبێ ؟.

ئەزیش لە کاك م. کوردی دەپرسم ئەری برا، رێکخراوە بە نێو کوردستانییەکان ! کێن ئێمە لە سایەی سەری تۆ و نووسینە بە نرخەکانت تەنیا یەك رێکخراوی کوردستانی دەناسین ئەویش پارتی کرێکارانی کوردستانە ! ئەوەی کە تۆ نوقلانەی رزگاری و سەر بەخۆیی کوردستانت بۆ لێدەداو ، دوایش بەهارت هێنابووە چۆکان و هاکا رزگارمان بوو. کەچی ئێستە لێمان بویە کابرایەکی غەیبی و کێشەکەت داوەتە دەست «خوادە زانێ» ! بە راستی ئەوە بۆ بە ئاشکرا قسە ناکەیت و لە کۆڵە خۆتی بکەیەوە، کورە مردن هەر مردنە لاقەژەنێی بۆ چییە ! ؟.

لەستونی دووەمدا م. کوردی دەنووسێ: « ناشمانەوی بەچ جۆری ، خوانەخواستە ، لە خەبات و بەری رەنج و ماندووبونی کەسانێکی کورد پەروەر و نیشتمانپەروەر کەم بکەینەوە و بەناچیزە و بێبایەخ ناویان بەرین ».

جا تاوانباری وەك تۆ چی ماوەنەیکات ؟ لەبەکوشتدانی ئەم هەموو گەنجە زیاتر ، دەتەوێ چی بکەیت.تۆ تازە مەترسەلەوەی خەڵکی نیشتمانپەروەر بەناچیزە بپێشانبدەیت، تۆ زۆر لەوە قارەمانتری ، تۆ گاڵتەت بەگیانی هەزاران کوردی نیشتمانپەروەر کردووە قاپیت هێشتا هەر هیشکە ! بەڵام باوەڕت بێ ئەم نەوەنوێیە هێندە ساکارنین ، ئێدی بەقسەی هی وەك ئێوە دەستخەڕۆ نابن ، ئەو سوکایەتییەی تۆ بە پارت و رێکخراوەو رۆشنبیر و سەرتاپای هاووڵاتیانی ناشارستانی و داوکەتووی کوردستانت کردووە هی ئەوەنییە هەرئاوا دەست لەیەخەت بەردەین و وازت لێ بێنین.

ئەوجا م.کوردی ئەمجارەیان بە کۆمەڵێ گەیی و گازەندەوە لێمان دێتە قسەو دەڵێت: « گوایە بۆیان گێڕاوەتەوە،کوردی هەندەران لەسەرفاتیحەش بەیەکەوە دانانیشن».

وا پێدەچێ کە کاك م.کوردی لە بیری چوبێتەوە کە خەڵکی سەر بە پارتۆکە و مارتۆکە و رێکخراو و مێکخراوی بەکرێگیراوونیشتمانفرۆش فاتیحە و نوێژیشیان بەتاڵە ، کەچی سەیرە ئێستە دەیەوێ لەگەڵ یەکتری دانیشن وفاتیحا بخوێنن و نوێژ دابەستن ؟ دوایی نازانم بۆچی هێندە خەمی ئەم شتە بچوکانەتان لەبەرە، ئێوە باوەڕتان پێتەوە بەوەی کە سەرۆك ئاپۆ هەموشتێ چارەسەر دەکات ، ئێدی بۆچ خۆتان مانوو دەکەن ؟ من بم لە جیاتی تۆ پێنووسکەشم فرێ دەدەم .

خۆش ئەوەیە م.کوردی تەنیا دانیشتن و بلاوکراوە ، سانسۆر ناکات ، بەڵکو بەرنامەکانی رادیۆو تەلەفزیۆنیش دەداتە بەرسانسۆر ، و

دەلی: «گوێگرو بینەر ماندوودەکەن» پێی وایە نووسینەکانی ئەو و زورنا ـ کەی خەڵکیان بوژاندۆتەوەو لەسایەی سێبەری وتارەکانی م.کوردیو ئەو چەند دانە کتابەی کە پـ ک ک بۆی رازاندوتەوە « بێگومان گەر پروپاگەندەنەبان بۆخودی پارتییەکەو سەرۆکەکەی هەرگیز رووناکیان نەدەدی » هەرمەپرسن کورد چەندە حەساوەیە .

یاخود دەڵێ :«خاڵێکی تر . . . گوێ نەگرتنە لە یەکتر»

لێرەدا راستورەوان بەکاک م.کوردی دەڵێم : چۆن کاکە ئاپۆت گوێ لەتۆ ناگرێت ئێمەش هەروا ، چۆن چەند ساڵێك بەرگەی ئەوت گرت ، یەکدو مانگیش بەرگەی ئەوخەڵکە بگرە ، خۆ کەعبە کەچ نابێ . یانی تۆ بڵێی رەوانی تۆ لەهی ئێمە گەورە تربێ ؟ باشە گەر تۆ ئەوەندە راستگۆی و خەمی ئەوەت لە بەرە کوردان گوێ لەیەکدی بگرن ، ئەدی چۆن لەپێشەکی « کەسایەتی . . . »دا دەنووسی « رەنگە هێندێ کەس مەرحەبای ئەم نووسینەش نەکەن »

باشە بۆ دەستت نەدەدا شتێ خەڵك مەرحەبای بکەن ؟ دوای من هەمووجارێ دەبێ ئەوەت بە بیر بێنمەوە : کە پارتۆکە و مارتۆکە چین هەتا مرۆڤ گوێیان لێ بگرێت یا خەمی ئەوەی بێ گوێی لێ بگرن یا گوێ لە کتری بگرن . دوایی تۆ هەتا گوێت تەقی زورنات بۆ پارتێك و سەرکردە یەك لێدەدا کە ئامانجی سەرەکی و مەرەکی و دەرەکی ئەوەیە : هەمووخەڵك تەنیاو تەنیا گوێگربن و بەس ، هەرچی ئاپۆوتی وەك توتی بیلێنەوە ، تۆهاوبەشی داسەپاندن و جێگیرکردنی ئەم رێگەو رێبازە بوی ، نزانم بۆچی ئێستە ئەوەندە خەم لەو خەڵکە دەخۆی کە گوێ لە یەکتری ناگرن ؟ بەراستی یەکێکی نەتناسی هەربەراستی وا زەن دەکات کە لەخەمان خەریکە دیق کەیت !

دواین تیری کاک م.کوردی ئەوەیە کە دەنووسێ : « ئەوەی لەلە بکات بەدەردی حەلاج نا بەدەردی حەلاق دەچێ » دیارە لێرەدا مەبەستی کوشتنەکەی محمەد حەلاقە . راستییەکەی ئەو دەردەی محمەد حەلاقی پێچوو هەر ئەوەنیە کە بەگوللەی یەکێتی کوژرا ، بەڵکو دەردەکە لەوەدابوو کە پـ ک ک ی کوردستانی و شۆرشگێرو دژ بەو پارتۆکەومارتۆکانە ، تەنیا بەیانێکیشی دژی « پارتۆکەو مارتۆکەی » بکوژانی شەهید محەمەد حەلاق و هاورێیانی دەرنەکرد ؟! نەك هەر ئەوەو بەس بەڵکو لە سوێدیش نەچووە سەر کۆری فاتیحەکەی . بێگومان چونکێ کۆری فاتیحەکەی « محمەد » پارتۆکەو مارتۆکە و حیزبی بچوك بچوك و خەڵکی نیشتمانپەروەری لێ دانیشت بوو ، کورە حیزبەکەی خۆیشی خۆ هەر بچوکۆلانەیە و بە پارتۆکەو مارتۆکە دەقەبلێندرێت . ئەو تیۆرەی

پارت و پارتۆکەش لە داهێنانی کاك م . کوردی و لەسەردەستی ئەو و لەنووسینەکانی ئەودا لەدایکبووە .

تا ئێرە و گەلێ شتی تریش هەن دەبوایە بخرێنە بەر نەشتەری رەخنە و لێکۆلینەوە ، بەلام من لەو باوەڕەدام کە م .کوردی هەر نووسەر نییە بەلکو نووسینەکانی بنەمای تاوانێکی گەورەیان خستۆتەوە ، بۆیە تا ئەو رۆژە دێ هاوولاتیانی کوردستان دەستیان دەگاتە ئەوەی هەموو تاوانباران دادگایی بکەن ، وەك دەلێن لێرەوە تا « مەحکمەی موئەجەل » جارێ دەست لەو نووسینە هەلدەگرم . هیوادارم لە رۆژی دادگاکردنی تاوانبارو تاوانباراندا رۆلەکانی گەل وەك لیستە و بەلگەی تاوانەکانی نێوبراو ، سودی لێ وەرگرن .

تا ئەو رۆژە دێ وابزانم ئەم نووسینە بایی ئەوەی پێوەیە زورنا کەی م .کوردی تێکو پێکبشکێنێ و کە شیدەکی پرتەقالی چاکیشە بۆ ئەوەی تاوانبار مەهاباد کوردی پێ بنا سرێتەوە .

ئەوسەرچاوانەی کەدەشێ خوێنەر بۆیان بگەڕێتەوە

- هەتاو ، ژمارە یەك ، مارتی ٩٦ لاپەڕە ٣ .
- عەبدولا ئۆجەلان ، پرسی کەسایەتی لەکوردستاندا ، تایبەتمەندیەکانی خەباتگێڕی شۆڕشگێڕ و ژیانی پارتی ، وەرگێڕان و پێشەکی ، مەهباد کوردی ١٩٩٢ .
- بارزان ، ژمارە ٢١ ، فێبریوەری ١٩٩٦ ، لاپەڕە ٤ « کێ گوێ لە کێ دەگرێ » .

## سەرنج

خوێنەرانی بەرێز ، لە هەر بابەتێکدا کە بەپێنووسی من نووسرابێ و، باسی مستەفا بارزانی تێدا هاتبێتە گۆڕێ لە روانگەیەکی تەواو تایبەتییەوە بووە .چونکێ من لە نێوان ، پارتی دیمۆکراتی کوردستان لەسەردەمی خودێ لێ خۆش بوو مستەفا بارزانی و پارتی وەك ( قیادە موە قەتە- دوایی - پ د ک - دواتر- پ د ک / یەکگرتوو) هێلێکی سوری پان دەبینم ، بەدووقۆناغی جیاوازیان دادەنێم .دوابەدوای بلاوبوونەوەی « جاش و باش » کە نووسینێکی بەندەیە دەربارەی کتابەکەی (پێنج کاتژمێر لەگەل برایم ئەحمەد )داو لە ژمارەی یەکی دلانپار ١٩٩٦دا بلاوکراوەتەوە،وام بیستەوە کە ئەندامان یا لایەنگرانی پارتی بابەتەکەیان کۆپیکردووە و بە نێو خەلکی دا بلاویان کردۆتەوە وەك پڕوپاگەندە لە دژی نەیارانی ئیمرۆیان؛ واتە یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەکاریان هێناوە !! ئەوانەی ئەم کارەیان کردووە ، سەربە پارتی بن یا نا ، پارتی پێشاگاداربێ یا نا ، ئەوا تەنێ خزمەتی دوژمنانی کوردو کوردستان دەکەن . ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ناهەقییەکی زۆریان بەرامبەر بەگوڤارێکی کوردی و نووسەرێکی کورد کردووە ، کەبەڕاستی گەر بەلگەنامەی تەواوم بەردەست بایە ، مافی پاراستنی بلاوکردنەوەم بەکاردێناو لە دادگەدا شکاتم لێدەکردن . بەلام ئێستە ئەوەندەیان بەسە کە هەر کوردێکی دلسۆز ئەم جۆرە کەسانە لەخانەی بەکرێگیراو و فیتنەبازو شەرەنگێزان دا ، جێ بکاتەوە .

ر . محێدین / سوێد

ئیرەجی یوسفی

# تابلۆکانی هونەرمەندی هەشتا ساڵە ، پەیامی فەلسەفە دەدەن !

هەواڵنامەی کتێب

## ژیان و رووداوەکان

عەزیز سەلیم ئەحمەدی هونەرمەند لە گوندی وەیسێی سەر بە پارێزگای سلێمانی کە کەوتۆتە باشووری کوردستان ، لە ساڵی ١٩١٧ لە دایکبوە ، و هەر ئەم گوندەش بۆتە کەرەستەی داهێنانی هونەرمەند . دوای چاوکردنەوەی لەناو سروشتی پڕجوانی کوردستاندا ، زۆری نەبردوە پێی ناوەتە دنیای ئەوینی هونەری نیگارکێشانەوەو لە سەرەتا رەژی « رەوژوو ، خەڵوز » پێنووسی بۆ وێنە کێشان لە سەر دیواری ماڵەکانی گوندەکەیان بەکار- هێناوە . بەڵام کاتێك عەلی هاتفی کازمی ، کە مامۆستایەکی تایبەتی خۆی بووە ، فێری بەکارهێنانی کاغەز و پێنووسی دەکات ، دەست دەکات بە خۆراهێنان لەسەر وێنە- کێشان بە پێنووسی رەنگاورەنگ و لە سەر کاغەز .

کاتێ هونەرمەند تەمەنی دەگاتە تافی لاوی و دوای تەواوکردنی خوێندن لە فێرگەکانی ناوچەکە ، دەست بە خوێندنی باڵا دەکات لە

کۆلێژی پزشکی زانکۆی بەغدا . بەڵام هونەرمەند ، وەکوو گەلێك خوێندکاری کورد بە بەهانەی جۆراو-جۆر و پاڵەپەستوی رژێمی بەغدا لە خوێندن بێبەش دەکرێت .باوك و چوار برا گەورەی هونەرمەند لەسەر کارکردن دژی رژێمی بەغدا ، لەساڵی ١٩٣٦دا لە سێدارە دەدرێن . ئاوا ژیانی دەربەدەری و خۆشاردنەوەو پــر دەردە سەری هونـەرمەند دەست پێدەکات .

هونەرمەند خۆشی چەند جارێـك کەوتۆتە بەر هێرشی رەشـەکوژی رژێمی بەغدا . یەکەم جار لە ساڵی ١٩٧٩ دا بو، کە خۆی بریندارکرا و « عایشە رەسولی »هاوسەریشی گیانی لەدەستدا . دواجار لە ساڵی١٩٨٦دا کەوتەوە بەر هێرشی رەشەکوژانە و ئەم جارەیان کۆرپەیەکی شـەش ساڵانەی گیانی بەخت کرد .

عەزیز سەلیم یەکێکە لـەو هونـەرمـەندانـەی ، کە لــە رووی ناودەوڵـەتییەوە زۆر ناسراون .تـا ئێستە ئەو پێشەنگە هاوبەش و تایبەتیانەی ، کە لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان بە تابلـۆکانی هونەرمەند رازاونەتەوە خۆیان لە٣٩و پێشانگە دەدەن .دواترینیان ئەوانـەن ، کە لە شاری تامپێرێ و هێلسنکی وڵاتی فینلاند کراونەتەوە . کـارە هونەرییەکانی هونەرمەند زیاتر لە ٦٥٠٠ تابلـۆ دەبن .نێزیکەی شـەست تابلۆی ئۆریژینال و شەست دانـەی کۆپیشی لەگەڵ خۆیدا هێناوە بۆ فینلەند ،کە ئۆرژینـاڵـەکانیان ئێستا لە موزەخانەکانی جیهاندان . هونەر مەند نێزیکەی ٩٠٠ سلایدی لە کارەهونەریەکانی خۆی کۆکردۆتەوە.

مۆسکۆ ، پاریس ، روما ، تیبلیس ، پراگ ، ئەمستەردام ، فرانکفۆرت ، مێونیخ ، زیورێخ ، ڤێیننا ، سۆفیا ، واشـنـتـۆن ، نیۆیۆرك ، ئـۆتاوا ، ریۆدیجانـیـرۆ ، ویلمینـگتـۆن ، تەورێز ، باکۆ ، مەغریب ، تونس ، بەیرووت ، قاهیرە ، عەدەن و بەغدا و چەندین شاری تریش ، ئەو شارانەن ، کە لە موزەخانەکانیانـدا کارەکانی هونەرمەند هەنە . هەروەها هێندێك لە کارەکانی لە ناو کۆکراوەکانی هونەردۆستانی ناوخـۆی عێراق و ئەوروپیەکانی ، وەك دیگۆل ، میسیـۆ رێنیـە و میسۆ کۆشنەر لە فەرەنسا ، هەروەها ماریا بەیوم گارتنەر لــە سوێسرە و کۆلبەنکیان لە لەندەن دا دانراوە .

**بە شداربوون و تێکۆشانی رامیاریانە** . ژیانی هونەرمەند تەنها بە وێنـە کێشانەوە بەند نەبووە ، بەڵکو لە بزوتنەوە رامیاریەکانی کوردستاندا چالاکانە بەشداری کردوە و یەکێك بووە لە دامەزرێنـەرانی پارتی هیوا « لەساڵی ١٣٦ دا » .

هەروەها لە ساڵی ١٩٤٥دا ، بەشداری لە بەڕێوەبەرایەتی کۆماری مەهابادیش دا کردوە .

بەو پێیە رامیاریش یەکێك بووە لەو شتانەی ، کە هەر لە سەرەتاوە هونەرمەند هۆگری بوە . زوڵم و زۆر لە سەر گەلی کورد لە تابلۆکانی هونەرمەندا رەنگیانداوەتەوە . لەم بارەوە هونەرمەند دەڵێ : « من تابلۆکانم هەمووی لەسەر گەلی کوردە . چونکە من ئێش و ئازاری ئەوانەم لە نێزیکەوە دیوە و ئاگاداری رەنجدەری و هەژاری ئەوانم . بۆیە تەواوی تابلۆکانم لە رەنجی گەلەکەم دەدوێن ، لە هەموو بارەکانەوە . من لام وایە ناوەرۆکی تابلۆکانم لە هەموو بارێکەوەو لە هەر لایەکی کوردستانەوە شتی بە خووە گرتووە . هونەرمەند ئەو بەشە هەرە هۆشیارەیە کە ناتوانێ لە ژیانی کۆمەڵایەتی خۆی بەدوور بگرێت . چونکە کوردستان کراوەتە چوارچێوەیەکی گەمارۆدراوی بێ بەزەییانە شێوێندراو ، ئازارەکەی تەنهاو تەنها لە پێنووسی هۆزانڤان و هونەرمەندانی دوور لە دەربار دەردەکەوێ ، بۆیە ئەم هونەرمەندە بەرزەش « ئەنفال »ەکان و ئازاری « ئەنفال » کراوەکان دەکاتە نەخشی سەر تابلۆکانی .

عەزیز سەلیمی هونەرمەند دەڵێ : من هەوڵم داوە لە تابلۆکانمدا چارەسەری کێشەکان بکەم و مافی ئەو گەلە بسەلمێنم ، کە تا ئێستا وەکوو مرۆڤ ژیانیان پێی رەوا نەبینیوە . ئەم گەلە مافی مرۆڤایەتی و نەتەوایەتی هەیە . لە تابلۆکانمدا ئەوە نیشاندەدەم ، کە دەگەڵ ئێمە چۆن دەجوڵێنەوەو چۆنمان دەچەوسێننەوە . هەروەها ئەوەش دێنمەروو ، کە ئێمە چۆن دەتوانین مافی خۆمان وەربگرین .

عەزیز سەلیمی هونەرمەند درێژە بە وتەکانی دەداو دەڵێ « لەروانگەی ناودەوڵەتیشەوە توانیومە بڵاوی بکەمەوە ، کە ئێمەش مرۆڤین و گەلێکین وەك هەموو گەلانی دی . لە لایەکەوە زیاتر لە ٣٧ ملیۆن مرۆڤین ، کە بەردەوام دەمان کوژن و دەمان بڕن ، لە لایەکیشەوە گەلێکین خاوەنی هەموو جۆرە پێناسەیەکی نەتەوایەتی ، زمان و کولتوور و مێژووی کۆنمان هەیە . بەو پێیە مافی ئەوەمان هەیە ، کە داوای مافی خۆمان بکەین » .

ئەوەی داخە لەسەر دڵی عەزیز سەلیمی هونەرمەند ، و هەموو مرۆڤە خاوەن هەست و مرۆڤدۆستەکان چەقۆی بە خوێنی کوردێکی شەقاوەی فریو خواردوی بێ بەزەیی یە ، کە لە کەنار برینی سەر دڵی لاشەی کوردێکی برسی کەوتۆتە ناو خۆڵ . ئەو برینە داستان ئاسا

کۆنە، کە هەتا جارێك بە مەرهەمی دەستی پیرەژنێکی پاکدامان چەور دەکرێت، سەدان جار بە دەستی جاش و دز و جەردەدەکولێتەوە و پرخوێ دەکرێت. ئەم شانۆیەیەی لەگەڵ لە دایکبونمان دا دروست کراوە و لەوەتی هەین و بەبیرمانە بێ ژمار دوبارە نیشانمان دەدرێتەوە. ئەوە تاوانێکە پەردەی دڵی هەموو کوردێکی روشاندوە، هەموو منالێکی کوردی تاساندوە. دەبێ تاوانبارانی چۆن شەق نەبەن!؟

- لەناوچەی ئێمەدا دۆلێك هەیە ناوی « دۆڵ پەمۆیە ». ئەو ناوەی بۆیە بەسەردابراوە، چونکە کابرایەك، کە پەمۆی کریوە لێفەی لێ دروستکات، کابرایەکی تر لەم دۆڵە دەیکوژێ و پەمۆکەی لێ دەدزێت. ئاوا ناویان لەم دۆڵە نا دۆڵ پەمۆ. بەڵام من نازانم لە نێوان هاوینە هەواری پیرمام « سەلاحەدین » و هەولێر هەزاران مرۆڤ کوژرا، هەزاران منال و ژن کوژران، بەینی کەسنەزان و بەینی هەولێر تۆپباران دەکرێت، گوللە تۆپ بەمالی خەڵکی دا دەتەقێتەوە. نازانم ناوی ئەوانە بنێین چی؟!! عەزیز سەلیمی هونەرمەند دەردی پەنگخواردوی ناو دڵی ئاوا بەیان دەکات.

عەزیز سەلیمی هونەرمەند هەستی بەوە کردووە. کە لە ناو کوردا دەستەی جۆراوجۆر هەن و بۆ بەرگری کردن لە خەباتی رەوای گەلی کورد دروست کراون. چونکە لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا داگیرکەران باش دەیانزانی، کە رۆشنبیری لە ناو گەلی کورد دا بەو رادەیە گەیشتوە، کە خۆی رێکبخات و هێزی بەرەنگاری دروستکات، بۆیە داگیرکەران دەبوایە دەست پێشکەری بکەن و بەدەستی خۆیان رێکخراو بۆ کورد دروستکەن، پێش ئەوەی گەلی کورد وەکارەکەی خۆی رابگات. بۆئەوەی لە پۆپەی سەرکەوتن دا تێکی بشکێنن و ورەی نەهێڵن. ئەوەش بە دووشتی سەرەکی دەسەلمێندرێت؛ یەکیان ئەوەیە، کە خەڵکی کورد جاران باوەڕی بە رێکخراوەکانی خۆی دەکرد. چونکە کێ دەیتوانی لەو سەرەتایانەدا ئەو پارت و رێکخراوانە وا باش بناسێ، وەك ئەوانەی ئێستا خۆیان دەرخستوە. بەو شێوەیەش روونە، کە کاتێك گەل پاڵی وە رێکخراو یان پارتێکی کۆیی دا هەلی ئەوەی نامێنێ، کە رێکخراوێکی بەرەنگاری راستەقینە دروست بکات. دووەمیان؛ ئەو بەرداشانە، جا چ دوو بن یا سێ، دانراون، کە هەتا کورد مابێ و خوێنی کورد مابێ، بەخوێنی کورد

بگەڕێن و بۆ تاهەتایە سوێندەکەی «خالیدی کوڕی وەلید» بێننە دی. ئەگەر واش نەبوایە شەڕی براکوژییان نەدەکرد !

ئەوەی لە سایەی ئەم ڕێکخراو و پارتە قەڵپانە لەم سەردەمەدا، لە ناو دڵ و سایکۆلۆژیەتی گەلی کورد دا رووی داوە ، کە رووخانی دڵ و دەروون و سایکۆلۆژیەتی ئەم گەلەیە ، شتێکە زۆر ترسناک . ئێستا گەلی کورد باوەڕی خۆی لە دەست داوە . کوردەکان زۆر ئاسانتر لە جاران واز لە ناسنامەی نەتەوایەتی یان دێنن .

- دووبەرەکایەتی و پارتایەتی و مرۆڤ کوشتن لە پێناوی پارتێکدا هەمان فاشیەتە ، کە سەددام دەیکرد . کورد چ سەددام بی کوژێت چ کوردێکی تر بی کوژێت هەر وەك یەکە . شۆڕشکردن واتا ئاڵوگۆڕ پێکهێنان . شۆڕشکردن بەو واتایە نی یە ، کە تاودەیە چەك و کورد بکوژی . ئەو پارتانە نەیانتوانی و نەشیان ویست ئالتەرناتیڤ بن . بۆیە نەشیانویست بەرنامەیەکی ئابوری گونجاو بۆ کوردستان دارێژن . عەزیز سەلیم بەم جۆرە رەخنە دەگرێت .

لە بواری ئەم باسەدا عەزیز سەلیمی هونەرمەند چارەسەری کێشە رامیاریەکانی کوردستان بە ئاسان نازانێت . چونکە ئەو پێی وایە ، کە گەلی کورد گەلێکی رۆشنبیر نیە و سادە و ساکارە . دوژمنان وایان لێکردووە ، کە ئەم گەلە هەروا بمینێتەوە . بۆ ئەوەی ئاسانتر بچەوسێتەوە . بۆ ئەمەش عەزیز سەلیم بەداخەوەیە . ئەو پێشبینی ئەوە دەکات ، کە ئەو پارتانەی هەن کارێکیان کردووە کورد باوەڕی بە هیچ نەمابێت . ئەوەش خۆی لە خۆی دا لەمپەرێکە و سەرهەڵدانێکی تر لە دوارۆژدا یەکجار سەختودژوار دەکات.

بۆیەش عەزیز سەلیم دێتە سەر ئەو رایەی، کە مادام گەلی کورد متمانە بە هیچ و بە کەس ناکات ، چارە هەر ئەوەیە ، کە لە ناو ئەم پارتانەدا ئاڵوگۆڕ پێك بێت و پارتەکان بکەونە بەردەستی کەسانێك ، کە بەراستی کورد بن و خاوەن ویژدانی کوردایەتی بن ، بۆ ئەوەی یەکبگرن و دان بە هەڵە و تاوانەکانیان دابنێن . چونکە تا پارتەکان لە ژێر رکێفی ئەو کەسانەدا بن ، کە تا ئێستا گەلی کورد لە خوێنی خۆیدا دەگەوزێنن ، هێزی ئەوەشیان دەبێ ، جولانەوەی راستەقینەی کوردایەتی ، هەر کە سەری هەڵدا یا بە نیازی سەر- هەڵدان بوو ، سەرکوتی کەن .

ئەو دەڵێ : من دەتوانم ئەو ئازارانەش بێنمە روو . من چۆن توانیومە ئازاری بە کۆمەڵ کوژراوە- کان نیشانبدەم ، ئاواش دەتوانم ئازاری برینی چەقۆی کوردێك لە

لەشی کوردێکی تردا نیشانبدەم .
ئەمڕۆ کورد وەکو قـاز ڕەنگ کراوە . ئێمـە یەك ڕەنگین ، بەڵام بۆئەوەی بمان ناسنەوە ڕەنگاو ڕەنگیان کردوین . یەکمان قازی ماڵی فڵانەکەس و ئەوەی تر هی فیسارە کەس ، بەڵێ کوردیش بە مەرەدی ڕەوە قازی ڕەنگکراو چوە ؛ یەکیان هی فارسەکانە ، ئەوەدی هی عەرەبانە ..... سێیەمیش هی تورکەکانە ... !؟

**ڕێبازی هونەری .** عەزیز سەلیم ئەحمەد ، خاوەن ڕێبازێکی هونەری تایبەتی خۆیەتی . ئەم ڕێبازە لە ڕێبازی هونەرمەندانی تر جیای دەکاتەوە و پێناسەیەکی تایبەتیی دەداتێ .

ـ دیارە کە ڕێبازی هونەری من ڕێبازێکی جیاوازە لە ڕێبازی هونەرمەندانی تر . ئەوەش بۆ نموونە لە ئەڵمانیا سەلمێندراوەو دەشکرێ بەکورتی بڵێم : هەر هونەرمەندێك لاسایی هونەرمەندانی تر نەکاتەوەو ڕێگەیەکی تازە بگرێتەبەر و کارەکانی هێزی هونەرییان تێدا بێت و بکرێ لێیان بکۆڵرێتەوە، بەخاوەن ڕێبازێکی تازە دادەنرێت .
عەزیزسەلیم لەکاتی بەکارهێنانی پێڕەنگ و لەکاتی بەکارهێنانی ڕووبەری کەڤاڵیش لە هونەرمەندانی تر جیادەکرێتەوە . ئەو پارچە پەڕەی کە لەکاتی کارکردن لەسەر تابلۆیەکی تازە ڕەنگەکانی لەسەر دەگرێتەوە «مەبەست ئەو کاغەزەیە کە وەك «بالێترە» بەکاردێت» ، تابلۆیەکی تری لێ دەردەچێت . ئەو نایەوێ چەند پەڕێك لەدەستبدات ، بەڵکو لەوکاتەدا کە ڕووپەڕێك دادەنێت بۆ ئەوەی بیکا بە تابلۆ ، ئەوە لەبیرناکا ، کە لە جێگەی ڕەنگەکانیش تابلۆیەکی تر بخوڵقێنێ . ئەوەش تەنها لـە دەست ئەو دێ .
هونەرمەند دەڵێ ، دەکرێ دوو هونەرمەند سەربەدنیای کلاسیك بن ، بەڵام لەهەمان کاتیشدا هەریەکەو خاوەنی ڕێبازی تایبەتی خۆی بێت . چونکە ڕێبازی تایبەتی هونەرمەندان بە چەند شێوەی تریش لێك جیا دەکرێنەوە . وەکوو جۆری بەکارهێنانی پێڕەنگ «پەڕەموچ ، چەقۆ» یا جۆری بەکارهێنانی ڕەنگەکان و دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان ڕەنگەکاندا . ئەوانەهەموویان هۆکاری دروست کردنی ڕێبازی تایبەتی و پێناسەی هونەری هونەرمەندانن .

**فەلسەفەو ڕامان**
لەچەند تابلۆیەکی هونەرمەندا هەرلەچۆنیەتی دەستپێکردنی ژیانەوە تاکوو ئێستاو مەترسیەکانی لەسەر لەناوچوونی سروشت و مرۆڤایەتی بەڕونی خۆدە نوێنێ . هەر ئەوەشە وای کردوە ، کە کارەکانی هونەرمەند

خۆیان بگەیەننە ئاستێکی ناو-
دەوڵەتی و لە بەرگێکی فەلسەفی
راست و دروستدا ژیواری کوردستان
بگەیەننە بەرچاوی خەڵکی دنیا .

- من زۆر بیری فەلسەفی لە
تابلۆکانمدا دێنمە روو . یەکێك لەوانە
رەت کردنەوەی تیۆری داروینە ،
داروین لای وایە ، کە مرۆڤ لە
مەیمونەوە هاتوە . بەڵام من پێم وایە
ئەو بۆچوونە راست نی یە . چونکە
ئێمە زۆر مەیمونی جۆراوجۆر
دەبینین . هەر یەکەو شێوەیەکی
تایبەتی و جیاوازی هەیە . هیچیشیان
خاوەنی کۆمپیوتەرو کەرەسەی ئیش
نین . عەزیز سەلیم بە خەندەوە وتی .
ئەو لەسەر ئەم بیرو رایەیە ، کە
بونەوەران سەرچاوە لە خانە-وە
دەگرن و مرۆڤیش هەروا ، نەك لە
مەیمون . ئەو پێی وایە مرۆڤ هەر
لە سەرەتاوە جیاوازی هەبووە و
پێناسەیەکی تایبەتی خۆی هەبووە .
جا با سەد هەزار ساڵ لەمەوبەر
کوێزانی نەبووبێت ریشی پێ بتاشێ
یا لەشی دانەپۆشراو و کولکن بووبێت .
ئەوەی گرنگە ئەوەیە ، کە زۆر زوو
لە ئاژەڵەکانی تر جیابۆتەوە و زۆر
خێراتریش بەرەوپێشەوە چووە .

- ئەگەر لە روی زانستی یەوە بۆی
بچین ، لەو کاتەوە کە زەوی
دەورانی گرتوە ، بۆمان دەردەکەوێت
کە لە ئەنجامی کارکردە شیمی و
فیزیەکانی تیشکی رۆژ و گەرمی
ناوخۆی زەوی ، خانەی زیندووی
جۆراوجۆر لە سەر زەوی دروست
بوون و هەر جۆرە خانەیەکیش
بەهۆی بەکتریای جۆراوجۆر دەوری
لەسەر پێکهێنانی شتێکی تایبەتیدا
هەبووە . مرۆڤ و جۆرەکانی ئاژەڵ ،
جۆرەکانی روەك و گژوگیا ... هتد ،
هەر یەك بۆ پێکهاتنی سودی لە
کارکردی جۆرە باکتریایەك وەرگرتووە .
بۆیە دەبێ بوترێ خانە سەرچاوەی
بوونەوەران ، مەیمون و مرۆڤیشە ،
نەك بڵێی مەیمون پێکهێنەری
مرۆڤە . عەزیز سەلیم وتی .

ئەو شتە فەلسەفیانەی ، کە عەزیز
سەلیمی هونەرمەند بەهۆی تابلۆکانی
یەوە دەیانهێنێتە روو زۆر فرەوانن ،
بابەتەکان هەم کۆمەڵایەتی و هەمیش
سەر بە سروشتن . چۆنیەتی ژیان و
بزوتنەوەی ژیان و رەنگدانەوەکان ،
هەر یەك بەسەرهاتێکی فەلسەفین .

- مرۆڤ لە روی کۆمەڵایەتی یەوە ،
بە هەڵسوکەوت و جوڵانەوە و بیر
کردنەوەی جۆراوجۆر ئاشنا بووە .
ئەگەر هەموو ئەمانەش کۆبکەینەوە ،
دەبینین بە یەك سەرچاوەی فەلسەفی
یەوە بەندن ئەویش فەلسەفەی
ژیانە . فەلسەفەی ژیان بە شێوە و
وێنەی جۆراوجۆر خۆی نواندوە .
واتا هەرجێگایەك ، هەر بیروباوەڕێك
، هەر رەنگێك بە شێوەیەك ژیانی

رازاندۆتەوە . عەزیز سەلیم وتی .
ئەولای وایە مرۆڤ دوو ئینستێنکت (غەریزە)ی هەیە. ئینستێنکتی ئاژەڵانەو ئینستێنکتی مرۆڤانە. خۆشەویستی، ئەوین و دۆستایەتی و... لای ئەو ئینستێنکتی مرۆڤانەن، رك، کینە، کوشتوکوشتار، چەوساندنەوە و ژێر دەستەکردن دەچنەوە سەر ئینستێنکتی ئاژەڵانە. بۆیەش «ئاشتی، ئەوین، ژیان»ی کردووە بە هاوکێشەی ژیانی خۆی .

**پەنابەری و ژیانی فینلاندی**

عەزیز سەلیمی هونەرمەند لە ٩ی ٣ی ١٩٩٥ـەوە دەستی پێکردووە. لەوەوپێش هونەرمەند زۆر جار سەردانی دەرەوەی کردووە، وڵاتە ئەوروپییەکان گەڕاوە. بەڵام ئەم جارەیان رووی کردۆتە فینلاند و گەڕانەوەش بۆکوردستان بەو زوانە بە هەلومەرجێکی رەخساو نازانێت .

ـ من یەك کەڕەت نا دوو کەڕەت نا، زۆرکەڕەت هاتوومەتە دەرەوەو تەواوی ئەوروپام دیوە. لە70کانیشدا سەردانێکی ئەوناوەمکرد، زۆرجاریش بەبۆنەی پێشانگەو ئیش وکاری ئاواوە هاتومەتە دەرەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە گەڕاومەتەوە وڵاتی خۆم. نەم ویستوە مەیدان چۆڵ کەم یا گەلەکەم جێبهێڵم و پشتی تێکەم و تەنگ و چەڵەمەکانی لە بیر بکەم. سەرەڕای ئەو هەموو بریندار بوون و دیلی و رەشەکوژکران و ... هتد، زۆر بەداخەوە، لەکۆتاییدا «براکوژی» ناچاری کردم وڵاتەکەم جێبهێڵم. نامەوێ ئەم راستیە بشارمەوە، کە براکوژی لە رووی سایکۆلۆژی یەوە لاوازی کردم، تێکی شکاندم .

لەگەڵ ئەوەشدا عەزیز سەلیمی هونەرمەند، هەروا کوردستانی جێنەهیشتوە، بەڵکو دوای نارەزایی دەربڕین و رەخنەگرتن لە شەڕکەران هاتووە بۆ دەرەوەو فینلەندی کردوە بە مەنزڵی ئەمجارەی . بەڵام ئەو دەڵێ: ئەوە مانای پشت دەکوردستان کردن نیە، بەڵکو دیسانیش، وەکوو هونەرمەندێکی کورد بەشدارم لە بەرەوپێش بردنی رەورەوەی گەلەکەم. هەروەها هەوڵیش دەدەم بەتوندی داکۆکی لە مافی گەلەکەم بکەم. ئاواش بەدنیا رابگەیێنم .

دوا وتەی هونەرمەند ئەوەیە : کە گەلی کورد پێویستی بە مرۆڤی رزگارکەر هەیە. هەر مرۆڤێکیش کە بە نیازێکی پاکەوە بیەوێ گەلی کورد رزگاربکات، دەبێ خۆی بکات بەپردێك کە گەلی کورد بتوانێ بێ ترس بەسەریدا بپەڕێتەوە. گەلی کوردیش دەبێ پشت بەخۆی ببەستێت. هونەرمەند تکا دەکات لە گەل، کە باوەڕی بە خۆی بە هێزبێ .

# هه یاسه له ئه ورستان چباسه ؟

تەسبیحەکەی خڕاندو وتی :
ــ دەنگوباس چییە ! هەولێر لە دەست کێیە ؟ چارەنوسی کەسنەزان چی بەسەرهاتەوە ؟
برادەرێك وتی :
ــ خارە هەیاس دیارە ئاگات لە دنیا نیە و لە گوێی گادا نوستوی !
یەکێکی تر هەڵدایێ وتی :
ــ بەخودای برا غەشیمی تۆ وا لە خارە هەیاسی دەگەیت ؟
ــ بۆ کاکی برا پێتوایە خارە هەیاس ئسیۆشێدتپرێسە یا رۆیتەرە ، یاخود پەیوەندی راستەخۆی بە کوردستانەوە هەیە ؟
برادەرێك وەڵامیداوە :
ــ لەوەش خراپتر ، کوڕینە باوەڕبکەن هەر کە چاوی لێکنان ، ئێدی وەك فلیمی سینەما چی لەوێ و دەوروبەرەکەی رودەدا ئەو لێرەوە دەبینێ ، جاری وایە پێشبینیشی دەکات ! لە بیرتانە ئەو ساڵە لە مەسەلەی دەنکە خورماکە چی وت ؟
ــ ئەشدو باوکم راست دەکەیت . ئەوەتا بەچاوی خۆمان دیتمان و بەو گوێیانە شمان بیستماێ
ــ ئەدی باشە کەواتە ئەو پرسیارەی لەچی !
ــ کوڕە هەی غەشیمی کەربەلا ! ئەوە بەکوردی دەڵێن تامی زارمان دەکات بزانێ چیمان پێیە ، تا ئەوەی نەمان بیستوە لێرە هەری رێژێ !
خارە هەیاس قومێکی چایە ئاوبیوکرد و وتی :
ــ دەبەخوا وانیە ، هیچی نوێم پێ نیە ! هەر ئەوەیە کە بیستوتانە !
ــ دواترین هەواڵی ئێمە بیستومانە ، قسەکانی خانم چیلەر بوو . . . .
برادەرێك مۆڵەتی نەداو وتی :
ــ مەسەلەی سێ ملوێن تورکمانەکە !
ــ ئێ دەبەخودای منیش لەوەم زیاتر پێ نیە ! بەلام کوڕینە ئەنگۆ دەزانن ، بۆچی لەو سی چل ملیۆن کوردە قەت یەکی نەهاتە وەلام ، ئەو قسەیەی بە درۆ نەخستەوە !
ــ وەلاهی خارە هەیاس خۆ راستدەکەیت ، باشە دەبێ حیکمەت لەوەدا چیبێ ، خۆ چیلەرخان قسەکەی بەدزییەوە نەکرد و بە بەرچاوی نوێنەرانی کوردو ئاژانسەکانی دەنگوباسی جیهانییەوە قسەکەی هاویشت ؟
ــ وەلا بابم وابوو ! بەلام دەبێ حیکمەتێکی تێدابێ کە نە نوێنەرانی کورد و نە یەك تاقە کورد چییە وەلامیان نەدایەوە !

— راستە ، ئەزیش دەمەوێ بزانم کێهەتان لەو حیکمەتە گەیشتوون ؟

— جا خارە هەیاس ئەگەر ئێمە سەرەدەریمان لە حیکمەتان کردبا لێرە دانەدەنیشتین !

— خارە هەیاس رێ هەیە قسەکی بکەم ؟

— وای بەسەرچاوان ، فەرموو !

— خوا عالیمە چەندی لە حاڵوباری خۆمان رادەمێنم مێشکم وەستاوەو بتی بتی ئیش ناکات ! توخودا ئەگەر هێندە پێچوپەنای بدێیەی راستەو راست نەیڵێی ، ئەما با ئەوەیان حیکمەت نەبێ و مەتەڵ بێت ، بەڵکو تۆزێ مێشکمانی پێوە خەریکدەکەین و پشویەکی پێدەدەین !

— ئەوجا بەخودای خۆ هەر وایە ، مەتەڵیش هەیە حیکمەتی تێدایە و ، حیکمەتیش هەیە وەك مەتەڵ وایە ! لۆیە من وای تێدەگەم ئەوبێدەنگییە هی ئەوەیە ! کە خانم چیلەر لە قسەکانیدا باسی تورك - مان - ی کرد ، نوێنەرانی کوردیش هەمووی خۆ بەپیاو دەزانن و رازی نین خۆیان بیەخنە ریزی تورك - ومەن ( ژنە تورك - یا - تورکەژن ) !

- بەخودێ ئەمە راست مەتەڵە ! بەلام حیکمەتەکەی چییە ؟

— ئافەرین ، حیکمەتەکەی لەوەیدایە کوردی هەژار و قوڕبەسەر وەك ئەوانەی نوێنەرایەتی دەکەن زمانزان و بەوەج نییە ! دەنا لە خۆیەوە و بێپرسی ، نوێنەرانی ، دەمی لە دەمی چیلەر نەدەنا و هاواری نەدەکردێ ؛ پلاخ ، یەسەن ! مینستەر خانم !!

# DLANPAR


Cultural Magazine Publish in Sorany ( Southern Kurdistan ) .By - Kurdistan National Peace & Solidarity Committee .
Editorial Board - Rahbar Jala . K. Husen . Sozan Hama Zard . Sirwan Sorani . Sherko Koyy . Mustafa Amo . Rebaz Muhedin . Hawre Akram
T : 30 80 45 Fax : 77 47 42 00
Address : KNPSC - P .O . Box 5 3 3
00 101 H e l s i n k i - F I N L A N D
Bank No : KNPSCP -- S P S
( 8 0 0 0 2 4 -- 1 2 8 5 5 7 1 9 ) Helsinki
In This issu -- No : 3 & 4 , 1996

E. Board
23 Candles on the 10 th anniversary of Dlanpar .
Rahbar Jalaa - Visible and Invisible .
Afrasiaw Hawrami - The dramatic series of evenvts of the Eastern - Kurdistan .
Jamal Nebez- My exiled days in Switzerland
Muzafar PrtawMah -Why do you hate Islam?
Rebaz Muhedin - Oh , from the sound of Zurna , Ai , from the colour of Kashida ! #
Iraj Ysfi -The peintings of the 80 th years old artist convey the message of philosophy .
Hayasi Khas - Hayas , tell us what´s the news in Eurostan ?

1 , Cover - Koyy . 2,Cover - Oily painting by The Kurdish painter , Aziz Salim .
# Zurna ,a kurrdish folh musical instrument.

Meery Christmass
Happy New year
With Our Best Wishes !
K.N.P.S.C.

سالی نۆیتان پیرۆزبێت



هەواڵنامەی کتێب